# ئەخۆڵ



## لەنێوان ئەدەب و هونەردا

ئامادەکردنی

مەریوان قەفتان

سلێمانی

- ناوی کتێب :       (( ئەخۆڵ )) لە نێوان ئەدەب و هونەردا
- بابەت :              ئەدەبی کوردی - لێکۆڵینەوە
- ئامادەکردنی :    مەریوان قەفتان
- تایپ ودیزاین :    نـامۆ قەفتان
- دیزاینی بەرگ :    هونەر عوسمان
- وێنەی شاعیران و گۆرانیبێژان : هونەرمەند ڕێبوار خالید
- سەرپەرشتیاری چاپ : مەریوان قەفتان
- تیراژ : ٥٠٠ دانە
- چاپخانە : ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
- نۆبەتی چاپ : یەکەم چاپ

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی ( ١٠١٩ ) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

پـڕۆژەی قەفتـان

لە بڵاوکراوەکانی:

**پڕۆژەی قەفتان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە - (٥)**

٨٩١,٥٩٧١٠٧٢

ق ٤٣٢ مەریوان قەفتـان

ئەخۆل لە نێوان ئەدەب و هونەردا/ ئامادەکردنی مەریوان قەفتان . ـ چ ١. ـ

سلێمانی ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ٢٠١٩

٢١٦ ل ١٧ سم X ٢٤ سم

١. ئەدەبی کوردی - لێکۆڵینـەوە

أ. ناونیشـان

ئەخۆڵ لە چاپی دووەمی دیوانەکەیدا وا دەفەرمویَت :

**پێشکەش**

**بەوانەی فرمێسکی شین و شادی لە چاویانا قەتیس ماوە ....**

**ئەخۆڵ**

# پێشەکی

**مەریوان قەفتان**



کاتێك کاری ئامادەکردن و سەرپەرشتی لە چاپدانی چاپی چوارەمی دیوانی ئەخۆلم گرتە ئەستۆ و پاش چاوپیاخشاندن و تاوتوێکردنی چاپی یەکەم (پەیمان و شیوەن ١٩٧٠) وچاپی دووەم ( دیوانی ئەخۆل ١٩٨٤) و چاپی سێهەم (دیوانی ئەخۆل ٢٠٠٠ ) دەرکەوت چاپی یەکەم و دووەم سەرجەمی شیعرەکان لەخۆ ناگرێت بەلاّم چاپی سێهەم (( کە لەلایەن کۆچکردوو خاتوو "پەری خان"ی کچی ئەخۆل و بە هاوکاری بەڕێز "کاك ئەحمەد حسێن" لە سالّی ٢٠٠٠ چاپکرابوو )) سەرجەمی شیعرەکان و چەندەها نووسین و لێکۆڵینەوەی بەسوود و دوکۆمێنت و وێنە لە خۆدەگرێت، بە باشمان زانی ئەمجارەیان تەنها شیعرەکان بۆ چاپی چوارەم بلاّوبکەینەوە و هەرچی نووسین و لێکۆڵینەوەی چاپی سێیەم و نووسینی تر لەسەر ئەخۆلی شاعیر هەیە لە کتێبێکی جیادا بلاّوی بکەینەوە، وە لەبەر ئەوەی چەند هۆنراوەیەکی ناسك و پاراوی ئەخۆل ئاوازی بۆ دانراوە و کراوە بە گۆرانی لەلایەن هونەرمەندانەوە، بڕیارمان دا وەك نرخاندنێك، ناوی ئاواز دانەران و گۆرانیبێژان و نۆتەی ئاوازەکان لەم کتێبەدا زیادبکەین.

بۆ ئەم مەبەستە و پاش گفتوگۆ و ڕاوەرگرتنی بەڕێزان کاك کامەران کوڕی ئەخۆلی شاعیر و مامۆستا ئەحمەد حسێنی خەمخۆری شاعیر پێشنیارەکەمیان پەسەندکرد و کتێبەکە لەسەر پێشنیاری کاك ئەحمەد حسێن ناونرا (( ئەخۆل لە نێوان ئەدەب و هونەردا )) ، وێڕای چەندین هەوڵ و پرسیار و ئاگانامە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (٦٠٢) و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی بۆ کۆکردنەوەی نووسین یا هەربابەتێك لەسەر ئەخۆل بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبەکە، هیچ بابەتێکمان بەدەست نەگەیشت جگە لە نووسینەکانی ناو سێیەم چاپی دیوانەکە و چەند کورتە باسێك لەسەر ئەخۆل لە گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆشنبیری نوێ و ڕۆژی کوردستان و ڕۆژنامەی ئاوێنە و ئەم نووسینانەی تر لەسەر

"ئەخۆڵ"  کە بە سوپاسەوە لە لایەن مامۆستا ئەحمەد حسێنەوە خرایە بەردەستمان "شایەنی باسە کاک ئەحمەد حسێن کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆری ئەخۆڵی شاعیرە" و بە ڕێز و سوپاسەوە هاوکارێکی سەرەکیم بوو:

١. کورتەیەك لەسەر ئەخۆڵ و شیعرەکانی/ مێژووی ئەدەبی کوردی/ د.مارف خەزنەدار.
٢. کەشکۆڵی گیو/ کۆکردنەوەی گیوی موکریانی.
٣. مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی / مارف ناسراو – ساڵی ٢٠٠٠
٤. نووسینێکی بەڕێز ئەحمەد حسین بەناوی (ئەخۆڵ  شاعیری ئەوین و ئازادی).

- وە چاوپێکەوتنێکی "ئەخۆڵ" لەسەر کاسێتێکی ڤیدیۆیی لە "ئەرشیفی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد" لە سلێمانی.
- هەروەها چەند وێنەیەکی ئەخۆڵ لە لایەن کاک "کامەران" کوڕی ئەخۆڵی شاعیرەوە.

گفتوگۆ لەسەر چاپی چوارەمی دیوانی ئەخۆڵ هاوینی ساڵی ٢٠١٧



کامەران ئەخۆڵ          ئەحمەد حسێن          مەریوان قەفتان

# ووتەیەك

**ئەخۆڵ** وەك شاعیرێكی هەڵقوڵاو لە ناو كۆمەڵانی خەڵك و كەسێك كە خۆی، خۆی پێگەیاندووە، لە زۆر ڕوویانەوە تایبەتمەندێكی تایبەت بە خۆی هەیە، كە لە ناو شاعیرانی كلاسیكی كوردیی‌دا نابیندرێ و لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆشی‌دا جیاوازێكی زۆری هەیە. ئەخۆل وەك بۆ خۆی باسی لێوەدەكا، كەسێكی خوێندەوار و پێگەیشتووی جیهانی خوێندن بە لای مامۆستایەكەوە لە خوێندن و خوێندنەوەدا ڕانەهاتوو، بەڵكو زۆرتر پەروەردەی دەستی كەسایەتیی مەزنی ئەو سەردەمە زانا و فەیلەسوفی مەزن مامۆستای نەمر حاجی تۆفیق پیرەمێرد بووە، بە هۆی كاركردن لە ڕۆژنامەی " ژیـن "دا چاوی بە گەلێك ووتار و نووسینەكانی نووسەرانی ئەو ڕۆژنامەیە كەوتووە و مێشكی خۆی بە خوێندنەوەیان زاخاو داوە . ئەوەیە دەبینین شێعرەكانیشی زۆر لە ووشەی قورسی ئەدەبی و كینایە و ئیستیعارەوە دوورن، بە زمانێكی زۆر سادە و ساكار باس لە ژیانی خۆی دەكا و دەڵێ : كە چاوم كردەوە ڕوانیم بە دەوری خۆم و دنیادا چلۆن خۆم دی لە لافاو و شەپۆل و گوژمی دەریادا؟ چ لافاوێك سەراسەر پڕ لە ناسۆر و لە ناكامیی لە ئەشكەنجە و كلۆڵیی و نەگبەتیی پڕ بوو لە سەرسامیی نە باوكێك بوو، دەسم بگرێ و بە ڕێگەی ڕاستییـا بم با لە ژێر سایەی جگەر سۆزیی و حەنانیی دا بە خێوم كا نە كۆشی گەرمی دایكێك، وەكو دایكی هەڤاڵانم كە تیایا بسرەوم ساتێك، پشوویەك بێتە بەر گیانم .... ئەوا ئێستاش كە ئەم بینی، كەوا زیندووم و هەر ماوم بەڵام مردم لە تافی لاوییا و هێشتا نە نێژراوم مرۆڤ دەبێ چەند سەختی كێشـا بێ، چەند بە دەست ژیان و دابینكردنی بژێوییەوە خۆی ماندوو كردبێ، هەستی ناسک و دەروونی پڕ لە ناسۆری چەند بەم هۆیەوە كزەی لێ‌هاتبێ، كە لە باوەشی گەرمی دایك و سێبەری بەزەیی و پەروەردەیی باوك خۆی بە هەناسەسارد و بێبەش دی بێ؟ كە لە پارچە شێعرێكی تردا درێژە بەم هەستە ناخۆشەی خۆی دەدا و دەڵێ : لە سایەی عەشقەوە خۆم دەربەدەر خۆم هەمیشە زار و گریـان قوڕ بە سەر خۆم ... وەكو بولبول لە ناو گۆشەی قەفەس دا ئەسیرم، بێ گوڵ و شاخ و سەحەر خۆم لە بەر غەم خواردنم، خوردم نەماوە بە بێ یارم، شەكەر عەینی زەهـر خۆم ... وەكو دێوانە بێ بەرگ و نەوا خۆم وەكو قومری خوا بێ باڵ و پەڕ خۆم. ئەم شاعیرە دڵ ناسک و هەستەی خۆشی لە خۆ نەدیوە، بە پێچەوانەی ژیانی پڕ لە كوێرەوەریی و تاڵیی خۆی، شێعرەكانی ڕەنگدانەوەی هەست و بیر و بیچمی جوانییە، هەر ئەوەشە شێعرەكانی زۆر بە ساكاری داڕشتووە، لەگەڵ نەوا و مۆسیقای كوردیی‌دا خۆی دۆزیوەتەوە و گەلێك لە هونەرمەندانی دەنگ زەنوێری كوردستان

شێعرەکانی ئەخۆل یان کردووە بە بەشی سەرەکی گۆرانییەکانی خۆیان و چڕیویانە . ئەخۆل لە هیچیەك لە بابەتەکانی شێعریی دا بەرامبەر بە شاعیرانی سەردەم یا پێش خۆی کەمی نەهێنـاوە، لە هەموو بوارەکانی شێعریی دا : غەزەل، چەکامە، چوارخشتەکی، پێنج خشتەکی و... دەستێکی باڵای بووە و ئەسپی خۆی لەو گۆڕەپانەدا تاوداوە. وەك شاعیرێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر، بیری بەلای نەتەوە و نیشتمانەکەوە بووە، لە یادی شەهیداندا دەڵێ :گەردوون چیت نەکرد بە کوردی هەژار چی مـا بێ نەیکەی کەچڕەو و ڕەفتـار کام شاخ و کام دەشت، کام لوتکە و سەریاڵ گڵگۆنت نەکرد بە خوێنی کورد ئاڵ ... کام ڕۆڵە و کیژ و ژنی بێچارە نەت کرد بێ بـاوان، نەت کرد ئـاوارە ئینجا بە شینی چوار ڕۆڵە، چوار لاو عیزەت و قودسی، خێرۆڵڵا و خۆشناو خوێنی ووشکبووت پێگەشانەوە خەمی دوژمنت پێ ڕەوانەوە .... هەرگیز کۆڵ نادەین: بۆ ڕۆژی شـادیی هەتـا هەڵنەکەین ئاڵای ئازادیی ئەوسا بانگ ئەکەین پڕ بەم دنیایە پڕ بەم شاخانە و چۆڵ و چیایە ئای چەند بەرزییە لە ڕێی میللەتا پێ لە زنجیر و گەردن لە پەتا ، ئەخۆل لە چەکامەی " سکاڵا لە گەڵ بولبول "دا کە چەکامەیەکە زۆر جوان دارێژراوە و زۆر مامۆستایانە پەسنی بەهاری کوردستان دەدا، دەڵێ : بەهارە بولبول، بولبول بەهارە سەرەتای ناڵەی سەودایی زارە وەرە بناڵێین بە جووت لە شەودا ئێمەی شەو بێدار، بێخەم لە خەودا ...دەشت و کێو هەمووی بە گوڵ خەمڵیوە بەرگی بووکێنی تازە پۆشیوە ... پۆڕ بە گەناسە و قومری بە ئاواز بوون بە دوو یاری هاودەم و هاوڕاز ... تاکو ئەچینە باوەش دایکی خاك بە ئاهی سارد و بە دڵی خەمناك بپاڕێینەوە لای تاکە خوامان بەڵکو بێتە بەر گوڵی هیوامان ئەخۆل لە پارچە شێعرێكدا، کە وەك وەسییەت " پێسپێـریی " ووتوویەتی، ئاواتەخواز بە خاکی ڕێگای یار واتە نیشتمان لە ناو گۆڕا دەمم پڕکەن و دەڵێ ... : بە خاکی گۆڕەکەم سوێندتـان ئەدەم ئـەی هەمنشینـانم لەگەڵ تابووتەکەم سەف سەف بـە مەحزوونی بتان بینم وەسییەت بێ، لە سەیوانا بچن تەسلیم بە خاکم کەن بە تاوی زولفی لەیلایێ، بدورن کفنی ڕەنگینم لە ناو قەبرا دەمم پـڕکەن، لە خاکی ڕێگەکەی یارم نەوەك ئاسمان بسووتێنێ، هەناسەی جەرگی خوێنینم بڵێن: بەو واعیزەی یاران کە تەڵقینی منی دادا بە نـاوی لەیلـەوە توخوا بخوێنن ویرد و تەڵقینم.

**سە پـان کوردی**

**( عبدالحمید حسێنی )**

# ژياننــامه

## پێشـەكی - چاپی دووەمی دیوانی ئەخۆل ساڵی ١٩٨٤

**نووسينی: ئەخۆڵ**



لەســەر داخــوازی زۆر كــەس لەمــەوپێش و ئێســتا ئــەم كورتــە باســە دەربارەی ژيان و بەسەرهاتی خۆمەوە دەنووسم.

١. ناوم (ئەحمەد) باوكم (دەروێش) باپیرم (عەبدوڵڵایە) ، ناوبـانگم ئەخۆلە، لە ساڵی ١٩١١ی زاينی لە سلێمانی لە گـەڕەكی دەرگـەزێن لـە ناوچەی سەرگوڵ هاتومەتە دنياوە، كە لە دايك بووم بە ساوايی بـاوكم و دايكم و خێزانەكەمان لە جياتی ئەحمەد پێيان وتـوم (ئـەحۆل) وە هـەر لـەو كاتـەدا ئامۆزايـەكم بووە زمانی گرتووە، بەڵام زمـانی بـاش نەپـژاوە بڵـێ (ئـەحۆل) پێـی وتـوم (ئـەخۆل) ئـيتر لـەو كاتەوە لە ناو خێزان وخزمان و گەڕەكدا هەر بە **"ئەخۆل"** ناويان بردووم هەتا ئێستا.

٢. پلەی خوێندەواريم

پايەی خوێندەواريم بە داخەوە زۆر كەمە چونكە ئەو كاتەی من گەيشتومە تەمـەنی خوێنـدن پاش جەنگی يەكەمی جيهانی بوو، وە گرانی و پەشێوی لـە سـلێمانيدا هـەبوو، وە قوتابخانـەش نەبوو لەلای مامۆستايەكی نـاوخۆيی، حـوجرە هـەبوو تـوانيم قورئـانی پـيرۆز بخـوێنم ئينجا كـە لەشكری ئينگليز هاتە سلێمانيەوە قوتابخانەيەك بە ناوی (نمونەی سـەعادەت) كرايـەوە، چـومە ئەو قوتابخانەيە و لەوێ مامەوە هەتا پۆلی يەكەمم تەواو كرد.

ئينجا شۆڕشـی شـێخ مـەحمود و بۆمبـارانی بەسـەرداهات و قوتابخانەكـە نـەما، هـەتا شـێخ مـەحمود حوكمی كەوتە دەست ، ئەوكاتە دوو قوتابخانە كرايەوە يەكێكيان بە نـاوی (مـەحمودی) و ئـەوی تريـان بە ناوی (قـادری)، من چومە قوتابخانەی (قـادری) هەتا گەيشتمە پۆلی سێ ديسان سلێمانی كەوتـە ژێـر بۆمبارانێكی زۆرەوە قوتابخانە نەما خۆشم ماوەيەك چـووم بـۆ بەغـداد ، كـە هاتمـەوە لـە پـۆلی سـێ وە دەستم پێكردەوە هەتا چومە پۆلی پێنجەم ، لە پێش نيوەی ساڵدا لەبەر هۆيەك كـە نـابێ لێـرەدا باسـی كەم وازم لە خوێندن هێنا ، وەهێشتا لـە تەمـەنی منداڵيـدا بـووم هـەوڵم دا بـۆ ئـيش كـردن تـا لـە ڕۆژی ١٩٢٩/٩/٢ دا لە چاپخانەی شارەوانی لە سلێمانی ئەو كاتـە ڕۆژنامـەی (ژيـن و ژيـان) ی دەرئـەكرد ، چوار ساڵ و نيو لەوێ مامەوە هەتا ٣١ / ٣ / ١٩٣٤ ، كە چاپخانەكە داخرا هەر لەو سـاڵەدا بـووم بـە نووسەر لە دادگـا هەتـا ساڵی ١٩٧٠ خانەنشين بووم.

بـەڵام بەڕاسـتی ئـەو ماوەیـەی لـە چـاپخانەکە ئیشـم ئـەکرد زۆرم پـێ خـۆش بـوو وە ئـەو ماوەیـە (پیرەمێرد)ی نەمر هەرچەند کاربەدەست و لێپرسراوم بوو بەڵام ئەرکی دەرهێنانی ئـەو دوو ڕۆژنامەیـەی زۆر لەسەر شان بوو بە تایبەتی هەر لەو ماوەیەدا بـوو کـە (پەنـدی پێشـینان و ڕۆحـی مەولـەوی ) و زۆر هۆنراوە و نووسینی تری بە نـرخ لـە ڕۆژنامەکانـدا بـڵاو ئـەکردەوە لـەوە سـودم وەرگـرت جگـە لـەوەش هۆنراوە و نووسینی زۆر ئەهات بۆ چـاپخانەکە نـەك هـەر لـەناو عێـراق بـەڵکو لـە زۆر شـوێنی دەرەوەی عێراقدا هۆنراوە و پەخشان و نووسینی تریش ئەهات هەموویم ئەخوێنـدەوە جگـە لەمانـەش پەیوەنـدیم هەبوو بە بنەماڵەی شێخانی ناوچـەی بیـارەوە کـە لـەم بنەماڵەیـەدا شـاعیر و نووسـەری لێ هەڵکـەوتبوو وەك مامۆستا محەمەد عەلی «مەدهۆش» لە دیوانی ( یانەی دڵان ) دا باسی کردووە لـەو بنەماڵەیـە مـن و محەمەد ئەحمەد تەها «کامەران موکری» کە برامە و خاڵی جوانەمەرگم «مەلا سەعدی» بەشدار بووین.

ئینجا ئەو ماوەیە کە لە چاپخانە بـووم ئەمانـە هانیانـدام وەك هـەوێنێك چـووە خوێنمـەوە کـە بتوانم هەندێ هۆنراوە پێشکەش بکەم هەر بەو هۆیەوە زۆر لە شاعیرانی هاوچەرخ زۆریانم ناسی، بەڵام زۆرتری کۆبونەوە لە کۆڕی شیعردا لەگەڵ هەندێ لە شاعیر و نووسـەردا وەك (شـێخ نـوری شێخ ساڵح و فایەق بێکەس و شێخ سەلام و گۆران و ئیبراهیم ئەحمەد و ڕەمزی قەزاز ) بووە.

وە هەر لەو کاتەوە توانیم بەشداری ڕۆژنامەی (ژین ، ژیان، گۆڤـاری گەلاوێـژ و ڕۆژی نـوێ) بکـەم تـا لـە ساڵی ١٩٧٠ دا توانیم یەکەم دیوانم پێشکەش بکەم بە ناوی ( پەیمـان و شیوەن ) ەوە بڵاوکرایەوە.

٣. خۆم دانی پیا ئەنێم کە هەندێ لەو هۆنراوانە کە لە ساڵانی ١٩٣٠ بەرەو ژورتـر نووسیومە ئێستەش شێوەی هاوچەرخ و پێش هاوچەرخمە .. بـۆ نمونـە هەنـدێکیان وەك (مەحوی، نالی، حەمدی، کەمالی، سەلام، بێکەس، شـێخ نـوری) و زۆری تـر بـەم شـێوەیە هۆنراوەیـان دانـاوە، نـەك هـەر بـە هونـەر بـەڵکو بـە هونـەرێکی گـەورە دانـراوە کـە هۆنراوەکانیان تێکەڵن لە وشەی عەرەب و فارس و هـەتا تـورکیش. ئینجـا ئەگـەر کـەم و کوڕی تیادابێ منیش پەیڕەوی ئەوانم کردووە، وە هیوام وایە خوێنـەرانیش بـەو چـاوەوە سەیری بکەن ئەگەر ناتەواویەکیشی تیادابێ چاوپۆشـی لێ بکـەن و بـە دڵێکـی فراوانـەوە ئامادەم بۆ ڕەخنە و لێکۆڵینەوە.

**ئیتر سوپـاس**

# ئەخـۆلی بـاوك و هـاوڕێ

## چاپی سێیـەمی دیوانی ئەخۆل سـاڵی ٢٠٠٠

**پـەری ئەخۆل**



خوێنەری بەڕێز و هێـژا ، ئەخۆل لەگەڵ ئەوەی کە شاعیرێکی پایەبەرزی سەردەمی خۆی بوو لەهەمان کاتدا باوکێکی دڵسۆز و هاوڕێیەکی شیرین بوو لە ناو خێزانەکەی دا ، هەمیشە دەستی سۆز و خۆشەویستی بە سەرمانا ئەهێنا لەسەر بناغەیەکی پڕ هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی و ڕەوشتی بەرز و دڵپاکی ئێمەی ڕۆڵەکانی پەروەردە کردووە ، مرۆڤێکی ڕاستگۆ و تێگەیشـتوو بـوو ڕاگرێکـی پتـەو بـوو بـۆ خێزانەکـەی لەبـەر ئـەوەی لـە تەمـەنی هـەرزەکاری دا ژیانێکی سەختو دژواری بەسەر بردبوو بۆیە خۆی کردبووە دەوارێك و ئێمـەی لـەژێر سـایەی دا کۆکردبوەوە. ئەخۆلی باوك کەسێکی جوامێر و قسـەخۆش بـوو سەرگوزوشـتە و بـاس و خواسـی زۆر لەلا بوو، زۆر کات لەدەوری کۆ ئەبوینەوە و گوێمان لە قسە خۆشەکانی ئـەگرت وە سـودی تەواومان لێ ئەبینی، زۆر خۆشەویست بوو لە لای خوشك و برا و کەس و هاورێکانی، ئەتوانم بڵێم لە ژیانیدا دڵی کەسی لێ نەڕەنجاوە.

بەڵێ سۆزی خۆشەویستی باوك فرزەنێتی سۆزێکی دەرونی یە هـیچ هێزێك نـی یـە بەرهەڵسـتی بکات بۆیە مردنی ئەخۆل کۆستێکی گران بوو بۆمان. دیمەنی مردن دیمـەنێکی سـامناك و پـڕ لـە ئێشە بە تایبەتی کاتێك ئەبینی باوەش ئەکات بە خۆشەویسترین کەستا و لێت ئەفرێنێ.

[1]. ئەخۆل ئەو باوکە بوو کە تەنانەت لە دوا ساتەکانی ژیانی دا بە دەم ئەو ئێش و ئـازارەوە هیـوای ئایندە لە گەرووبەوە دەر ئەپەڕی بۆیە دوا سۆزی خۆشەویستی کەهەفتەیەك بەر لـە ماڵئـاوایی کـردن بۆ ڕۆڵەکانی بەجێهێشت ئەم پارچە شیعرەی لای خوارەوەیە کە دوا دیاری بوو لە ژیانی دا :

**ڕۆڵـەکانم فرمێسك بڕێـژن لەسـەر تەرمەکـەم**
**فرمێســـکی منـــیش هـــەر بـــۆ ئێوەیـــە**
**تـــاکو لـــەو دنیـــا بـــە یـــەك ئەگەینـــەوە**
**تـــەنها فرمێســـکێك لـــە دڵ و چـــاومایە**
**خـــاوەنی خـــۆی هەیـــە ئـــەویش خودایـــە**

بەڵێ ئەخۆڵی باوك کاتژمێر ٧,٣٠ ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٩/ ٦/ ١٩٨٨ زاینی بەرامبەر ٧ ی پوشپەڕی ساڵی ٢٦٨٨ ی کوردی دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بەرەو سەیوان بەڕێ کرا و بووە میوانی هەمیشەیی خاکە شیرینەکەی کوردستان .. هەزاران هەزار سڵاو لە گیانی پاکی ئەخۆل و گشت ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە ژیانی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ خزمەت بە ئەدەب و هونەری کوردی.

٢. بەهرەی شیعر نووسینی ئەخۆڵی شاعیر لە ٢٠ ساڵی یەوە دەستی پێ کردوە، ئەویش بە هۆی باری ناهەمواری ژیانی یەوە بووە کە هەر لە منداڵی یەوە بێ باوك بووە و باوکی لە شەڕی سەفەر بەلك دا شەهیدکراوە، لەلای مامەکانی پەروەردە بووە ، ئەو شیعرانەی لەساڵانی ١٩٣٠ – ١٩٣١ – ١٩٣٢ کەوا لەم بەرگەدا بێ دەستکاری بڵاومان کردۆتەوە شێوەی ئەو سەردەمەی پێوە دیارە و زۆربەی شیعرەکانی لە ناخی ئەوین و هەستی یەوە هەڵقوڵاون وەك ئەم نمونەیەی کە پێش چاوتانی ئەخەین:

**بە نەوعێ عاشقی ڕووتم خەریکە ڕوو لە سەحراکەم**
**وەکو دەروێش و دێوانـــە بە جارێ تەرکی دنیاکەم**

ئەخۆل وێڕای ئەوەی کە پلەی خوێندەواری کەم بووە بەڵام شارەزایی تەواوی لە زمانەکانی (عەرەبی و فارسی و تورکی) دا هەبوو تەنانەت هەندێ جاریش شیعری فارسی ئەگۆڕی یە سەر زمانی کوردی و یان لەگەڵ شیعرێکی کوردیدا وەك پێویست تێکەڵی ئەکردن ئێمە لێرەدا نمونەیەکی شیعری وەرگێڕاوی فارسیتان ئەخەینە بەرچاو بۆ زیاتر پەرەپێدانی باسەکەمان:

**این چرخ چو کاسی است نگون افادە**
**در وی همـــه زیرکـــان زبـــون افتـــادە**
**در دوســـتی شیشـــه و ســـاغر نگریـــد**
**لـــب برلـــب و در میانـــه خـــون افتـــادە**

**ئەم چەرخە وەکو کاسەیەکی قڵپە ســـەرەو خوار**
**کەوتون لە بنی دا بە زەبونی هەمـــوو هوشـــیار**
**تێ فکرە لە خۆشەویســـتی مینـا و پیاڵـــەش**
**خوێنیان کە لەسەر لێوی یەکە و خوێن لە سەر زار**

ئەخۆڵی شاعیر جگە لە نووسینی شیعری ئەوین، شیعری شیوەنیشی بۆ شاعیران و گەورە پیاوانی

کورد نووسیوەو زۆر بە ئاواتەوە بووە کە ئالآی کوردستان هەڵکرێ و هەمیشە شـەکاوەبێ ئـەوەتا لەم دوو چوارینەیەدا دوا نیازی دڵی دەر خستووە:

**لەو شوێنەی ڕێك کەوت ئالآی کورد هەڵکەن**
**شـایەد ئـەو جێیـە سـەخت بــــوو ڕەقــەن**
**بــێن ســـەرم بـــەرن بـــە خوێناوەکــــــــەم**
**بیخوێننـــەوە جێگـــای بـــۆ خۆشـــــــکەن**
**خـــۆ ئەگـــەر چـــووبمە ڕیـــزی مـــردووان**
**هەڵکـــەنن گـــۆڕم لـــە گـــردی ســـەیوان**
**بـــە ئێســـکی لەشـــی پـــڕ لـــە ژانـــی گـــەل**
**هەڵکـــەنن جێگـــای ئـــالآی کوردســـتان**

٣. هەندێ ڕوون کردنەوە دەربارەی بنەماڵەی ئەخۆل

لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ دا لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١١٤ لـە ژێـر نـاو نیشـانی (فەرامەرزی زەنگەنە پاڵەوانی دوانزە سوارەی مەریوان) لە بڵاوکردنەوەی غەفور مـیرزا کـەریم و لە نووسینی خوالێخۆشبوو ئەنوەری مەلا حەمە ئاغا کە ئامۆزای ئـەخۆلی شـاعیرە وەرم گرتـووە کە لە سەر بنەماڵەکەیان نووسیویەتی لە ساڵی (١٩٧٣ – ١٩٧٤) کە ئەمە دەقەکەیەتی :

شاعیر ناوی ئەحمەدە کوڕی دەروێش کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی برایم ئاغا کوڕی حەسـەن ئاغـا کـە ناوی فەرامـەرزی زەنگەنـە دەرچـووە ئـەویش واتـا ( حەسـەن ئاغـا )، یـەکێك بـووە لـە دوانـزە سوارەی مەریوان ئەمە لە باوکەوە.

لە دایکیشەوە خوشکەزای مەلا سەعدی یە ، ئەخۆلی شاعیر لە خێزانێکی کورد پـەروەرو شاعیر و شیعر دۆست بووە ، لە ڕۆژگاری ژیانیدا زۆر ناهەمواری و ئازاری چەشتووە، بەهۆی باری سیاسی براکانی یەوە ( نوری شێردڵ و کامەران موکری ) کە ژیانیان هـەر بـە دیلـی و ئەشکەنجەچەشتنەوە بردۆتە سەر، لە پێناو ئەم خاکەدا خۆیان بەخت کردووە و هەمیشە بە دڵێکی پڕ لە ئومێدی سەربەستی بۆ گەلی کوردەوە درێژەیان بە خەباتی خۆیان داوە تا دوا ڕۆژی تەمەنیان ، بەڵام سەد داخ ئەم ئازادی و سەربەستی یـەیان بـە چـاوی خۆیـان نـەدی. ئـەخۆلی شـاعیر وێـرای نووسـینی شـیعر و پەخشـان و ئـەدەبیات ، بـەهرەی خۆشنووسـی (خطاط) شی هەبووە.

٤. له ١٣ / ١٠/ ١٩٨٣ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ساز کرا لەلایەن خوالیخۆشبوو کاکەی فەللاح و بەڕێز جەمال غەمبار و پرسیاریان لەبارەی هەندێ لە شیعرەکانیان لێ کرد.

٥. له ١٥ / ٨ / ١٩٨٨ کۆڕێکی ڕێز لێنانی بۆ گیرا بە هۆی تێپەڕبوونی چل ڕۆژ بەسەر کۆچی دوایی دا ، یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هۆڵی ڕۆشنبیری بۆ ساز کراو شایانی باسە چەندەها شاعیر و ئەدیب و نووسەر بەشدارییان لەم کۆڕەدا کرد.

٦. له ٢٢ / ٧ / ١٩٩٣ لە هۆڵی ڕۆشنبیری بە هاوکاری بنەماڵەی ئەخۆل شەشەمین کۆڕی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی بۆ ساز کرا .

٧. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ دا بەڕێز کاك ئەحمەد حسێن ئەحمەد لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلی لەسەر شیعرەکانی ئەوجای دیوانی ئەخۆل نووسیوە ، لەم دواییانەدا لە ژمارە ٣ ی گۆڤاری پەیڤین ساڵی ١٩٩٨ دا بڵاو کراوەتەوە.

٨. ئەخۆلی شاعیر لە ساڵانی ١٩٧١ –١٩٧٥ خاوەنی کتێبخانەی (خانزاد) بوو لە شەقامی مەولەوی شوێنی ( دەبۆکە )ی ئێستا ، کاتێك ڕوخێنرا و تازە کرایەوە، ئەخۆل لە دوکانەکەی بێ بەش کرا.

٩. لە دوو توێی ئەم دیوانەدا دەبێت هاندان و ڕێنمونیی پرۆفیسۆر عیززەدین مستەفا ڕەسولّ بخرێتە پێش چاو کە بە قەڵەمە بە بڕشتەکەی پێشەکی یەکی نایابی بۆ دیوانەکە نووسیوەو جێگای ڕێز و لەبیرنەچونەوەیە ئەمەش وەفایەکە بۆ گیانی پاکی شاعیر.

١٠ . هێشتا باوکم لە ژیاندا بوو باسی هاوکاری و دڵسۆزی برای بەڕێز مامۆستا ئەحمەد حسێن ئەحمەدی بۆ دەکردین، لە لاپەڕە (١٢٦)ی چاپی دیوانی ئەخۆل دا ئەم عیبارەتەی نووسیوە (سوپاس بۆ کاك ئەحمەد حسێن ئەحمەد کە پاکنووسی شیعرەکانی نێو ئەم دیوانەی بۆ کردم)، ئێستایش کە ئەخۆل لەجێی حەقی خۆیەتی منیش بە هەمان شێوە تکام لێ کرد بۆ لە چاپدانی سەرجەمی شیعرەکانی ئەخۆل یارمەتیمان بدات. خۆش بەختانە هەمان ئەرکی ساغ کردنەوە و دابەشکردنی شیعرەکان و چەند بیرەوەری و وردە تێبینی گرتە ئەستۆ ئەمجارەش سوپاسی ئەکەینەوە.

١١. دوای مردنی باوکم کۆمەڵێ شیعری دەستنووسیم برد بۆ لای خوالێخۆشبوو کاکەی فەلاح (١٩٢٨–١٩٩٠) ی شاعیر بەشێکی زۆریمان پێکەوە ساغکردەوە ، جێگای خۆیەتی ناوی فەرامۆش نەکرێ و لێرەوە سوپاسی ئەو هەڵوێستەی دەکەینە چەپکە گوڵێك بۆ سەر گڵکۆی پیرۆزی.

# وتەیەك لەبارەی ئەخۆڵەوە

## چاپی سێیەمی دیوانی ئەخۆڵ - ساڵی ٢٠٠٠

د. عیزەدین مستەفا



كە داوایان لێكردم شتێكی وەك پێشەكی بۆ چاپی سێیەمی دیوانی(ئەخۆڵ) بنووسم. بەناو تێبینی و كاغەزە كۆنەكانمدا گەڕام، چونكە دەمزانی كاتی خۆی كۆمەڵێك بیر و لێكدانەوەم لە بارەی ئەو دیوانەوە نووسیوە و بڵاو نەكراونەتەوە. بەداخەوە چەند جار ماڵ گواستنەوە لەم شار بۆ ئەو شار - دوو جار ماڵ تاڵانكردن - بە تایبەتی لە كۆچی یا كۆڕەوی ١٩٩١ دا لە پاڵ ناوماڵ هەموویدا زۆر كتێب و كاغەز و ڕەشنووسمی وونكرد. لەناو ئەوانەدا وەك دیارە زوربەی ئەو تێبینی یانە بوو كە لە بارەی "پەیمان و شیوەن" نووسیومن. بەڵام خۆشبەختانە چەند لاپەڕەیەك مابوون، وا ئەوانە دەنووسمەوەو ئەوسا هەندێك بیر پتر دەخەمە ڕوو :

***

زۆر جار لای پارچە هۆنراوەیەكی شاعیرێك دەوەستین و بە "سرووود" ناوی دەبەین .

مەفهوومی سروود لێرەدا زۆر لەوە فراوانترە كە سروودی ئاسایی پێ باس دەكرێت. لێرەدا ئەم چەشنە سرووودە لەگەڵ سرووودی نیشتمانیدا لەوەدا یەك دەگرنەوە كە زۆر بە( بەرین )ی بڵاو بوونەتەوە و بەسەر هەموو زارێكەوەن.

سرووودی نیشتمانی، ووشەی ساكاری ئەوتۆیە، كە توانای بڵاوبوونەوەی ببێت و بۆ ئەو مەبەستە ئەنووسرێت، بەڵام ئەو شیعرە بە دڵاچووانەی دەبنە سروود، خۆیان ئەوەندە لەگەڵ دەروونندا یەكن كە لە دەروونەوە ئەكەونە سەر زار و لە خۆیاندا سرووشتی بڵاوبوونەوەیەكی فراوانیان هەیە.

كە باسی شیعری ئەخۆڵ دەكەین بێ پەروا پارچەی (پەیمان وشیوەن) مان دێتە سەر زار و پێش هەموو پارچەیەكی تری شاعیر ئەو پارچەیەمان دێتەوە یاد، كە سەردەمێكی زۆر هەموو لاوێك، كە تافی لاوێتی بە كاری لاوی و هەستی لاوی یەوە ڕادەبوێرێت لەبەری بووە.

ئەم پارچەیە دیمەنی باڵ کێشەری هەموو بەرهەمی شاعیر و بیر و ژیانی شاعیرە ، هەر لەبەر ئەمەشە کە شاعیر خۆی بە شا پارچەی خۆیی داناوە و کردوویە بە سەر ناو بۆ بە تاقە دیوانی خۆی، واتە دیوانەکەی بە ناوی ئەو پارچەیەوە ناوناوە ( پەیمان و شیوەن ) .

ئەم پارچەیەی ئەخۆل وەك سروودی سەر زاری نەوەیەك لاوی کورد بوو، هەروەها بوو بە گۆرانی و چەند گۆرانی بێژی کورد بە مەقامی تایبەتی ووتویانە، بڵاوی پارچەکە لە بوون بە گۆرانی یەوە نەهاتووە، بەڵکو بوون بە گۆرانی لە بڵاوی پارچەکەوە هاتووە. کەواتە ئەبێ ئەم پارچەیە چ سۆز و قووڵی و باسێکی تێدا بێت کەوا بڵاوی کردبێتەوە. لەڕووی لێکۆڵینەوەشەوە دیمەنێکی تەواوی ئیبداع دەبینین، دیمەنی تێکەڵ کردنی گەلێك لە دیمەنی کلاسیکی، بە خەیاڵی ڕۆمانتیکی و بە شێوەی ڕۆمانتیکی دەربڕین، ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتەکانی شیعری ئەخۆل.

بەڵێ، کۆکردنەوەی کۆمەڵە ووشەی وەك ( ڕۆژی حەشر، چاوی یار، خۆیش و دیار ،سەفحەی عەدەم، کەشکۆڵ و عەسا، عیزەتی نەفس و ویقار، تاجی خەسرەو، گەنجیی قاروون، تەختی کەی، کەساس و خاکسار ، لالەزار و جۆیبار، غونچەی نەو شکۆفەی لێوی یار ) ، کۆکردنەوەی ئەمانە لە پارچە هۆنراوەیەك دا پێشەکی بڕیاری ئەوەت پێ ئەدات، کە شاعیر لاسایی شاعیرە کلاسیکییەکان ئەکاتەوەو هەروەك ئەوان لەم کەرەستەیەی لەلایەن ئەوانەوە زۆر بەکار هێناوە، شتێکی ووشك و بێ ئیبداع دێنێتە کایەوە. یان هەر دووبارەکردنەوەی باسی (مەجنوون و لەیلا) و (فەرهادو قولنگ و شیرین) و (یوسف و یەعقوب) نەك هەر ئەوەت دێنێ بە بیردا کە شاعیر لاسایی بکاتەوە و شتی کۆن دووبارە بکاتەوە ، بەڵکو هەندێ باس و دیمەنی شتێك لە دیمەنەکانی ئەو چەشنە شیعرە دووبارە ئەکاتەوە.

بەڵام ئەوەی ئەخۆل کردوویەتی شتێکی تەواو جیاوازە، ئەخۆل بە تەواوی توانیویێتی لەو کەرەسە کۆنە شتێکی تازە دروست بکات، کەرەسە کۆنەکەی بۆ لاسایی کردنەوە نەبێت، بەڵکو بۆ ئەوە دەبێت کە گیانی تازەی بکات بە بەردا. ئەو گیانە خەیاڵی ڕۆمانتیکی شاعیرە، ئەو سووری و پێ داگرتنەیە لەسەر خۆشەویستیی، کە مەرگێکی داستانانەی کۆن لەم سەردەمی تازەیەدا ئەبێ بە ئەنجامی شاعیر، هەروەك ئەو کەرەسەیەی وا زیندوو کردۆتەوە و ئەو گیانەی پێ بەخشیوە. هەروەها لەم ڕێڕەوی ئیبداعەدا چەند کەرەسەی تازەی شیعری ڕۆمانتیکی سەردەمی خۆیشی تێکەڵ کردووە.

با لەپاڵ (وێڵی سەحراو شمشێری ڕەقیبانا) بڕوانینە(قەبری تەنگ و تار) با لەپاڵ (قولنگی یادی شیرین) و (کێوی فیراقا) بڕوانینە تەعبیری (جێ ئەهێڵم یادگار) یا لەپاڵ سەجعە پڕ لە مۆسیقاکەی (سینە پڕ غەم، دیدە پڕ غەم) دا و لە پاڵ (ئازیز مردە) و (سەر لە ئەژنۆ بەرنەدەم) دا پڕ لە کوڵی گریانێکی هەموو شاعیرانی ڕۆمانتیکی یەوە گوێ لەوە بگرین کە ئەڵێ: ( بۆ دڵەی وێڵ و غەریبم دائیما بگریم بە زار )، یان هەر لە کۆڕ و مەیدانی هیوادا ، لە نائومێدی یەوە بۆ هیوایەك کە نامرێت، لەو وێنەیەوە کە ئەڵێت ( شەرتە وەك بلبل بە شیوەن قەت لق و چڵ بەرنەدەم) ئەم وێنەیەی سەدان شاعیر هەزاران جار دووبارەیان کردۆتەوە، با لەم وێنەیەوە بێینە سەر ئەو وێنە زیندووەی کە هەر بە (غونچەی ئەمەل) و (سوبحی بەهار) بەخشیویەتی بە وێنە کۆنەکە:

**شەرتە وەك بولبول بە شیوەن قەت لق و چڵ بەرنەدەم**
**تا دەمی غونچەی ئەمەل نەکرێتەوە سوبحی بەهار**

شاعیر هەر بەم چەشنە وێنە تێکەڵە، زیندووە، بزێوانە شا پارچەکەی تەواو ئەکات و دەرسێکی تری عەشقی ڕاستی و کۆڵ نەدان و وورە بەرنەدان و ناڕەزایی دەروونی شاعیر و عاشق بەرامبەر بە هەموو ناکۆکی و ناهەمواری دەرئەبڕێ و ئەڵێ:

**شەرتە ڕەنگین کەم لە داخی تۆ بە ئەشکی دیدەکەم**
**عەردو بەردو شاخ و داغ و لالە زار و جۆیبار**
**شەرتە یا حەسرەت لەگەڵ خۆما ئەنێمە قەبرەوە**
**یا ئەبێ بمرم لە غونچەی ئەو شکۆفەی لێوی یار**

****

لە شیعرەکانی (**ئەخۆل**) دا لای پارچەی (**وڕێنە**) وەستابووم کە ئەویش دیمەنی تێکەڵکردنی کەرەسەی شیعری کلاسیکیی کوردی یە لەگەڵ خەیاڵ و سۆزی ڕۆمانتیکدا، یا خەیاڵ و سۆزەکەی شاعیر پارچەکە لە سنووری شیعری کلاسیکی یەوە بەرەو زەریای ڕۆمانتیکی دەبات:

**دڵم هەر ئەو دڵەی جارانە ئێستاکەش ئەناڵێنێ**
**هەناسەی ساردی ناکامی لە سینەمدا ئەتاسێنێ**

ئەگەر بە ووردی وەك (پەیمان و شیوەن) ووشە و کەرەسەی ئەم پارچەیەش ڕیز بکەین لەو ڕووەوە هەمووی لە خانەی کلاسیکدا دەبینین، ئەو ڕاستی یەمان بۆ دەردەکەوێ کە ووشە کۆن نابێ و ناسوێ و هونەرمەند دەتوانێ بە جۆرێکی نوێ ، بۆ بیرێکی نوێ بەکاریان بهێنێتەوە لەگەڵ ڕێڕەوی تازە، بیری تازە، لەگەڵ ژیاندا ژیانیان بکاتەوە بە بەردا. ئەمەش یەکێکە لە هونەرمەندێکانی ئەخۆل.

****

چوار خشتەکی یەکانی "ئەخۆل" لە چەشنی بابەتەکانی تری شاعیر خۆی و لەچەشنی چوارخشتەکیی شاعیرانی تر نی یە.لای هەندێ شاعیر، قەسیدەیەك بریتییە لە چەند چوار خشتەکییەك ، واتە : لەجیاتی ئەوەی هەموو پارچەیەك قافیەی هەبێت، لە چەشنی چوارخشتەکی و چەند چوارینی جیادا ئەگۆڕێت.

چوارینەکانی ئەخۆل نابن بە پارچەیەکی تەواو ، بەڵکو شاعیر دێت و بیرێکی خۆی لەیەك چوارینداا خەست ئەکاتەوە و دەریئەبڕێت و بیرەکەی خۆی تەنیا لە سنووری ئەو چوارینەدا جێگە ئەکاتەوەو هەر چوارینە لەڕووی بیر و ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە شتێکی تەواوو سەربەخۆیە:

**لە خوێن و خۆڵا گەر بتلێمەوە**
**ناگریم، نانالم، ناکڕووزێمەوە**
**چاوم تاریك بێ گەر لە برسانا**
**لە هیچ نامەردێ ناپاڕێمەوە**

شاعیر بیری کۆڵنەدان و سەرشۆڕنەکردن و پتەویی لەم چوار نیوە دێڕەوە و لەم هاواری نەبەزینەدا جێگە کردەوە.

لەڕووی ڕوخساریشەوە، هەر شتێکە ئەچێتەوە سەر بابەتی چوارخشتەکی لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و هەموو ڕۆژهەڵاتدا، لەو بابەتەی بابە تایەری هەمەدانی دایمەزراند و لە جیهانی ئەدەبیاتدا عومەری خەیامی پێناسرا.

پاش ئەخۆل ڕەنگە (( کامەران موکری )) هەر لە سنووری شیعری نیشتمانی و شۆڕشگێڕیدا بن و هاوارێکی شۆڕشگێڕانە بووە. بەڵام چوارینەکانی ئەخۆل هەر لەو سنوورەدا خۆیان ناگرن بەڵکو سنووری جیهانی "ئەخۆل"یش دەگرنەوە. دەچنە ناو جیهانی ڕۆمانتیکیی شیعری ئەخۆلەوە.

**کـە دوێنــێ مــەجلیس بـۆ چریسـکەی ڕوومــەتی تـاڵی**
**ئــەوا ئــەمڕۆ ئـەڵێی داغــە لــە جـەرگا فیرقــەتی خـاڵی**
**بەڵێ: عاشق ئەگەر صەد بار بنۆشێ بادەیی عوشرەت**
**ئـــەبێ هـــەر ئــاخری بخـــوا بەســـەر شـــیرینیا تـــاڵی**

ئەم چەشنە چـوار خشـتەکی یانـە لـەڕووی تـەکنیکی ڕێکخسـتنی دیوانـەوە شـوێنی بـەتاڵ و دامێنــی لاپــەڕە ی دیـوانی شـاعیریان ڕازاندۆتــەوە، بــەڵام لــە ڕووی تەجروبــەی شـاعیرانە و ناوەڕۆکەوە هەر ئەو بیرە خەستە کراوە قوڵانەن کە هەردوو جیهانی هەستی شاعیر و هــەردوو مەیدانی بەرهەمی دەگرنەوە.

مەیدانی هەست و سۆزی نیشـتمانیی و گیـانی خـوێن گـەرمی تیـژکردن و کۆڵنـەدان دەربـڕین و مەیـدانی شیعری ڕۆمانتیکی و سۆزی عەشق و ئەڤینێکی ڕاستەقینە و هەست دەربڕینێکی شاعیرانە.

هەر لەسەر پێڕەوی پارچەی "گردی سەیوان"ەکەی و بۆ تەواو کردنی بیری ئەو پارچەیە شاعیر ئەڵێ:

**ئەم خاکە پاکە : هـی تۆیـە و هـی مـن**
**تیایـا ڕزیـوە بـە صــەد جـۆر مـردن**
**ئێســك و پروسـکی بـاو و باپیرمـان**
**نایـدەین بـە فـیڕۆ و تـاڵان بـە دوژمـن**

یا شاعیر ئەچێتە سەر ڕشتەی لاسایی شاعیرانە، یا بڵێین ئەو چەشنە لاسایی یە لەگـەڵ جیهانـە ڕۆمانتیکی یەکەی خـۆی تێکـەڵ ئـەکات و هـەر بـە چـوار خشـتەکیی خەیامانـەوە ئەچـێتە سـەر ڕێبازی خەیام و جیهانی خەیامەوە:

**ســاقی: شــپرزەم بـــەدەس دنیـــاوە**
**بـەدەس مەینـەت و جـەور و جـەفاوە**
**دەســـتم دامـــەنت خێراکـــە هەســـتە**
**بـــە جامـــێ هـــەمووی بخەینـــە لاوە**

یا هەر لەسەر ئەو ڕێبازەو دووا بە دوای ئەو چوار خشتەکی یە چوارینێکی تر بە هێڵێك جیا ئەکاتەوە و شێوەیەکی سەربەخۆی ئەداتێ و ئەڵێ :

**ساقی: تەواناى (ئالام)م نی یە**
**بێ مەی و بێ جام ئارامم نی یە**
**دەبێنە جام و دەبێنە مەی...دەی**
**تۆ نەبی، بێ تۆ من فامم نی یە**

وا دیارە ئەخۆل پەلەی چاپکردنی هەموو بەرهەمی خۆیی بووە، یا لەهەموو ژیانی شاعیرێتیی خۆیدا ئەو جارە دەرفەتی چاپکردنی دەست کەوتووە کە لەساڵی ١٩٧٠ دا هەموو بەرهەمی خۆی، یا زوربەی بەرهەمی لە دیوانی چاپکراوی "پەیمان و شیوەن"دا جێگە کردۆتەوە، ئەگینا ئەگەر ئەم پەلەکردن و سوود لە دەرفەت بینینە نەبوایە، هەموو(چوارین) و(تاك)ەکانی خۆی لە دیوانێکی سەربەخۆی ڕازاوەدا جێگە بکردایەتەوە، ئەوسا لە ڕووی ئیلهام بەخشینی ناوەرۆك و لە ڕووی دیمەنی چاپیشەوە شتێکی ڕەنگین دەرئەچوو..

لەو پارچە کاغەزانەدا ، نیو لاپەڕە مابوو، دیاربوو کە لە چەند لاپەڕەی وونبوودا لە تازەکردنەوەی و وێنە کۆن و بە زیندوویی بەکارهێنانەوەی تەشبیهی سواو دووابووم، کە هەر بۆ "ئەخۆل" نا، بەڵکو ئەم ئیبداعە جوانە لای زۆر شاعیری تریش دیارە.
یەکێك لەو وێنەو تەشبیهانە– وێنەی "گوڵ و بولبول" بوو لای شاعیران – سەدان جار ئەم وێنەیە لای شیعری هەموو ڕۆژهەڵاتدا بەکار هێنراوە، بەڵام چۆن ئەم وێنەیەی"ئەخۆل" بە تازە دانەنێین :

**گیانە: من بولبول، تۆش گوڵ خونچە بووی**
**شای نەوجوانی و لار و لەنجە بووی**

***

**وا لەگەڵ بولبول یەك دەنگ و ئاوات**
**ئەو ئەگری بۆ گوڵ، منیش بۆ بالات**

***

حەزم ئەكرد ماوەو كاتێكی فراوانترم هەبووایە تا بـە جـۆرێكی فـراوان لـە (كـێش و قافیـە)ی شیعر و بابەتەكانی شیعری ئەخۆل بكۆڵمەوەو سەر لە نوێ ئەو چەند سەرچاوەیە بخوێنمەوە كە لەم بارەیەوە لە شیعری كوردی دواون، بەڵام پەلەی كەسوكاری شاعیر لەبەردەست نـەدانی ئـەو فرسەتی چاپكردن بۆ هەڵكەوتنیان و خەریكیی مـن لـەم ماوەیـەدا بـە گـەلێك كـاری سـەرەكی و لاوەكی یەوە ئەمەی بۆ نەڕەخساندم، هیوام وایە كاتێكی تر بچمەوە سەری، یا كەسێكی تر ئـەو ئەركە بخاتە ئەستۆی خۆی، لێرەدا هەر ئەم بۆچوونە گشتی یە دەردەبڕم:

دیارە بابەتەكانی شیعری ئەخۆل هەر بە ڕێبـازی كلاسـیكەكاندا دەڕوا، قەسـیدە و غـەزەل و پێنج خشتەكی و چوار خشتەكی و تاك دەبینین، بابەتی (ملمع) و (تضمین) لە شـیعریدا دیـارە. پێـنج خشـتەكیی لەسـەر شـیعری هەنـدێ شـاعیر هەیـە و خـۆی هەنـدێك شـیعر یـا قەسـیدەی كۆكردنـەوەی چـەند چـوارین یـان پێنجینێكـە، هەنـدێك چـوارین و پێنجینێكیشـی هـەر تـەنیا و چڕكردنەوەی بیرن. بە شانازیشەوە پێنجینی هەندێك كەسی تری لەسەر شیعری خۆی خسـتۆتە سەر دیوانەكەی، بـێ گوێدانـە ئـەوەی كـەوەك شـیعر بینـە كلاسـیكەكان دەڵـێن هەنـدێك لەوانـە "گەیاندویانەتە ئەخۆل و هەندێكیان نەیانگەیاندووە". هەرچی قافیەیە ئەوەش لای شـاعیر هـەر تێكەڵە هەندێكی بە ڕێی یەك قافیەیی شیعری كلاسیكدا ڕۆیشتووە و هەندێكیان هەر (دوو بـەیت یـا مەسـنەوی) ی شـاعیرە نوێكەرەوەكانـە. خـۆ خـەریك كـردن بـە بابـەت و قافیـەی شـیعری (ئـەخۆل)ەوە هەمـەڕەنگیی و هونەرمەنـدیی ئـەو دەردەخـات، ئەگـەر بـاش لای (كـێش) یـش بوەستین، كە یەكەم سەرنج بڕیاری پێبەندی بە كێشـی كلاسـیكی یـا عـەرووزەوەت پـێ دەدات، ئەوا سەرسامی یەكت دەداتێ . شاعیرێك كە زادەی خوێندنی مزگـەوت نـەبێ. وەك خـۆی باسـی دەكات لەو شاعیرانەیە كە لەبەر دەستی پیرەمێرددا پێگەیشتوون. لەگەڵ شـاعیرانی وەك شـێخ نووری و گۆران و برایم ئەحمەد دا هەڵسوكەوتی هەبووبێ خۆی شانازی بەوەوە بكات كە لەسـەر پێڕەوی (مەحوی، نالی، حەمدی، كەمالی، سـەلام، بێكـەس، شـێخ نـووری) شـیعری نووسـیووە، كەچـی ئـەم جیهانـە تێكەڵـە و ئـەم شەخسـیەتە تایبـەتی یـەی هـەبێت و بـەم جـۆرە هـەموو دەستكەوتەكانی شیعری كلاسیكی بـۆ شـیعری خـۆی كـە سـیمای قوتابخانـەی جیاجیـای پێـوە دیارە بەكاربهێنێت. تەنانەت زمانی شیعریشی ئەم دیمەنەی پێوە دیاربێت.

***

ئەمویست شتێکی درێژ لە بارەی ژیانی "ئەخۆل"و بنەماڵە و کەسە ناودارەکانی یەوە بنووسم. بەڵام لە لایەکەوە خۆی زۆر کەم لەوە دواوەو زیاتر باسی هەتیویی خۆی کردووە لەوەی باس لە کارتێکردنی بنەماڵە بکات. لەبەر ئەوەو بۆ ئەوەش کە هەندێك یادگاری شەخسی تۆماربکەم لێرەدا هەر بە کورتی دەڵێم:

(ئەخۆل) برازای (مەلا حەماغا) یە کە هەرچەندە مەلایەتیی مزگەوتی نەکردووە بەڵام مەلایەکی بەتوانا و شارەزایەکی باشی ریاضیات بووە.

ئەم مەلا حەماغایە باوکی تێکۆشەر و مامۆستا ئەنوەری مەلا حەماغا بوو، کە یەکێکە لە ئەندامە دیارەکان یا دامەزرێنەرانی حیزبی (هیوا) و یەکێکە لەوانەی کە ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی یان لە کوردستان دامەزران و یەکێك بوو لەو لێپرسراوە دیارانەی ئەو حیزبە کە ڕابەریی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ یان لەبەغدا کرد.

بەم پێ یە برازای حسێن ئاغای باوکی (دوکتۆر کەمال و جەمال ئاغا) یە.

- هەروەها عەبدوڵڵا دەروێشی براشی چەند شیعری بڵاوکراوەی هەیە.
- (ئەخۆل) لە دایکەوە برای نووری و عەلی و محەمەد و تەهای ئەحمەدی تەهایە.

ژیان و خەبات و ئازاری نووری (شێردڵ) زۆر کاری تێکردبوو، ئەمە بە شیعرەکانی یەوە دیارە. هەرچی حەمەیە (کامەران موکری) ئەوە شیعری ئەخۆل کاری تێکردبوو و زۆر جار باسی دەکرد و دەینووسی.

- چ (ئەخۆل)، چ (کامەران) هەر بە شانازییەوە باسی خاڵیانیان دەکرد کە مەلا سەعدیی مەلا مووسا بوو، دەیانووت شاعیرێکی باش بووە. مەلا مووسا ئیمامی خانەقای مەولانا بووە، بەڵام مەلا سەعدی لە پیسکەندی کۆچی کردووە، شیعریان دیار نییە ...

****

# بەسەرکردنەوەی ئەخۆڵ ناسێك

## کورتەیەك لە ژیانی "ئەحمەد حسێن"

**مەریوان قەفتان**

وەك ئاشکرایە بە پلەی یەکەم مامۆستا "ئەحمەد حسێن" سەرنووسەری گۆڤاری سلێمانی، لە نووسینەکانیدا پتر ئەخۆڵی شاعیری بەسەر کردووەتەوە، لەبەرئەوە بە پێویستم زانی کورتەیەك لە ژیاننامەی بخەمە دوو توێی ئەم کتێبەوە ....

ئەحمەد حسێن ناسراو بە "پێزان" لەدایکبووی ١/٧/ ١٩٤٧ ە ، سەرەتا چووەتە حوجرە و پاشان قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی مامۆستایانی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. لە ١٩٧١/٣/٣١ بە پیشەی مامۆستایی دامەزراوە. لە چەندین خوێندنگە وانەی وتوەتەوە. لەناوەڕاستی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٧ گواستراوەتەوە بۆ خوارووی عێراق لە گوندێکی دواکەوتووی سەر بە پارێزگای ( ذی قـار – ناصرية ) جێگیربووە. ژیانێکی سەختی بەسەربردووە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ ڕەوانەی پارێزگای سلێمانی کراوەتەوە. ناوبراو لە سەرەتای لاوییەوە وەك ئەدەب دۆستێك خولیای خوێندنەوە و تێکەڵبوون بە ئەهلی قەڵەم بووە. لە پاڵ وانە وتنەوە لە چەندین هەفتەنامە و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و گۆڤاردا "شیعر و وتار و لێکۆڵینەوە و چیرۆکی منداڵان و یادەوەری و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی شایستە" ئەنجامداوە، جگە لە نووسینی دەیان وتاری هەمەجۆری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی کە زوربەیان بڵاوکراونەتەوە.

هەروەها یارمەتی گەلێ شاعیری گەورەی داوە "بە نووسینەوەی بەرهەمەکانیان" وەك: "مەلا ئەسعەدی مەحوی، کەمالی، عەلی عارف ئاغا، ئەخۆڵ، مەدهۆش". هەمیشە خۆی بە قوتابی ئەو بەڕێزە لەدەستچووانە ناودەبات.

ساڵانی ١٩٩٨ و ١٩٩٩ یەکێك بووە لە دەستەی نووسەرانی (جریوە). لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٠ ەوە وەك نووسەر و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سلێمانی دەستبەکاربووە. دەیان بەرهەمی جۆربەجۆری تیادا بڵاوکردووەتەوە، لە ژمارە (١٢٢)ی گۆڤاری سلێمانییەوە "دوای کۆچی دوایی مامۆستا محەمەد نوری تۆفیق" بووە بە سەرنووسەری هەمان گۆڤار تاکو ئەمڕۆ ٢٠١٨/١٢/١٢. خاوەنی چەندین بەرهەمی لەچاپدراوە لە دیوانە شیعر و شیعر

و چیرۆکی منداڵان و چاوپێکەوتن. جگە لە چەندین بەرهەمی تری چاپنەکراو. خۆی بە دەروێش و دێوانەیەك دەزانێ بۆ خۆشەویستی خاك و گەل و نیشتمان و مرۆڤایەتی.

ئەم کۆپلەیە دوایین نموونەی شیعرێتی :

## شـایستـە

دەتوانم زۆر شت وەلا نێم
یـان لەبـەر چـاوم بکـەوێ
تەنیـا شتێك بـە زیندوویی
لە نـاخی دڵمـا دەرکـەوێ
کوردستـانم ئـەوە خـۆتی
ئەم دەربڕینەت بـەرکەوێ



ئەحمـەد حسێن مەریوان قەفتـان

# چەند نووسینێکی مامۆستا "ئەحمەد حسێن" لەبارەی ئەخۆڵەوە



- وتەیەك
- پێشەکی بۆ چاپی چوارەمی دیوانی ئەخۆڵ ٢٠١٧
- ئاوڕدانەوەیەك بۆ چاپی سێیەمی دیوانی ئەخۆڵ ٢٠٠٠
- "ئەخۆڵ" شاعیری ئەوین و ئازادی
- پەخشانێك بۆ "ئەخۆڵ" لە ئاوێنەدا
- کزەی دیدە و هەناسەی پیری
- ئەو دەمەی بیرەوەرییەکان دەبنە گزنگ
- سۆزی شیعرەکانی
- هەروەك خۆی وایە
- یاداشت
- ناونیشان
- (دەردی عەشق) ەکەی ئەخۆڵ، لە ڕووبەڕووبوونەوەی خوێندنەوەدا ....
- ئەخۆڵ و بەهرەی دەنگ خۆشی

# وتـەیـەك

وەك بەڵێن بە خوێنەرانی بەڕێز درابوو، دوابەدوای دەرچوونی چاپی چوارەمی دیوانی ئەخۆڵ، دەستبدەینە کۆکردنەوەی ئەو بابەتە لەچاپدراوانەی تایبەت بە ناوبراوە و لە دووتوێی بەرگێکی تردا لە چاپبدرێت.

ئەم بەرگە کە بەڕێز "مەریوان قەفتان" پەرۆشی ئامادەکردن و ڕازاندنەوەی بوو لە پێناوی شادکردنی گیانی نەمری "ئەخۆڵ" دا. لەو پێناوەدا گوێی نەداوەتە ماندووبوون تا گەیاندی بەم چاپە.

ئەگەر چی لەوانەیە لەملاو ئەولا وردە نووسین و وتەی بەجێ و قسەی خۆش و بەسەرهاتی یادگاریی تر هەبن .... ئەوە دەکەوێتە سەرشانی خەمخۆرانی ئەخۆڵ و ئەوانەی دوور و نزیك ئاماژەیان پێداوە.

**ئێمە ئەگەر بەم پێوانەیە هەر شاعیرێکی کۆچکردوو بەسەر بکەینەوە بە واتا ئاوڕدانەوەیەکی دڵسۆزانە و خەمخۆرانەیە و خوێنەرانیش تا ڕادەیەکی باش بەلایانەوە کارێکی باش دەبێت.**

## • پێشەکی  بۆ چاپی چوارەمی دیوانی ئەخۆل ٢٠١٧

نەوە و کەس و کاری ئەخۆل بە هاوکاری **سەنتەری کلتوری کورد لە نۆرینبێرگ**، وایان بە باش زانی لەسەر شێوازێکی نوێ و سەردەمیانە شیعرە نایابەکانی لەدووتوێی دیوانێکی وا ڕازاوەدا بۆ جاری چوارەم لەچاپبدەنەوە و بیخەنەوە بەر دیدەی پەرۆشانی شیعری ئەخۆل، بەو مەبەستەی ئێستا لە بازاڕی کتێبخانەی کوردی دا بە دەگمەن هەر چاپێکی دەستبکەوێ. بۆیە لێبڕاوانە و دڵسۆزانە، لە پێناوی ڕاژەی وشەی شیرینی کوردی و شادبوونی گیانی ئەو کەسایەتییە لەدەستچووەمان چاکی پێزانینیان لێهەڵماڵی و ئەرکە گرنگەکەی سەرشانیان هێنایەدی. ئاشکرایە ئەخۆل یەکێکە لەو شاعیرانەی خاوەنی بەرهەمێکی کەمی شیعرە، بەڵام دەنگدانەوەیەکی سنووربەزێن بەخۆیەوە دەبینێ. گەرچی شیعری نەکردبووە پیشە و بڕوای بە زۆر و بۆر نەبووە، بەڵام لەگەڵ شەپۆلی بەهرە و هەستی بەکوڵ و دیمەنە ڕەنگینەکانی کوردستان و لارولەنجەی شۆخانی چاومەست و بەژن و باڵابەرز لەدایکبوونی شیعری تەڕو ناسك دێتە ئاراوە. جگەلەوەش لەدەستدانی خۆشەویستان و بلیمەتانی وڵات، چ شاعیر و نووسەر، چ شۆڕشگێر و نیشتمانپەروەر، چ کەسایەتیی بەهرەمەند و چ سەرنانـەوەی کتوپڕی ئازیزان دەروونیـان جۆشداوە. ئەم بەسەرکردنەوانە مەبەستەکانی شیعر بەگشتی دەپێکن و شارەزایی و سەلیقەی وردی شاعیری تیا ڕەچاودەکرێ. لەبەرئەوەی ئەخۆل تیکەڵاو بە زوربەی ئەهلی قەڵەم بووە و پەیوەندی و هاوڕێیەتی گیانیی لەنێوانیاندا، لەدانیشتنەکانیاندا، لەئاڵوگۆڕی بیرو ڕاکانیاندا، لە چێژی گەشت و دیدەنییەکانیاندا بەردەوامی هەبووە، شیعرەکانی لە تای تەرازووی ئەدەب دا جێی خۆیان کردووەتەوە. وێنە و شێوازی تەمەندرێژییان پێبڕاوە، بگرە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان پێوە دیارە خوێنەر لە خوێندنەوەیان تێر نابێت. بۆیە بەشێکی بەرچاو لە شیعر و کۆپلە سەرنج ڕاکێشەکانی لەلایەن دەنگخۆشانەوە کراون بە گۆرانی و هەندێ غەزەلیشی لەلایەن شاعیرانەوە کراون بە پێنجینە. ئەخۆل لە تەمەنی لاوێتییەوە تا قۆناغی پیری مەستی ئەوینی خاوێن و ڕوون بوو. مرۆڤێکی کراوە و قسەخۆش و بیرتیژ و کۆمەڵایەتی بوو. بۆیە لەناو هاوڕێکانیدا وەك: زێوەر،

گۆران، بێکەس، پیرەمێرد، شێخ سەلام، برایم ئەحمەد، بێخود، م.نوری، ا.ب هەوری، مەدهۆش، علی عارف ئاغا، عەلادین سەجادی و هەردی .... تاد ڕێزی زۆری هەبووە. ئەڵبەتە لە ئەنجامی پرشنگدانەوەی ئەو برە شیعرەی بووە کە توانیویەتی بیانخاتەڕوو، جێگەی خۆیان بگرێت. جگە لە بواری شیعر و گونجاندنەکەی، ئەخۆل لە هونەری خۆشنووسی و دەنگخۆشی و کۆڕگەرمکردنی یاران و یاوەرانیدا ناوبانگ و جێدەست دیاربووە. شاعێرێك خاوەنی ئەم هەموو خەسڵەتانە بێت لە مێژووی ئەدەبی کوردی دا، لە یاد و بۆنە نیشتمانی و هونەرییەکاندا ڕۆڵی لەبەرچاوی دەخرێتەڕوو. دروود بۆ پەلکەزێڕینەی شیعرە کلاسیکی و ڕۆمانتیکییەکانی .. دروود بۆ هەناسە گەرمەکانی کە پڕاوپڕبوون لە ئەوین و پیاهەڵدان و لاواندنەوە و نیشتمانپەروەریی و هەڵوێستی مەردانە و هەنگاونان بەرەو ئاسۆ .. ئاسۆیەك ئاسودەیی خاك و گەل و مرۆڤایەتی بەسەربکاتەوە .. بنوو ئەخۆل بەخۆشییەوە بەرەبەرە خەون و ئاواتە سەوزەکانت پەلدەکێشن و دێنەدی. ناوهێنانت لەگەڵ تەمەنی نەتەوەکەتدا دەژی و یادت بەخێر.

بۆ کۆتایی پێشەکییەکەم :

ئەوە ماوە بڵێین، چریکەیەك لە ڕۆحی هەڵفڕیوی شاعیرەوە دەبیەین کە بەم کۆپلەیە بەرجەستە دەبێت:

هۆنراوە و هونەر هاوڕێی ژینم بوون
دیدەنی و هەڵوێست گوڕ و تینم بوون
کۆڕی یاران و بەسەرکردنەوە
ڕوگەی سارێژی گشت برینم بوون
ئەخۆل (وەلی) بوو، ئەخۆل (کاکە مەم)
ئەوین واکردی بە خاوەن بەرهەم

## • ئـاوڕدانـەوەیـەك


## بۆ چاپی سێیەمی دیوانی ئەخۆڵ ٢٠٠٠

بۆ ئەم چاپە نویٚ یەی دیوانی (**ئەخـۆڵ**) کە لە لایەن نەوەی خەمخۆر و بەمشوری وشەی کوردی خاتو (پەری ئەخۆڵ) خواستە پیرۆزەکانی گیانی نەمری باوکی هێنایەدی گەلاڵە کرا کۆمەڵێك شیعری تری شاعیرمان دەست کەوت بە خەتی خودی شاعیر، کە هی ئەو سالأنەن کە تازە بەهرەی شیعری هەبووە و دایڕشتوون، ئەوەی جێی سەرنجە شاعیر نەیپەرژاوە و بەسەر زۆربەیاندا نەچووەتەوە .. لەبەرئەمە هەندێکیان بیٚ دەستکاری و بە لەنگی ماونەتەوە، جگە لەوەش لەیەك چوون و دووبارە بوونەوەی دەربڕینەکان لە نێوان چەندان بەیتدا ڕەچاو ئەکریٚ، گەرچی غەزەلی تەڕ و پاراو لە ناویاندا تیشك دەدەنەوە بەلأم ئێمە وەك سپاردەیەکی ئەدەبی خەرمانی شاعیرمان پیٚ دەوڵەمەنتر کرد، دیسان مامۆستا ئەخۆڵ کە لە ژیاندا بوو پێی لەوە دەنا کە هەندیٚ شیعری خوارو و ناوەند و لەنگی هەیە و لاوازییان پێوە دیارە، بەلأم ڕەئی وابوو دەیوت ناچارم بیانخەمە بەر دیدەی خوێنەران .. چونکە ئەوانیش جگەرگۆشەمن و وەك شیعرەکانی تر هەریەك لە مەکۆی یادگارێکەوە هەڵقولأون.

ئێمەش بە پێویستمان زانی لە چاپی سێهەم بڕێك لەو شیعرانە دابەزێنین و هێندەی تر ئەم دیوانەی پیٚ بڕازێنینەوە لەسەر هەمان بۆچونی بنەماڵە بەڕێزەکەی ....

# ئەخۆڵ

## لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (پەیڤین) دا



# • ئەخـۆڵ شاعیری ئەوین و ئازادی

## لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (پەیڤین) بڵاوکراوەتەوە ١٩٩٨



**پێشەکی**

**پێوانەی ڕاستەقینە**

پێم وایە بەخستنە ڕووی تاڵی مەبەستێك کە لە کوورەی دەروونم دا پەنگی خواردۆتەوە ئاگری پەژارەم بەئاوی واقیع دابمرکێنمـەوە. ئەویش ئەوەیـە تاکو ئەمرۆ هەندێ لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوان کەبیانەوێ لەسەر بەرهەمی شاعیرێك یـان نووسەرێك بنووسن لەبەر هەندێك تایبەتمەندی خۆیـان دەخەنەبەر لێشاوی پلارەوە .... چاولێ پۆشین لەڕێ هەڵەی زەق و هەڵویستی کەسێتی، یان هەڵپاچینی درەختی بەرهەمەکـەو داپلۆسینی دانەرەکەی بەڕمە قەڵەمی شەلم کوێرم ناپارێزم دەکەونـە وێزەیـەوە، لـەو دەمـەدا تارمایی ڕقەکەیان دەکەنە پەڵە هەورێك وتیشکی مەبەستی پێ دەشارنەوە. لەڕوویەکی ترەوە ئەو بەڕێزانە کە بیانەوێ لایـەنی چاکەی بەرهـەم و خـاوەن بەرهەمەکـە دەربخـەن پەیوەنـدی خوشەویسـتی و یەکترناسـین و بەرژەوەنـدی ڕۆڵـی سـەرەکی دەبیـنن بەمـە ویـژدان پێشـێل دەکرێت، چونکە زیاد لەسنووری خۆی پیایدا هەڵدەڵێن، بگـرە چـەندان واتـای سـەیرو بـاڵاو هەڵوێستی نەمەییووی نادروستی بۆ قوت دەکەنەوە، لـەپێناوی ڕاژەی کەسـێتیدا. خـۆ ئەگـەر پیاهەڵدراوەکـە لەژیانیشـیدا بێـت، یـان مـردوو بێـت و زینـدوو ببێتـەوە هـەرگیز بـەو جـۆرە دەربڕینانە قایل نابێت کە پێیانەوە لکاندووە، بەڵکو بەخۆیـدا دەشـکێتەوە، ئاشـکرایە چـەند نووسینێك یان چـەند پارچـە هۆنراوەیـەکی سـەرکەوتوو نابنـە هـۆی ئـەوەی ئـیتر لێکۆڵـەوەر کەلێنی لاواز پشتگوێ بخات و پاڵی لێبداتەوە... شایانی باسە ئەگەر بڵێین لەوانەیە ئەو چەند خاوەن قەڵەمەی کە لەسەری نوسراوە لەهەموو بوارێکدا شاسوار و دەرکەوتوو نەبێت، بـەڵام ئەوە هەیە لایەنی قەڵەم ڕەنگینیەکـەی بـاڵاترە لەکەموکوڕیـەکانی. لەلایـەکی تـرەوە برایـانی ڕەخنەگر و لێکۆڵەوەر دێن بەنەشتەری ڕەخنە جەرگی بەرهەم و هەسـتی ناسـکی دانەرەکـەی یـەکالا دەکەنـەوە... ئـەمیش لـەتاو چـەند خـاڵێکی لاواز... دەبیـنین دەیـان تیشـك و لایـەنی چـاکەی بەرهەمەکـە دەکـەن بـەقوربانی بـێ هێـزی و تـاریکی... بـێ ئـەوەی هەڵـەکانی

بەشێوەیەکی گونجاو و دروست بۆ ڕاست بکەنەوە یان هانی بدەن تا بەرهەمی پوخت و بەهێز پێشکەش بە جەماوەری گەلەکەی بکات. ئەمە نە دڵسۆزییە نە دەستپاکییە پتر لەکینەوە نزیکە... دیارە کە ژەهری کینە تێکەڵ بەهەنگوینی ڕەخنە کرا دەبنە دوو مادەی کلۆك و نەکلۆك، شیاو نەشیاو هەرگیز ئاوێتەی یەکدی نابن بەرهەمەکەیشی دڵساردکردنەوەیە. برایان با قەڵەم نەبێتە لیس و قەڵەم بڕ! ڕەخنە شەڕە کوتەك نییە، بەڵکو هێزێکی گەورەیە شارستانیەتی و پێشکەوتن بەرەو ئاسۆ دەبات... ڕێ پیشان دان و هاندانە، ڕێنموونەیی یەکی ڕەوایە. وا باشە کینەی ناو ڕەخنە بنبڕ بکرێت. کورد واتەنی (کاڵا لەپای باڵا). با بەویژدانەوە سەرنجی دوو توێی بەرهەمەکە بدەین. بوێریین لەهەڵوێستدا . وەك چۆن ڕێگامان بەخۆمان داوە لەجێگای لەبارو دیاردا لایەنی گرنگی مەسەلەکەمان خستۆتەڕوو دیسان بەرگێکی پڕ لەبەختەوەری شانازیمان بەگوێرەی ئەو دەقە بڕیوە بەچرۆکانی ئەو بەرهەمەو نووسەرەکەیدا، پێویستە بێ سڵەمێنەوە لەسەر ڕای (باقی) کەموکوڕی بەرهەمەکەش بدوێین ڕەئی خۆمان لەسەر ساغ بکەینەوە. نەك لایەنی باشە بەتەواویی لایەنی لاواز بشارێتەوە. وا باشە ئاوا بابەتییانە بیر بکەینەوە وەك دەیان ڕەخنەگر و لێکۆڵەرانی گەلەکەمان لەسەری ڕۆیشتون بچینە ناوەڕۆکی بەرهەمەکەو دەروونی دانەرەکەیەوە. گلەیی مێژوو نەهێنینە سەر خۆمان تێهەڵکێش بەکرۆکی بەرهەمەکە بکەین هەرشتە بەپێوانەی خۆی حسابی بۆ بکرێ. هیوادارم لەم لێکۆڵینەوەیە (**ئەخۆڵ شاعیری ئەوین و ئازادی**)دا هەندێك لەو دیاردانە بکەونە بەرچاو...

## ئەخۆڵ شاعیری ئەوین وئازادی

بێ گومان شیعری چاك وشاعیری پاك دیاردەیەکی نوێ نی یە من دۆزییبێتمەوە و بەخوێندەوارانی بەڕێزی ڕابگەێنم. ئەم بابەتە زۆری لەسەر نووسراوە لە ژمارە نایەت. لەبەر هەندێك تایبەتمەندی بە کەسێتی ی شاعیرەوە وامان بەباش زانی بەدەربڕینی بیرو سەرنجی خۆمان بە پشتیوانی چەند سەرچاوەیەکی ئەدەبی پەیوەست بەبابەتەکەوە وەك ڕێ خۆشکردنێك بۆ چوونە ناو جیهانە فراوانەکەی لێکۆڵینەوەوە، ملوانکەیەکی پێشەکی ئاسایی و سادە بهۆنینەوە ئینجا بەشێنەیی هەنگاوبنێن بۆناو لالەزاری شاعیر پاراوبێت یان پەژموردەبێت ... هێشویەك سەرنج دەربارەی شیعر و شاعیر.

**شیعر کامەیە و شاعیریش کێ یە ....؟!!!**

شیعر بریتی یە لەدەربڕینی هەستێکی ناسك وکاریگەر ڕازاندرابێتەوە بە توێشووی بیر و ئەندێشە و هونەر مەرجی کێش وقافیە ون نەکات ... خۆ ئەگەر زۆر پەیڕەوی نەکرد ئەوە دەچێتە قاڵبی شیعری ئازادەوە ... لەگەڵ ئەمەش دا زۆر شیعری ئازاد بایەخ دەدات بەکێش و قافیە بەڵام بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ ...

شیعری کلاسیکی و شێوە کۆن واتا پەیوەست بە کێش وقافیەوە لەگەڵ شیعری ئازاد دا بەوە تیشك دەدەنەوە کە هونەری داهێنان و تەکنیکی نوێ پەیڕەوبکەن ... دەقی شێوە و ناوەڕۆك نەشێوینێن ! بچنە مێشکی جەماوەرەوە. شیعر دەبێت خۆراکی ڕاستەقینەی مێشك بێت. چەکی دەستی زۆر لێکراوبێت. شیعر دەبێت بزەی لێوی ساوایان بێت ... بەشێنەیی و نەوەستان لەگەڵ قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ دا هەنگاو بنێت ...کەواتە **"هۆنراو هەستێکی ویژدانی یە"** کە ئەو هەستە زۆر زۆر دوورترە لەو شتە نهێنیانە کە بتوانرێ باس بکرێت ، هەر لەبەر ئەمەشە لە زمانی عەرەبی دا هۆنراو ناوبراوە بە شیعر چونکە هەستەو هەستەکەش بەهۆی وشەکانەوە ئەو وێنە جیهانی یە خەیاڵی یە دەردەبررێ و پیشانی کەسانی تری دەدا ....(١) بێ پێچ وپەنا سەری نەوازش لەبەر دەرگای شیعری جوان و ڕەوان دا دادەنوێنین ، لەو شیعرانەمان گەرەکە کە مامۆستا گۆرانی مەزن پەیی پێ بردووە :

**شیعرێ کەوەك ساوا نازدار و جوان بێ**
**خۆراکی گۆشتی دڵ شیلەی ژیان بێ**
**شیعرێ گیانی تیا بێ و بژی و ببزوێ**
**زوبانی دڵ بزانێ و پێ ی بدوێ** (٢)

ڕاستە دەبێت درەختی شیعر بەرداربێت . مێشك ودڵ باوەشیانی بۆ بگرنەوە... خۆی بهاوێژێتە دەروونی خۆینەرەوە وەك چرا ڕێگای تاریکی ڕووناك بکاتەوە . لەم ڕووەوە مامۆستا عەلی عارف ئاغا (**شاری**) بەشیعر لە شیعر دەدوێ :

**شیعر کە خرۆش نەبەخشێ بەدڵ**
**قەت باوەڕ مەکە بۆ هیچ بەکاربێ**

**شـيعر كـه هەسـتی تـۆ نـەجووڵێنێ**
**بـا لــە دیوانـا هــەر نادیــاربێ ...**
**شـیعر نەتخاتـە سـەر عەرشـی خـەیاڵ**
**مـەی خوێنـە گیانـە بـە تـارو ماربـێ (٣)**

کەواتەشیعرێ بێ بـەری بـێ لـە هەسـت و خـرۆش بـە شـیعرێکی زینـدوو نـاژمێررێ و مەبەستە بنەڕەتی یەکانی لە دەست دەدات. (هۆراس) ی بلیمەت دەڵێت :

**شیعر سێ مەبەستی هەیە کـە ئەمانـەن : سـوود بەخشـین**، یـاخود **لـەزەت پێگەیانـدن**، یاخۆد **هەردووکیان پێکەوە** واتە ئارەزوو بزواندن ولێکدانەوەی پەندەکانی ژیان (٤) . ئاشکرایە دەبێت چەکی سەختی شیعر ئالای کۆڵنەدەری و بەختەوەری هـەڵبگرێت وەکـو کێـو بـەرەنگاری گەردەلول و ڕەشەبا ببێتەوە. سەرنجی مامۆستا هێمن بەرامبەر بەشیعر پتر مەبەستەکەی ئێمـە ڕوون دەکاتەوە :((شیعر و نەزم دوو جۆرە هونەرن کە دەبێ خوێنـەری ورد حوکمیـان لەسـەربدا بەڵام چەند خۆشە شیعر ئەوەندە باش بێ کەهەم فۆرمی لێك و لووس ، ڕێـك و پێکبـێ ، و هـەم ناوەرۆکی هەست بزوێن ودڵ ڕفێن...)) (٥).. ئینجا کە شـاعیر خـاوەن ئـەو هەسـت و دەربڕینـە گرنگ بێت چی کەسێك دەگرێتەوە؟ ئێمە ڕاستەوخۆ ناتوانین بـێ شـارەزایی ، وبـێ پێنـاس پـێ بنێینە جیهانە فراوانە تایبەتی یەکەیەوە شاعیر دەبێت وەك کانی یەکی ڕوون و سـازگار بـەئاوی شیرین تینوێتی بشکینێ ، مەرامەکانی ناو دڵیان بکاتە کەرەستەی شیعر.

"کەواتە شاعیر مرۆڤێکە هەڵوێستێکی تایبەتی خۆی هەیە لە ژیان دا یان بەرامبـەر ژیـان بەخۆشـی و ناخۆشی، تاریکی و ڕووناکی شیرین و بەدی یەوە... کـە بـیر یـا نـاوەرۆکی هۆنراوەکـانی لێ پێـك دێت" (٦). بێ گومان بایـەخی زۆر بـەخۆگری وکەسـێتی ی شـاعیر دراوە... شـاعێریك نـا لـە گـەل دابڕابێت، بەڵکو ئەو شاعیرەی دەردەکانی کۆمەڵ دەردەخات بەشیعری هاوچەرخی شۆڕشگێڕانە. دوابەدوای ئەوە دەرمانیشی بۆ دەست نیشان دەکات، کە خەبات و ویژدان و دڵسۆزی وهاوکاریی یە.

"لای فرۆید شاعیر ئەو کەسەیە کە ئەزانێ چون خـەو و خەیاڵـەکانی ئەکاتـە بەرهـەمی هونـەریی یان حەقیقەتێکی هەست پێکراو". (٧) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو کەسێك ناتوانێت بەئاسانی دەست بداتە قەڵەم و بەهەوەسی خۆی شت بنووسێ ، شاعیر ئەو گیانبازە، پەرۆشەیە بە پشتیوانی بەهرە و موتوربەکردنی ڕۆشـنبیریی گشـتی خـۆی وردە وردە و بـێ باکانـە بتوانـێ

پلەپلە بە دامێنی کێوی هونەردا سەربکەویّ تا دەبێتە ئاشنای لوتکە ... قەڵای شیعر سەختە ، بڵندە شیعر وەك شۆڕش وەهایە و شاعیریش دەبێتە شۆڕشگێڕ.. بمانەویّ ونەمانەویّ (( شاعیر ڕیالیستی شۆڕشگێڕ بەرهەمەکەی بەپیت ئەکات بەهۆی وەرگرتنی لایەنی پێشکەوتوانەی کەلەپووری بیری مرۆڤایەتی پێش کەوتوو... هەروەك شیعرەکەی موتوربەئەکات بە پێشکەوتووترین ئایدیایەکی ئەم زەمینە لەم چەرخەدا ...)) (٨) ئەو شاعیرەی بەرگەی کاروانی ئەم ڕێگە دوورەی نەگرێت و نەتوانیّ لەم بوارە دەرکەوتووەدا بپەڕێتەوە ، بەواتا خۆی دابڕیّ لەم مەرجە بنەڕەتی یانە و توخنی ئێشە کاریگەرەکانی جەماوەر نەکەوت ئەوا فێڵ لە خۆی و لە گەل دەکات ... بگرە ئەوکەسە ناوی پیرۆزی شاعیری بەسەردا دانابڕێت .. چونکە بەخەڵەتاندنی خۆی خوێنەر لەخشتەدەبات ، تەمسیلی چەند کەسانێك دەکات یان لە خزمەتی چەند کەسانێك بیردەکاتەوە، نەك زوربە. ئەو ڕێگایەی شاعیر دەیگرێت دەبێت لە بەرژەوەندیی زۆربەی زۆری جەماوەردا بێت . شاعیرێکی کورد دەڵیّ :

**ڕێگا لای من بەهەر جۆربیّ**

**ئەبیّ بۆ خزمەتی زۆر بیّ ...**

**ئەحمەد سەلام**

کەئەم بەڵگە داسەپیو و بنەڕەتی یانەمان خستەڕوو کە لە مێشك و دڵ و توێشەبەرەی شاعیردا بێت... لەهەمان کات دا دەتوانین بیّ سڵەمینەوە پەنجەی هەڕەشە و زمانی سەرزەنشت و نووکە ئەڵماسی قەڵەم بخەینەکار بۆ ئەو شاعیرە خۆ جیاکەرەوانە کە پیّیان شەرمە چینی چەوساوە و ئارەق ڕێژ بدوێنن. ڕەنج و ماندوێتی پشت گویّ دەخەن و ئەوینداری نوێنی گەرم وخواردنی چەور و ڕابواردنی بێهوودەن. (( شاعیری بۆرژوازی بیر لە جەماهیری هەرە زۆری میللەت ناکاتەوە لەکاتی دانانی شیعرەکانیا تەنیا چەند تاقمێکی کەمی بەخەیاڵدا دێن کە زلە خوێنەواران توانای ئەوەیان هەیە لە هەڵبەستەکانی بگەن ونرخی خۆی بدەنیّ )) (٩) شاعیر نابێت بۆ ناوبانگ کۆشش بکات ؟ دەبێت بە چەپۆکی شیعر کەللەی چەوسێنەران بپژێنیّ باوەڕی بەدەستە ئەژنۆیی نەبێت ... خاوەن هەڵوێستی مەردانە بێت ، دەس بەکڵاوە شڕەکەیەوە نەگرێت تا با نەیبات ...ئەمەکی بۆ کانیاو و ڕووبار و دەشت و شیو و کەژ و بیابان و لێرەوار و گوڵزاری وڵاتە خۆشەویستەکەی هەبێت سەرچاوە و هەوێنی شیعری دیمەنی ڕەنگینی نیشتمان و پاڵەوانێتی ی نەتەوە نەبەزە خۆشەویستەکەی بیّ ...

ئێمە لێرەدا شۆڕدەبێنەوە لە دیوەخانی شیعرەکانی شاعیر ئەحمەد دەروێش واتە (**ئەخۆل**) ی کۆچ کردووی خوالێ خۆشبوودا پشودەدەین و تیشکی سەرنجمان دەدەینە شارا و مەڵۆی خەرمانی دیوانە بەربڕشتەکەی (**دیوانی ئەخۆل**) ....

(**ئەخۆل**) یەکێکە لە شاعیرە ناسراوەکانی کورد. لە ساڵی ١٩١١ز لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٢٦ دڵە گەورە شەیداکەی شەیدای ئەوین و ئازادی لە لێدان کەوت چووە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە . دووجار دیوانی چاپکردووە. شیعرەکانی پڕن لە کڵپەی سۆز و هەناسەی دووریی ، گەرمە شین بۆ نیشتمان وە ناوداران و هاولاتیانی لە کیس چوو...

فرمێسك دەڕێژێ بۆ تەمەنی بەفیڕۆ چوو ... هەنگاو دەنێت بۆ دروستکردنی دیواری پۆلایین ی برایەتی و بەختەوەری .. بەلای منەوە ئەخۆل لەڕیزی پرشنگداری شاعیرە مام ناوەندی یەکان دادەنرێت. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەمان دا نامانەوێ بیخەینە پێش یان تەك شاعیرە هەرە سەرکەوتووەکان یان بە پێچەوانەوە دایماڵین بۆ خوار ئەو شاعیرانەی کە وشەیان ڕیزکردووە، تەنیا ماندوێتیان بۆ ماوەتەوە لەم بۆ چوونەیش دا مێژووی ئەدەب سەرپشکە تێیدا ...

ئەخۆل شاعیری کۆڕی ئاهەنگ و تێکۆشان و بۆنەیە ، خاوەن پلەیەکی دیاری کراو و پڕ لە شانازی یە لای هاوڕێ کانی بەتایبەتی و لەلای هاونیشتیمانیان بەگشتی. فێرگەی شیعری ئەخۆل لە ژێر کار تێکردن وپەیڕەوی ئەم شاعیرانەدا سەری هەڵداوە {حەمدی – تاهیربەگ – پیرەمێرد – بێکەس – م .نووری – زێوەر – شێخ سەلام – کەمالی ... هتد} تەنانەت ئەمەندە هاوڕێ ی بێکەس بووە هەموو دەمێك هەڵس و کەوت و شیعر و قسە خۆشەکانی لە زۆر بۆنەدا باس دەکرد. هەروەها پارچە شیعرێکی گەپیان پێکەوە داناوە کەبۆی خوێندنمەوە نووسیمەوە لێرەدا بۆ بلاوکردنەوەی دەس نادا... دیسان لە خودی خۆیم بیستووە کە چەندان جار غەزەلیاتی حەمدی بە ئیقاع و مۆسیقا خوێندۆتەوە ، حەمدیش ئافەرینی لێکردوە.

ئەخۆل بێجگە لە زمانی زگماکی خۆی کە کوردی یە زمانی عەرەبی و فارسیشی بە چاکی دەزانی بەلام بەدەگمەن شیعری پێ وتوون. ئەخۆل لەبەر نەبوونی دەرامەت شیعری نەکردووە بەپیشە، بەسالان لێ ی دابڕاوە بەلام وازی لێ نەهێناوە. من ئەم قسەیەم زۆر جار لە خۆی بیستوە دیسان دەیفەرموو شتێك کاری تێنەکردبم شیعرم بۆ نەوتوە.. لە ژیان دا سەربەرز و دڵسۆز بوو، هەمیشە دیدەنی هاوڕێ یان و خۆشەویستانی دەکرد. ڕێزی گەورەو بچوکی لابوو، لەبەر ئەوە کاتێ مەرگ یەخەی پێگرت شار خامۆش بوو ، پرسەکەی تابلێ ی قەرەباڵغ بوو، ئەوبڕە شیعرەی ئەخۆل پێشکەش بە نەتەوەکەی کردووە بریتی یە لە دەریایەکی سۆز و

ئەوین..."سۆز کەمەبەست پێ ی عاتیفەیە بەمانا کڵپە و گڕپەیەکە لەدڵ دا پەیدا ئەبێ ئەبێتە هۆی ئەوەکە ئەندێشە وە یا مل بە ئارەزوویەکی خۆشەویستانەی ڕەبوونی یە بشنێتەوە بۆ ئەو شتەی کە هێزەکەی ئەم ڕائەکێشێ و ئەیخاتە ئەو هەردەیەوە" (١٠).. نابێ ئەوەش پشت گوێ بخەین کەپرشنگی تەکنێك و هونەر تێکڕای شیعرەکانی ئەخۆل نەگرتۆتەوە تەڵزمی لاوازی بەر هەندێ غەزەل و بەیت کەوتوە لەمەودوا دەست نیشان دەکرێن. ئەخۆل بەپێ ی ئاستی زانیاری ی تایبەتی خۆی بیری کردۆتەوە ، شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو سنوورەیە. خۆی دان بەوەدا دەنێ کە پلەی خوێندەواری زۆر بالانەبووە بەلام خۆی لە هەوڵدان و خوێندنەوە بێ بەش نەکردووە، بێ خوهەڵکێشان دەفەرموێ : (( پلەی خۆیندەواریم بەداخەوە زۆر کەمە، چونکە ئەو کاتەی من گەیشتوومەتە خوێندن پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بوو. حوجرە هەبووتوانیم قورئانی پیرۆز بخوێنم. من چوومە قوتابخانەی "قادری" هەتا گەیشتمە پۆلی سێ، وە دەستم پێکردوە هەتا چوومە پۆلی پێنجەم ...لە پێش نیوەی ساڵ لەبەر هۆیەك کەنابێ لێرەدا باسی بکەم وازم لە خوێندن هێنا ...)) (١١) ....

لەگەڵ ئەمەش دا کۆششی کردوە بۆ بلاوەکردنەوەی شیعرەکانی لە ڕۆژنامەی (ژیان)و(ژین)و گۆڤاری (گەلاوێژ) هەروەها بە تێکەڵبوونی بۆناو کۆڕی شاعیرانی ئەو دەمە کەڵکی وەرگرت و شارەزایی چا کتری ڕەچاوکرد. لەساڵی ١٩٣٣دا یەکەم بەهرەی شیعری لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بلاوکردۆتەوە... ئەخۆل هەندێ جار بیرەوەری یەکی تامەزرۆی دەگێڕایەوەو شانازیی پێوە دەکرد، کە لە منداڵی یەوە لە فێرگە خۆێندوویەتی جێگایەکی دیاری هەبووە لە نێوان خوێندکارەکان دا. خۆشەویستی مامۆستاکانی بووە. سروود و شیعری شاعیرانی لەبەرکردوە. دەنگیشی تابڵێی خۆش بووە. لە سەرەتای بیستەکان دا کاتێ کە سەرۆك "ئیسماعیل خانی شکاك = سمکۆ" ی شەهید بەخۆی و جەنگاوەرەکانییەوە هاتن بۆ دیدەنی مەلیکی کوردستان (شێخ مەحموود) ی نەمر لە ولاتی سلێمانی ، بەو بۆنە مەزنەوە قوتابخانەکان ئاهەنگێکیان گێڕا.. ئەخۆل یەکەم کەس بووە لە ناو منداڵان دا کە سروودی نەتەوەیی خوێندۆتەوە لەبەردەم سمکۆدا... ئەویش سەرنجی دەچێتە لای و ئافەرینی دەکات لەو کاتەوە ئەخۆل ناسرا.. لەسەردەمی هەرزەکاری یەوە خولیای شیعر وتنی کەوتۆتە سەرەوە. سەرجەمی شیعرە بلاوکراوەکانی لەم بابەتانەی خوارەوەدا چاو هەڵدێنن. نابێ ئەوەشمان لە یادبچێت ئەخۆل زۆر پارچە شیعری هەیە کە لە دیوانەکەی دا تۆمارنەکراوە لەبەر نەخۆشی و کزبوونەوەی چاوەکانی لەکون و قوژبن دا ماونەتەوە .

# مەبەستەکانی شیعری ئەخۆل

## ١ - بابەتی دڵداری و ئەوین :

**ئەخۆل لە پێناوی خۆشەویستی لە هەموو شتێك لە پێشتر چاوانی دەکا بە قوربانی :**

**ئەگـەر چـاوم لـەتۆ جـوانتر کەسـێکی دی هـەتا مـاوم**
**ئـەڵێم خوایـە لـەو دنیـاش بەسـاغی هەڵنەیـە چـاوم (١٢)**

دڵی شەیداو پەرۆشی مامۆستا ئەخۆل وەك تـاوێرە بـەفرێکی خـاوێن کەوتۆتـە بـەر گـڕی نیگـای بەتینی کیژۆڵان و لە بۆتەی نازیاندا تواوەتەوە ... ئەو کیژەی دەستی بەسـەر خانـەی مێشـك و دڵی شەیدای ئەخۆل دا گرت لەسەرەتای لاوێتی یەوە تا ئەو قۆناغەی پیر و کەنەفت کەوت ناوی شیرینی ئەو شۆخە هەر لەسەر زمانی بوو..؟

**شـــەرتە تـــا ڕۆژی حەشـــر خولیـــای مـــن بـــێ چـــاوی یـــار**
**وێڵـــی ســـەحرابم هەمیشـــە تـــەرك ئەکـــەم خـــۆیش ودیـــار**
**شەرتە وەك مەجنوونی بێکەس دەشت و کێو بێ مەسکەنم**
**تـــا بـــەداخی لەیلـــەوە دەمنێنـــە قـــەبری تـــەنگ و تـــار (١٣)**

لەجێ ی خۆی دایە کە بڵێین مامۆستای کۆچ کردوو گۆرانی بێژی ڕەسەن و بەناوبانگ (**عەلی مـەردان**) ی نەمر ئەم پارچە شیعرە نایابەی ئەخۆل بەدەنگە ناسك و خۆشەکەی وتووە پـتر ناوبـانگ و بـرەوی داوە بە شیعرەکە... و فرمێسکی بیرەوەری بە چاوانی شاعیردا دەهێنـایە خوارەوە.
هاوار لێهەڵسان لە تاو زەبری گرانی عەشق شتێکی ئاسان نی یە ، گەلێکی لە پێشڕەوانی ئـەوین بوون بە ویردی سەر زمانـان وەك فەرهاد و مەم و مەجنون... تاد، ئاگری عەشق هەڵی پڕوکاندن بۆیە ئەخۆلیش کڵپەی شۆڕشێکی درێژ خایەن کەم و زۆر دەبێت ئێشی عەشق بچێژن بـە هـەژار گەدا دارا پیر و مورید لە گۆڕەپانی دڵی دا جێکردۆتەوە :

**عەشـــقە پەروانـــە دەکاتـــە زەڕەیـــە خـــاکی سیـــاە ...**
**نـاوی مەشـهوورە کـە مـەجنون بۆتـە سـەرگەردانی عەشـق**

**عالـەمی خسـتۆتە هۆهـۆی کـۆڕی زیکـری خۆیـەوە ...**

**شێخەکەی بەرماڵ بەشان و قوتبەکەی ڕەبانی عەشق**(١٤)

ئـەخۆل لـە دنیـای ئـەوین دا تـەپوتلی زۆری داوە ئێشـی گرانـی چەشـتوە ... تـاوی بـارانی بەفرمێسـکەکانی خـۆی دانـاوە گـوێ ی نەداوەتـە لۆمـە و تەشـەری ئـەم و ئـەو چـونکە دەری خستوەکە خوێندکـارێکی بەئەمەکی فێرگەی ئەوینە و شوێن پێ ی مەجنونی هەڵگرتوە:

**هێنـــدە بـــارانی بـــەهاران دێتـــە خـــوارێ چـــین بەچـــین**

**هـــەروەکو فرمێســـکی عاشـــق زیللـــەتم ئەعـــدا ئەکـــەم**

**یـەك بە شێت و یـەك بە هـار و یـەك کـەم عـەقڵم پـێ ئـەڵێ**

**یـــەك دەڵـــێ نادانـــە ئـــاخۆ خۆمـــە ، خـــۆم ڕیســـوا ئەکـــەم**

**شێت و هـار و نـادان و بـێ عـەقڵ بێبەشـم ئـەمما فەقـەت**

**واریســـی مەجنونـــە شـــێتیم عاشـــقی ئـــەحیا ئەکـــەم** (١٥)

لـە غـەزەلی ئـەی (**بـێ وەفـا**)دا وێنەیـەکی تـری مێرگـوزاری ئـەوین دەگـرێ، شـاعیر بـە ڕۆمانتیکیەت هەنگاو دەنێ . لە دوایی دا لە یارە نازەنینەکەی دەپاڕێتەوە، کە چی ژیانێکی پڕ لەتاسە و ماندوێتی بەسەر بردووە ، تەنانەت دایناوە بەگەورەترین بەدیهێنەر وە هێشـتا سـۆزی لـێ نـەبینیوە. شـەپۆلی سـکاڵا نامـەی بـەجاری کۆدەکاتـەوە دەچـێتە بارەگـای خۆشەویستەکەی دەستە ئەژنۆ کەسـاس دادەنیشـێ چـاو دەبڕێتـە چـاوەکانی، بـەزمانێکی پاراو ڕووی تێ دەکاو ئەم گەوهەرانـە لە کانی ی دەروون بـۆ هەڵ دەهێنجێ :

**خـۆ تـۆ خـوا نـەبووی سوژدەم بـۆ بـردی**

**وەك بـــت و ســـەنەم لـــە ملـــم کـــردی**

**تـــاقی ئـــەبرۆتم کـــردە قیبلـــە گـــاه**

**بـــەر دەرگاکـــەتم کـــردە خـــەڵوەتگاه**

**نـــاوی تـــۆم کـــردە ویـــردی زمـــانم**

**لـــە جـــێ ی تەهلیلـــەی ڕۆژ و شـــەوانم**

جگـــه لەمانـــەش ئـــەركی دڵـــداری

لــــه گریـــــه و ڕۆڕۆ شــــیوەن و زاری

ئەمانـــه و هـــەموو تەمـــەنی جـــوانی

پێشكەشــم كــردی زۆر بەئاســانی (١٦)

له غەزەلی (**دوا ئەوینم دا**) كـەتابلێ ی نـاوەرۆكێكی جـوان و بەسـۆزە، بـەلام لـه هەنـدێ بەیتا پەیڕەوی هونەری قافیەی تێدا نەكردوه...

بڕوانه چۆن لەبەر گڕی ئەوین دا وەستاوه و گلەیی خۆی دەكا:

بـەڵام چیبكەم نـازانم چـۆن بـت دوێـنم ؟

ڕووبـه ڕووی خـۆت بیڵـێم و بـی دركێـنم

مرۆڤ له تاو دڵكشاوی هاواری لێ هەڵئەسێ ئەی لەتاوچی؟ خۆ دار و بەردنی یه:

دڵشـــكاوم نەكـــەی دڵـــم بشـــكێنی ؟

زۆر گریـاوم دەخیلــه نــەم گرێنــی (١٧)

شاعیر كه دەستی نەگەیشتۆته دەستی ناسكی یاره سۆخمه ئاڵ و كەواشینەكەی چاوانی پڕ له فرمێسك و قورگی پڕ له گریان بووه ، دەفتەری سنگی وادەكاتەوە:

لەبــــەر زار و گــــرین چـــــاوم خــــەریكی پەردەپۆشـــــینه

لـه عەشـقی نەوجـەوانێ سـوخمەكەی ئـاڵ و كـەوا شـینه (١٨)

وادیـاره بـیر و داڕشـتن ی ئـەم بەیتـه لـه كانیـاوی شـیعرێكی شـاعیری ناسـراو مـەحوی یـەوه هەڵگوزاراوه كه دەڵێ :

لەسـەیری خەسـتەخانەی عیشـق ئـەوی سـەوزەی كەواشـینه

لەســەر هــەر خەســتەدێ یاخوێنــدنی یاســینه یاشــینه (١٩)

غەزەلی (**وڕێنـە**) یەکێکە لە شاکارە بە ناوبانگەکانی ئەمڕۆی غەزەلی کوردی. لە ڕاستی دا پڕە لە وردەکاری ودەربڕینی ناسك و جـوان جـوان ، پـتر شـیعر دۆسـتانی بـە ئـەخۆل ناسـاندوە. شاعیر ئاوا لە بۆتەی ڕۆمـانتیکی دا دەتوێتـەوە : دڵـی شـەیدا بـێ گێـرە و کێشـە خـۆی دەدا بەدەم لەشکری جوانی یەوە.. شاکاری یەزدان و هەڵبژاردەی سروشـت ئـەو ئافرەتـە ڤینۆسـە شۆخ وشەنگە بێ وێنەیە کە ئەخۆلی کردووە بە بالاٌ گەردانی خۆی ( **هەردی** ) ئاسا دەڵێ :

**دڵــم هــەر ئەودڵــەی جارانــە ئیســتاکەش ئــەناڵێنێ**

**هەناســەی ســاردی ناکــامی لــە ســینەم دا ئەتاســێنێ**

**ئەگـەر جوانیـت سـەرنجم ڕابکێشـێ مـەگرە لـێم چـونکە**

**جـەمالت پەیکـەری ڤینۆسـی خـوای جـوانی ئـەجوڵێنێ**

سەدان ئافەرین دەکەین لە شاعیری زاڵ و بەسەلیقە کە ڕەوانبێژی و لـەف و نەشـر و وردەکـاری لە جێ ی خۆی گرێ داوە بەسەرکەوتوو ترین شێوە:

**کــە تیشــکی ڕۆژ ئــەدا زاخــاوی پرچــی زەردی زێرینــت**

**لە لام قەوس وقەزەح هیچ ڕەونەق و شەوقێکی نامێنێ** (٢٠)

ئەخۆل خاوەن داستانێکی ڕێك وپێك و بەناوبانگە ئەویش (**تەسبیحی عەشق**)ە کە تیـای دا ڕاز و نیـاز و هەڵوێسـتی خـۆی خسـتۆتە ڕوو... ئـاوات دەخـوازێ ببێتـە پەپوولـە لەبـەردەم مـۆم دا بسووتێ یان کاتێك کە مرد خاك و خۆڵی ئێسکی داڕزیوی بدرێتـە دەم پەلـەوەری (**هومـا**) وە تـا بیگەیاندایەتە سەر گۆڕی لەیلاوە:

**تــك تــك لــە ئاسمــان بێمــە خــوارەوە**

**ببــاریم بەســـەر گـــۆڕی یـــارەوە ...**

**خۆزگـەم کـە ئـەرزێ ئێسـکم لـە قـەبرا**

**ئەکەوتــە ســەر عــەرز ئەیفڕانــد هومــا**

**بەربوایــە بــەدەم تــەیری هومــاوە**

**ئەگێرســا بــە ســەر گــۆڕی لــەیلاوە**

لەگەڵ ئەو بارە قورسەش دا هێشتا تاڵی گەشی هیوا لە دڵ نابڕێ و دەڵێت:

**لـــە ڕۆژی بـــوونم تـــا بـــە مـــردنم**

**نـــەمخوارد ســـەمەرەی ســـەیرکردنم**

**هـەر بـەهیوا بـووم تـاڵی ی چوومــە دەر**

**ئیستایش بەهیوام تا ڕۆژی مەحشەر**(٢١)

ئەخۆل لە غەزەلی ( **بێ سپێری** ) دا داستانێکی پڕ لە ئەوین، بەلام چی ئەوینێ ؟ پڕ لە قارەمانێتی و قوربانی دان لە پێناوی نەژاکاندنی پەڕەی گوڵی کوڵم و لێوی نازدارەکەی ...
لە ژیانی دا لە گیانی خۆشەویست تر نەبوو ئەویشی لە ڕێ دا بەخشیوە ...تەنانەت تکا لە دایکی چاو بەفرمێسك و ئازیزی دەکا، لەپاش مەرگی دڵی یارەکەی نەشکێنێ و لەبری ئەو ماچی بکاتی .. بێگومان ڕاسپێری شەهیدی ڕاستەقینە وەهایە ، ڕێگا بدات گەرمەشین لەسەر تابووتەکەی بکرێ :

**ئـەوا جێـت دێلـم ئـەی دایـە بـە عـومری بیسـت ویـەك سـاڵە**

**لـــە بـــێخ و ڕیشـــە دەرهـــاتم وەکـــو لالـــە و گـــوڵی ژاڵـــە**

ئەخۆل دەڵێ ، با هەوری گریان ، بارانی فرمێسك بگەێنێتە عەرشی بالای پەروەردگار :

**لەســـەر تابووتەکـــەم توخـــوا بڕێـــژە ئەشـــکی وەك زمـــڕووت**

**بگاتـــە لای خـــوا ئـــاهو هەناســـەو گریـــەت وناڵـــە**

لەسەر خۆشەویستەکەم تووشی هەر شتێك ببم شانازی یە بۆم بەتایبەتی کە ئەم خواستە هاتەدی ، بەرگی سووری شەهیدیم بەخۆمەوە دی :

**ئەگـەر چـی جـەورو قـەهری ئـەو بـووە قاتیـل بـە کوشـتی دام**

**بـــەلام زینهـــار دەخیلـــت بم دڵـــی مەشـــکێنە منداڵـــە**

**مـەڵێن دێوانـە بـوو خـۆی کوشـت لـە ڕێ ی عەشـقا کـە وا ڕۆیـیم**

**لەســـەر مـــەیتم بکـــەن شـــینم شـــەهیدم کفنەکـــەم ئاڵـــە** (٢٢)

(**سۆزی پیری**) ی ئـەخۆل بریتـی لـە تیشـکدانەوەی سـەردەم و بڵێسـەی لاوێتـی ... ئـەو گوڵەی لەدێر زەمانەوە ئاوی دابوو لە دڵی دا چەکەرەی کردبوو هەمیشە گەش و ئاڵ بوو ، لە پیریش دا نەژاکابوو ... ئاخ سەدان ئاخ پیری چۆن بیچم وهێزی مرۆڤ دەخەیتە قاڵبیکی سەر سوڕهێنەر و لاواز و لەرزۆك و بێ وزەییەوە ؟

**چـــەند جـــوانی بـــەڕوو ، جـــوانتری بـــەخوو**
**هـــەر تـــۆی لـــەلای مـــن لەنجـــەی لێهـــاتوو**
**بـــەڵام بـــەمن چـــی پـــیری دەس لەرزێـــن**
**ڕێ نـــــادا جارێـــــك بگاتـــــە داوێـــــن**

هـەروەها دەڵـێ خـۆ ئەگـەر تەمـەن بەبـەری یـەوە هەبووایـە و پـیری ڕێ ی لێ نەگرتایـە جوانترین دیاریم بۆ دەناردی تاجی گوڵ و گەردانەی فرمێسك :

**لـــە هـــەموو چەشـــنی گـــوڵی ڕەنگـــاو ڕەنـــگ**
**بـــۆت دەکـــەم تاجێـــك ، تـــاجێکی قەشـــەنگ**
**بـــۆت دەهۆنمـــەوە بـــە فرمێســـکی ســـوور**
**گەردانەیـــەك بـــۆ گـــەردنی بلـــوور** ... (٢٣)

لەلاپـەڕەی (٢٥) ی دیـوانی ئـەخۆل "چاپی دووەم" لـە ناونیشـانی بـۆ (دوو گـوڵ) چـامەیەکی کلاسیکی ئامێزی تەڕ و پاراو کاریگەر دەبینین . پڕێتی لە سۆز و پەل هاویشتن بەرەو ئەوینێکی ئاشکراو بەتین ... لە کاتێکدا گـیرۆدەی دوو شـۆخ ، دوو جـوان بـووە ناوەکانیـان دەخاتـە ڕوو، (دولبەر سەمەن) هەردووکیان دەخاتە دووتای تەرازووی پڕ لە خۆشەویستی یـەوە ، چـون یـەك بەباڵا یاندا هەڵ دەڵێ، سوێندی گەورە بەسەر و خەت وخاڵ و کوڵم و گۆنایان دەخوات:

**وێـڵ و سـەرگەردانی دولبـەر ، شـێت وشـەیدای سـەمەن**
**مـاڵ و سـەر قوربـانی دولبـەر ، گیـان بـە فیـدای سـەمەن**
**گەر نەکەن باوەڕ بە دولبەر سوێند بەوەی تریان دەخۆم**
**سـا بەحـەقی ئاینـەیی سـەر کـوڵم و گۆنـایی سـەمەن**

پەرۆشی ئەم دوو جوانە وا کاری تێ دەکەن، باڵ لە شاعیر پەیدا بکەن بۆیان بداتە کێوان. دەڕوانین وردەکاری و هونەری لەف و نەشر و خۆشخوانی بە باڵای شیعرەکەدا دەبڕێ :

**پەرچــەمی دولبــەر ڕەشــە بۆیــە جیهــان نیــوەی شــەوە**

**ڕۆژ وەختێکیش کە دەرکەوت ڕوویی زیایی سەمەن** (٢٤)

کەواتە نازو جوانی هەردوکیان یەکسانن.

**سەرنج** : لـەژیانی ئـەخۆل دا دوو گـوڵی وا شـۆخ و شـەنگ بـەو ناوانـە نەبیسـتراون کـەوا کوشتەیـان بووە. گومانم وایە کە پێچەوانە بێت...؟

شاعیر کاتێ نەخۆشی تەنگی پێ هەڵ دەچنێ تکا لە خۆشەویستە دێرینەکـەی دەکات دیدەنی بکات تاکو بە شادمانی خواحافیزی لە ژیان بکات دنیای ئەوین بەجێ بهێڵێـت :

**گیانــە نەخۆشــم نەخۆشــی گیــانی**

**ڕۆژ ئــاوای ژینمــە بــەتافی جــوانی**

**توخــووا بێــرە لام لــە ســەرەمەرگا**

**بـا چـاولێك بنـێم بـە کامـەرانی** (٢٥)

(**بەیادی جاران**) کەبریتی یە لەشەش کۆپلـە شـیعری نـوێ سـەهلی مومتـەنیع واتـا ڕەوان و پڕواتا، دیـارە زۆر دڵبەنـد بـووە بـەڕێبازە شـیعری یەکـەی مامۆسـتا گـۆران بەتایبـەتی لـە شیعری (**بەستەی دڵدار**) دا ئەم کارتێ کردنە ڕوونە ، گۆران دەڵێ :

**قیبلــــەی ئــــاین وبــــاوەڕم**

**خــــوای بەهەشــــتی دڵتــــەڕم**

**وەك ســــەرەڕۆی شــــوێن ئامــــانج**

**نــــــەزازا، نــــــەکرمانج**

**گــــــەڕام کوردســــــتان**

**گــــــەرمیان و کوێســــــتان**

**نــــە لەشــــار و نەلــــەدێ**

**نــــــەم دی کــــــەس ..**

**وەك تــــۆ جــــوان بــــێ**

**تۆیــــــت و بــــــەس** (٢٦)

ئـەخۆل وەك پـەیرەوی کـردن بـەپێ ی ژمـارەی کۆپلـەکانی شـیعرەکەی گـۆران هـی خـۆی ڕازاندۆتەوە، لە کۆپلەی دووەم دا دەڵێـت :

**لـــــەناو بـــــاخ و گـــــوڵزارا**

**لـــە مێـــرگ و مێـــر غـــوزارا**

**لـــــە هـــــاوین و بـــــەهارا**

**لـــــە نزیکـــــی چ لـــــەدوور**

**نەمـــدی وەك تـــۆ بـــاڵا بـــەرز**

**وەك تۆ شوو شوو عەر عەر تەرز** (٢٧)

لـە دوای قاڵبوونمـان لـە نـاو گـوڵزاری شـیعرە ناسـك و ئەویندارەکانی ئـەخۆل دا، لـەو جیهانـە ڕووناکەوە توزێك دەکەوینە جیهانێکی لێڵی کورتەوە ... هێچ شاعیرێك هەموو شـیعرەکانی بـاڵانین (( هەیە زوربەی زۆری سەرکەوتووە ، هەیە نیواو نیو هەیـە کـەمتر .. تـاد )) لـە دیـوانی ئـەخۆل دا هەندێ بەیتە شیعر یان پارچە شیعری دی دەبینین تاسەو تینوێتی ی خوێنەر ناشکێنن.

مەرجی هونەری و پێزی شیعریان بەسەردا دانابڕێت ،بە تایبەتی ئەم پارچە شیعرانەی خـوارەوە دەس نیشـان دەکـەین وەك (ڕازی بـوون لاپـەرە ٨٥، پـەیمان - لاپـەڕە ٨٦ ، جـێم مەهێڵـە - لاپەڕە ٨٦، هیوا لاپەڕە ٩٠، نازەنین - لاپەڕە ٥٦، ڕۆژی ئاوا لاپەڕە ١٦، وەچەند بەیتێکی تر کە تێهەڵکێشن لە غەزەل و چامەدا بـۆ نموونـە پارچـە شـیعری (ڕازی بـوون) کـەم و کـووڕی یەکەی گوێ نەدانە بە پێش قافیەکـەی دوو وشـەی (ئـیتر بەسمـە ) یـە. لـە زانیـاری ی شـیعری عەرووز دا دەبێت پێش ئەو دوو ووشەیە قافیە یەك بێت و پارێزگاری بە یـەکبوونی یـەوە بکـات. خۆئەگەر ، لەم سنوور و یاسایە دەربچێت مەرجی قافیە ون دەکات کە کۆڵەکـەی شـیعرەکەیە ، جگە لەوەش لە ناوەڕۆکیش دا کۆڵەوارن بەمانە چێژ لە شیعر دەبڕن .. وەکو :

**مەرامێ وا لە دڵمایە هەتا قیامەت ئیتر بەسمە**

**لە حەشریشا منم داعی ئەویش شاهید ئیتر بەسمە**

**کە خوێن ڕێژراوی ناحەقم لە دونیای ڕوون وبەربادا**

**بەبەرگی سووری خوێنینم شەهیدێکم ئیتر بەسمە**

بڕوانە ئەم پێش قافیانەی تریش :

... **غوبـــاری پێـــت ئـــیتر بەسمـــە**

... **قاپیەکـــەت لـــەوێ بم ئـــیتر بەسمـــە**

بێگومان تێکرای چامەکە بەم کەم و کووڕی یەوە دەربڕینە دووبارە و سێ بارە بووانە دێتـەوە و کۆتایی دێت ..

هەروەها ئەوانەی کە دەست نیشانمان کـردوون کـەم یـان زۆر ناتـەواوی پـێش قافیـە و دووبـارە بوونەوەی وشە و وشەی سواو دەگرنە ئامێز ... ئێمە نکوولّی ناکـەین لـەوەی بلّـێین هـەر شـیعر نین، هەندێکیان سۆزیان تیادایە بەلاّم وەك شیعرەکانی تری ئەو گرو کلّپـەو ناوبانگـەیان نییـە . لـەوە دەچـێت زۆری لـە خـۆی کردبێـت بـۆ وتـن و نووسـینیان یـان بەرەشـکاری و ناتـەواوی هێشتۆنیەوە ... دوایی وازی لە دەس پیاهێنانیان هێنابێت ...

یان هی سەردەم و نۆبەرەی شیعر وتنیەتی دایناوە و هێشتا قالّ نـەبووە لـە هونـەری شـیعردا . ئێمە نالّێین نابێت شاعیر شیعری لاوازی هـەبێت ، بـەلاّم دەبوایـە مامۆسـتا خـۆی بـە سـەریان دا بچوایەتەوە نەختێ ئاسایی دای بڕشتایە تەوە .

لـەکاتی نووسـینەوەی دیوانەکـەی دا ، کەبەهیمـەت بـەپیر داخـوازی یەکەیـەوە چـووم ئـەم پێشـنیارەم عـەرزکرد ، کـە گوایـە ئـەم چـەند پارچـە شـیعر و تاکـە تاکـە بەیتانـە خەبیرەکـە دەستنیشانی کردووە کە لاوازن و پڕن لـە کـەموکووڕی ، بگـرە لـە دلّسـۆزیی خەبیرەکەیـە و لـە قازانجی تۆی بەرێزدایە کە لە دیوانەکە دەربکێشرێن چاکە چونکە زۆر وێرانن ... بەلاّم مامۆسـتا لە وەلاّم دا فەرموی. دەزانم بەلاّم کـورم وابزانـە ئـەم دیوانـە شـیعرە دارگوێزێکـە بـەرێکی زۆری گرتوە بێگومان لە ناو ئەو بەرە زۆرەدا گوێزی پووچەلّ و کوێریش دەبینرێ ..

بە هەموویشیان دەلّێن گوێز، با لە قەبارەی دیوانەکـە کـەم نەبێتـەوە. دیسـان پێموتـەوە بـەرێز ئەوبۆچـوونە لەگـەلّ ئـەدەب دا جیـاوازە ، خـۆ ئەگـەر وایـش بێـت خـەلّکی گـوێزە پووچـەلّ و کوێرەکان ناخوات و نایانەوێ . تۆیەك زوربەی شیعرەکانت شـاکارن ، ویـردی سـەر زمانـانن مـن لەگەلّ خەبیرەکەدا یەك دەگرمەوە ، بـا هـەتاوەکو بەچـاپ نەگەیـەنراون چارەسـەریان بکـەین . بەلاّم مامۆستا پێ ی دلگران بوو، لە داخوازی یەکەی نەهاتـە خـوارەوە سـوور بـوو لەسـەری تـا بکەونـە بەرچـاوی خوێنـەران. دیوانـە دەستنووسـەکەم هـەلّگرت بـردم نیشـانی مامۆسـتایان (کامـەران مـوکری و مـەدهۆش و ڕازی و زاهـیر سـەوز ) م دا بـەلّکو کاربکەنـە سـەر مامۆسـتا ئەخۆل... ئەوانیش وەك بەندەبیریان دەکردەوە تەنانەت مامۆستای کۆچکردوو کامەرانی مرۆڤ و مەزن فەرموی : منیش لەوە پێش لەگەلّم وتوە ، قایـل نـەبوو .. ئـیتر دەسـتم لـەوە شـۆری و بردمەوە بۆماڵەوە لەماوەی حەفتەیەکدا بـۆم نوسـیەوە و دامـەوە دەسـتی .. گـەلێك خوشـحالّ بوو... لەوەدا بۆم دەرکەوت پەندێك هەیە لە کـوردی دا (مشـتێك نموونـەی خەروارێکـە) بەسـەر دیوانی شاعیران ناگونجێ و ڕێك نـاکەوێ.

## ٢- بابەتی نیشتمانیی کۆمەڵایەتی:

گەرچی ژیانی ئەخۆل پڕ لەئەوین و دڵداری و هەناسەی دووری ژیانی ئازیزی بووە... ئەوە ناگەیەنێت کە ئاوڕی لەخۆشەویستی نیشتمان و نەتەوەکەی نەدابێتەوە... ئەخۆل شاعیرێکی لێهاتوو بووە لەم ڕێبازەدا برێك لەشیعرەکانی گەواهی بۆچوونەکەمانن. هەمیشە چەوسێنەرانی بە دڕندەو خۆرە ناوبردووە. ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە کەویستی جەماوەر بەهێزە، چرای فێڵی تۆقێنەران دەکوژێنێتەوە، پیرۆزی خاك و تروسکەی خەبات ویردی سەرزمانی بووە لە پارچە شیعری (پەیکەر)دا بیری بێگەردی نیشتمان پەروەرانەی دەردەخات. خاك و ئاو و شەهید کەرەستەی شیعرەکەیەتی کانیاوی سوور خوێنی پاکی جوانە مەرگانە، داخی لێ دێ کە خاکی بژوێن و ڕازاوە بووە بەفەرشی سەرەڕێ ی ناحەزانە ئەم بووژێنەرەوەیە ،ئێسك و پروسکی باوك و باپیرانمانی لا پیرۆزە پەیکەری نەمری یان لێ دروست دەکا تابێتە پەرستگە:

**بەمشت لەو ئاوەی نیوەی خوێناوە**\
**تەرمی شەهیدی لەپێ شۆراوە**\
**بە وردە ئێسکی باوك و باپیرمان**\
**بەخاکی بێ خۆست ژێر پێی دوژمنان**\
**لێ دروست ئەکەم پەیکەرێکی جوان**\
**لە بەرزترین لوتکەی چیاکان**\
**هەتا هەتایە وێنەی خەبات بێ**\
**جێی زیارەتگای ڕۆڵەی وڵات بێ** (٢٨)

ئەخۆل جەژنی ئازاری و سەرکەوتن بەجەژنی ڕاستەقینە و بێ لەکە دادەنێت، بۆیە لە وەڵامی (جەژنە پیرۆزەیەك) دا بەئاشکرا هەستی دڵسۆزیی و نەتەوایەتیی دەخاتەڕوو.

**جەژنی چیم پیرۆز کام جەژن و شادی**\
**بە دڵشکاوی بە ناموڕادی**\
**ئەو جەژنە، جەژنە هەموو ئازادبین**\
**ئەوساکە بیکەن گەردن ئازادی** (٢٩)

لەچوارینەیەکی تـردا پـیرۆزی و گرنگـی خاکەکـەی بـاس دەکـات کـە هـەزارانی لـەپێناودا شەهیدکراوە، نابێ ڕێ بەدوژمن بدرێ تاکو وێران و تالانی بکـات.

**ئەم خاکە  پاکە هی تۆیە و هی من...!**
**تیایـــا ڕزیـــوە ســـەد جـــۆرە مـــردن**
**ئێســـك و پروســـکی بـــاو و باپیرمـــان**
**نایـــدەین بەفیـــڕۆ تـــالان بـــەدوژمن** (٣٠)

ئەخۆل مژدەی ئازادی و سەرفرازی گەل لەشەبەقی هیوادا بەدی دەکـات ئـەم هەسـتە لـە (**نامەیەك بۆ شێردڵ**) دا وەك گوڵە ئەستێرە خۆی دەنوێنێ بەم شێوەیە هاوبەشیی تاسە و ئازاری برا کۆڵنەدەرەکەی دەکـات :

**بـــەڵام براگیـــان نەکـــەی دڵتـــەنگ بـــی**
**لـە بـانگی ڕاسـتی کـپ و بـێ دەنـگ بـی**
**هــەروەك شــێردڵ بـووی شــێرانە بــژی**
**لـە زینـدانا بـی لـەکۆڕی جـەنگ بـی** (٣١)

پرۆفیسـۆر دوکتـور عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـول لـەکتێبی (**ڕیـالیزمی لەئەدەبی کـوردی**) یەکەیدا بایەخی بە شاعیر داوە:

(ئەخۆل شاعیری گەرمەشین، کە وازی لەجیهان و گشت خۆشی و ڕابوردێکی هێنابوو، سەری خـۆی هـەڵگرتبوو، لـەکێوان دا دەسـووڕایەوە لەبـەردەم دەرگـای ماڵانـدا سـروودی بـۆ خۆشەویستە تۆراوەکەی دەخوێندەوە... دلێری گەل وای لێکرد کـە هیـوا تـازە بکاتـەوە و لەگەڵ براکەیدا بەکۆت و زنجیرەوە چەند ساڵ پاداشتی خەباتی پێوەندکرابوو، هاوار بکەن:

**مـــن لەگـــەڵ تـــۆم و تـــۆش لەگـــەڵ منـــا**
**تـــەوقی ئەســـارەت وا لـــە گـــەردنا** (٣٢)

کارەساتی شەشی ئەیلولی (١٩٣٠) کە بەرۆژێکی ڕەش و تاریك و ترسناك دەژمێررێ لەمێژووی نەتەوەی کورددا.
لەکاتێکدا ئیمپریالیزمی بەریتانی خواستی گەلەکەمانی پێشێل کردو کەوتە وێزەی هاونیشتمانیان بەچەکی کوشندە دەیان گوڵاڵە سوورەی هەڵپڕوکاند و ژاکان... زۆربەی شاعیرانی کورد لەو سەردەمەدا ئەو ڕاستییە مێژووییە بە شیعر دەردەخەن و درندەیی ئینگلیزی داگیرکەر دەگێڕنەوە و ڕیسوا دەکەن.
لەو شاعیرانە وەك (پیرەمێرد - حەمدی - گۆران - سەلام - قانع - بێکەس - ئەسعەد مەحوی...تاد) ئەخۆلیش خۆی لەم بوارە داوە و شێرانە پەرپوەتەوە، لەبابەت پارچە هۆنراوەی ئەیلولی خوێناوی ئەخۆلەوە ڕەئێکی پرۆفیسۆر دوکتور مارف خەزنەدار تۆمار دەکەین: (لەشیعرەکەی حەمدیش نەرمتر پارچە شیعرەکەی ئەخۆلە کە لە ڕۆژێك دوای کارەساتەکە واتە (٧)ی ئەیلولی (١٩٣٠) وتراوە ئەمە لاواندنەوەیەکی دڵسۆزانەیە بۆ فرمێسکی بەکوڵ (٣٣) ئەمەش چەند بەیتێکە لەبارەی ئەو ڕۆژگارە پڕ لە داماوی یەمانەوە:

**بەیانی بوو شەشی ئەیلول لەناکاو گوللەی وەك باران**
**ئەباری بۆ قڕی میللەت ئەوی پیرە و ئەوی لاوە**
**بە دەم شەست تیرەوە لاشە وەکو زۆربەی گەلاڕێزان**
**لە ڕێیدا عەینی ئەتووت بەردەبازی جۆگەلەی ئاوە**
**ئەوی دوێنێ جگەر گۆشە و عەزیزی باب و دایك بوو**
**ئەوا ئەمڕۆ لە ژێر خاکا شەهیدە و چاوی لێك ناوە**

بە ڕاستی ئەو قەلاچۆکردنە تاوانە، لەیادی هاوڵاتیان بچێتەوە :

**چ قینێکە چ زوڵمێکە چ کوشتار و برینێکە ...؟؟**
**ئەبێ قەت بیر نەچێ هەرگیز هەتا کورد زیندووەماوە**(٣٤)

کاتێ ئەفسەرانی ئازادیخوازی سوپای عێراق بە پشتیوانی هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەر ڕاپەڕی و قەڵای تاوانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزیان سەرەو بن کرد، ڕژێمی پادشاهی کۆتایی پێهات بوو بە بەدەنگدانەوەیەکی جیهانی. ئەخۆل بەجۆش وخرۆشەوە بە کورتی چیرۆکی ئەو

باره ڕابوردووه دەهێنێتەوە، کە چۆن وڵات بە دەست ئـەو تاقمـەوە وێـران کرابـوو ، ئـازادی لـە ئارادا نەبوو ، گەلیش بەشی کوشتن و بڕین و سزا و زیندان بـووە. بـەهاتنی شۆڕشـی چـواردەی گەلاوێژ ١٩٥٨ تاڕادەیەك پشوو و بەختەوەری باڵی هێمنی کێشا بەسەر نیشتمان دا : -

**منداڵ بووم بیرمە مێـژووی کوردستان**
**وەك سـەر گوزەشـتە وەکـو داسـتان**
**لـە بیرمـە چـلۆن بـوو بـە وێرانـە**
**بـە گوللـە وتـۆپ و بومبـای بێگانـە**

ئینجا وەك مزگێنی یەك دەڵێت :

**دەنگێـك پـڕ نـەعرە و بـانگی ئـازادی**
**ئەزرنگایـــــەوە وادی بـــــە وادی**

خۆشترین بانگەواز ، بانگەوازی ئازادی یە ، ئازادی گەل ئەی وت :

**ئـــەی گـــەدای دیـــل و ســـەرگەردان**
**ڕاپـەڕن لەخـەو ، خـەوی چـەند ساڵان**
**وەرنـــە ژێـــر ســـایەی داری ئـــازادی**
**پاش ساڵە های ژین بە نامورادی** (٣٥)

ئەخۆل جێگایەکی تایبەتی و دیاری هەبووە لە ناو کۆمەڵی کـوردەواری دا ، هەمیشـە بـڕوای بـە ماندوێتی و ئارەق ڕشتن و هێزی دەست و بازووی خۆی بووە. تکا کردن و کوڕوزانـەوەی بـەلاوە پەشم بووە ... بۆیە ڕاستەوخۆ لاپەڕەی دەفتەری دڵی بۆ هەمووان دەکاتەوە :

**لـــە خـــوێن و خـــۆڵا گـــەر بتلێمـــەوە**
**نـــاگریم ، نانـــاڵم ، ناکڕوزێمـــەوە**
**چـاوم تاریـك بـێ گـەر لەبرسـانا**
**لـە هـیچ نامـەردێ ناپاڕێمـەوە** (٣٦)

دیسان دەڵێت :

**ساقی پەروەردەی ناز و نیعمەت نیم**
**پێڵاو دابەستووی ڕێگای جەننەت نیم**
**تۆ لە هەستیما بم کە بە نەبوو !**
**تا ئەستۆ شکاو باری منەت نیم** (٣٧)

ئەخۆل لە هەندێ چوارینەدا پەیرەوی (**خەیام**) ی کردوە ...
چووەتە تەنگاوی دەربارەی فەلسەفە و دەیەوێت بەرەو قولایەکەی بڕوات :

**ئای چەند نەفام و بێ هۆشی ئینسان**
**گریمان بوویتە شاهەنشای جیهان**
**بریسکەی تاجت بدا لە ئاسمان**
**ئەزانی دوایی جێتە گۆڕستان**

دیسان لەمەڕ ئەوانە لە خۆیان بایی دەبن دەڵێت :

**دوێنێ ئەناسرای کوڕی گەدابووی**
**پەروەردەی شەق و جەور و سزابووی**
**ئەمڕۆ خوا دایتێ نانێکی بەپێز**
**ئەی بۆ خەڕۆ بووی لای خۆت بە شا بووی؟**

ئەخۆل بە شیعر تیرێکی ژەهراوی دەنێت بە جەرگی ئەوانەی خۆیان بە زل دادەنێن و منەت بەسەر زەوی و خەڵکیدا دەکەن : -

**خۆت زل مەبینە بەڵێ بازل بی**
**خاوەنی گەنج و تێر و تەسەل بی**
**ئەبێ بزانی ئەم چەرخە ڕۆژێك**
**ئەتباتە ژێر خاك پاك یا چەپەڵ بی**(٤٠)

## هەناسەی دووری وفرمێسکی پڕلە پەژارە :

ئەخۆل کۆمەڵێك وشە ئارای دەربڕینی ناسك و جوان لە دڵێکی پڕ لە کەف و کوڵی بیرەوەری یەوە وەسفی لەباری کوێستان و گەرمەسێری کوردستانی ڕازاوە بە هەوارگە و کانیاوی شیرین و مێرگوزاری لیرەواری دڵفرێن دەردەبڕێت، ئەمەش لە دوو توێ ی (**نامەیەك بۆ هاورێ یەك**) ی لە ساڵی ١٩٤٨ دا نووسیوە:

**بـرام پـێم بڵــێ ئیســتەش وەکـو جـاران بــەعود و نــەی**
**لـە دڵتانـا هـەڵ ئـەقوڵێ نەغمــەی پـر سـۆز و پـڕ ئۆخــەی**
**وەکـــو جارانـــە بـــاوی سەرچـــنار و بـــەزمی ئێـــواران**
**بشــۆن بــەو ئـاوە چــی هەیــە جــەور و جــەفای دەوران**

کاتێ وەسف دەگاتە لوتکە نابێ ئەم بەیتەی ئەخۆل فەرامۆش بکرێ :

**کە ڕۆژ پرشنگی ڕۆژ ئاوا شەویش هی مانگ و ئەستێرە**
**چەو و زیخی بنی یەکسەر ئەڵێ ی مرواری یە و زێڕە** (٤١)

ئەخۆل لە گفتوگۆیەك دا لە تەك گردی سەیوان دا وێنە و شاکارێکی شیعری پێشکەوتوو و سەرکەوتوومان دەخاتە پێش چاو.

دەمانخاتەوە ئامێزی کۆمەڵی یاد و بیرەوەریی بە قەڵەمی دڵ و کامێرای چاوی جوانترین وێنە و مێژووی گردی سەیوانی کێشاوە و باسکردوە. ئەوەی بە خەیاڵی دا هاتبن لە بابەتی سروشتی و مێژووەوە وتوویەتی و درێخی نەکردوە، هەست و مافی پێ شێلکراوە وەك ئەو گیانە زیندووانەی کە بونەتە خاك و خۆڵ. تاسە و پەژارە و هەناسەی ساردی ، کە ئەم بارە نالەبارە لە ڕۆژگارێکی بێ وەفا و کەڕ و کپ دەبینێ ، چاوی دەپەڕێتەوە پشتی سەری و ئاواتی مەرگ دەخوازێ. لەم ڕوانگەیەوە پرۆفیسۆر دکتۆر عزەدین مستەفا دەڵێت :

کاتێك پیرەمێرد دەست لە نائومێدی و گریان هەڵ دەگرێت لەبەردەم گەلی سەرکەوتوودا ، چەند شاعیرێکی تر لەسەر ئەو ڕێگایەی ئەو دەرۆیشتن و دلێری گەل وای لێکردن کە هیوای سەرکەوتنیان تیادا تازە بێتەوە پاش نائومێدی یەکی دوور و درێژ، بۆ نموونە ئەخۆل کە لەبەردەم ((**گردی سەیوان**)) دا دەوەستا و چارەنووس و ڕابووردوو چەوساندنەوەی دیلێتی ی کوردی دەخستە پێش چاوی و چارەیەکی تری نەدەزانی بۆ ڕزگار بوون لەسەر شۆڕیی جگە لە مردن :

**ئەی گەردوون کە تۆ ئەمەبێ وەفات**

**بۆچی بمێنم بکێشم جەفات ؟**

**قەسەمت ئەدەم بەحەقی یەزدان**

**وەرە تازووە بمنێرە سەیوان**

**وەك لە دنیادا کەوتوومە بەرپێ**

**بالەوێ ببمە خاکی سەرەڕێ** (٤٢)

دیسانەوە لە مەڕ گرنگی و ناوبانگی پارچە شیعری بەپێز و تێر و تەسەلی (**گردی سەیوان**) ەوە بیرەوەرییەکی شاعیر تۆمار دەکەین کە پەیوەندی بە شیعرەکەوە هەیە: برادەرێکی ئەدیب کە زۆر جار لەگەڵ شاعیردا دانیشتنی بووە، دڵبەندی شیعری گردی سەیوانە کەی بووە، ئەم بیرەوەری یەی چەند جارێك لێ بیستوە، گوایە لە دانیشتنێکدا ئەخۆل و شێخ نووری شێخ سالّح و شێخ سەلام و فایەق بێکەس ، پێکەوە دەبن لە بابەت ئەدەبەوە دەدوێن .
شتێکی وا دێننە پێشەوە کە هەر کەسە و لەو چوارە خۆشەویست ترین شیعری خۆی دەست نیشان بکاو بیخوێنێتەوە یەکەم کەس بێکەس دەس پێ دەکات بە شیعری (**ئەی وەتەن**):

**ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم وشێوەتم بیر کەوتەوە**

**وەختی بەندی و ئەسارەت پێ بەتەوق و کۆتەوە ....تاد**

دووەم کەس شێخ سەلامی شاعیر دەست پێ دەکات چامەی (**لەکانی مانگا**) دا دەخوێنیتەوە کە بەم بەیتە دەست پێ دەکات:

**بەختەکەم بەد بەخت و شوومە سەر لە جێگە پێ ئەنێم**

**ئارەزووم ئاوی حەیاتە کانی مانگا دێتە ڕێم ..... تاد**

سێیەم کەس شاعیری هەڵکەوتوو و تازەکەرەوەی ئەدەبی کوردی شێخ نووری شێخ سالّح بە غەزەلی (**شەو**) بەم بەیتە دەست پێ دەکات:

**خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵ بریندارانی شەو**

**نەك خوانەکردە گیرابێ دوعا و ونالانی شەو**

چوارەم کەس لـەو دەمـەدا شـاعیری لاو ئـەخۆل بەشـداری دەکـا بـە هەڵبـژاردەترین و چـاکترین شیعری خۆی شیعری (**گردی سـەیوان**) لەئـەنجامی گفتوگـۆ و هەڵسـەنگاندن بـەپێ لێنـانی سـێ شـاعیرەکەی دی گـردی سـەیوانەکەی ئـەخۆل دەکەوێتـە پێشـەوەی شـیعرەکانی ئەوانـەوە و بەیەکەم دەردەچێت. لەیادناچـێ ئـەخۆل گـەلێ ئـەزموونی شـیعری خـۆی بـاس دەکـرد ، بـەلام هەمیشە هەناسە و ئۆفی بەدواوە بـوو. سـنگی گەنجینـەی مـەردان بـوو، وەك وتمـان لەمێـژ بـوو تێکەڵ بە شاعیران و ناوداران بووە ... بەهۆی شارەزایی و وریایی یەوە جێگەی خۆی کردۆتەوە یان لە دڵیان دا پەیدا کردوە و شیعری بۆ خوێندوۆتەوە و شیعری پێ هەڵسەنگاندووە.
کاتێك ئەخۆل غەزەلـە نایابەکـەی (**تکـانی ئـابڕووی چـەمەن ...**) بـە شـێوەیەکی چـاك و سـەرکەوتوانە دەکاتە پێنچ خشتەکی و دەبیات نیشانی زێوەری دەدات ئەویش پـاش سـوپاس و سـتایش لـە پاداشـتا ئەملاو لای ماچ دەکات و دیاری یەکی باشی پێداوە کـە بەشـی برادەرەکانیشـی لێ بـدات. لـە زۆر بۆنـەدا زێوەر لە لێزانی و سەرکەوتوویی ئەخۆل دواوە. مامۆستا زێوەر یەکەم کەسە بە بەرهـەمی زۆر لـەبار لای لە ئەدەبی منداڵانی کورد کردۆتەوە. ئەودەمـەی کـە مەتـەڵ بـاو بـووە بـە شـیعر بـووترێ ، زێـوەر ئـەم مەتەڵەی هۆنیوەتەوە بەحەوت بەیت ڕووبەڕووی شاعیران و خوێندەوارانی کردۆتەوە بۆ وەلامی ڕاست.

**کۆنـــە شـــارێکە لەجێیـــەکی دەشـــت**
**حرووفـــەکانی دووی کەمـــە لـــە هەشـــت**
**دووانـــی تەبیعـــەت دواییـــە بەخـــەڵك**
**سیانی چشتێکە بۆ ڕووی ئەرز بەکەڵك** (٤٣)

لەهـەمان دیـوان واتـا (**سـۆزی نیشـتمان**) لـە دوای لێ بوونـەوەی مەتەڵەکـەوە ئـەم تـێ بینـی یـە نووسراوە: (لەلایەن شاعیر ئەخۆل "ئەحمەد دەروێش"ەوە بەم جۆرەی خوارەوە هەڵهێنراوە ...) بەڵێ، مامۆستا ئەخۆل بە دە بەیت وەلامی مەتەڵەکەی داوەتەوە، تیای دا داخوازی ئەوەی کردووە کە (خۆی و بلە و گۆران) ژەمی لەخواردن تێر بکەن لێرەدا وا سێ بەیت بڵاودەکەینەوە:

**جـوابی زێـوەرە ئـەی پـیری پـڕ مـەعنا و ورد خاڵـە** ....
**ئـەوا دۆزیمـەوە ئـەمما مەتـەڵ شـەش پیتـە خورماڵـە** ...

وەبەم دووبەیتە کۆتایی پێ دێنێ :

لە سێهەم پیتەوە تاشەش ئەوە (خورماڵە طالع گەر)
بەڵام عەیبی نەبێ پاداشتی لەلای کامتانە تۆ ، زێوەر
ئەگەر لای خۆتانە تێرمانکە ژەمێ خۆم و بلە و گۆران
بەڵام گەر لای جەنابی زێوەر ڕێکی ئەخەین خۆمان (٤٤)

ئەخۆل لەم جۆرە شیعر و وەڵامانەی زۆر هەبوو بەڵام بەدەستەوە نەبووە بیخاتە ئامێزی دیوانەکەیەوە. هیوادارین سەرجەمی شیعرەکانی بۆ چاپێکی تر بەڕێك وپێکی بکەونە بەرچاوی خوێندەواران.

## ٣-بابەتی لاواندنەوە و گەرمەشین

بابەتێکی تری مەبەستەکانی شیعری ئەخۆل بریتی یە لە لاواندنەوە، کە ئەویش جوڵاندنی هەست وسۆزی شاعیرە و کارتێکردنێتی بەرامبەر ئەو کۆستەی کە هاتۆتە ڕێی لە ژیان دا ، بێگومان بە هەڵوەرینی گوڵی گیانی پاکی ئازیزان کۆڕی شین و ماتەم سەرتاپای دڵ و دەروونی هەستیار دەگرێتەوە. ئەم بابەتە زۆر جار تێکەڵ بە بابەتی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی دەبێت ... ئێمە لێرەدا سەربەخۆ لێ ی دەدوێن. لاواندنەوە ئاوێنەیەکی پاك و بێگەردە لە دەروونی شاعیر بۆ دەرخستنی پلەی ئێش و فرمێسك ڕشتن لەلایەکەوە لەلایەکی دی یەوە ڕوونکردنەوەی باری پەیوەست بوون بەرامبەر بەو کارەساتە، بەرامبەر بەو نەهاتی یە بەو کەسە، کەوەك خۆر ئاوابووە ... ئەخۆلی شاعیر و مرۆڤ ئەم کەلێنەی پشت گوێ نەخستوە بگرە برەوی پێداوە بە دوو شێوە یەکەم شیوەنی بۆ لە دەس دانی ناوداران و شاعیران ... دووەم شیعری لاواندنەوەی ئازیزان بۆ سەرکێلی گڵکۆکانیان بە پۆستەرە شیعر. هەردوو چەشنەکە لە دیوانە چاپکراوەکەی دا تریفەیان دیارە. وردە وردە نموونەیان لێ دەخەینە ڕوو ، بە گوێرەی مێژووی دانانیـان.

### یەکەم/ یادی شەهیدان

ئەخۆل وەك تێکڕای شاعیرە نیشتمان پەروەرەکان باری ماتەمی دایگرتوە، بۆگیانی چوار لە شەهیدان (**عیزەت و قودسی وخەیروڵاو خۆشناو...**) بەپیرتەرمە کەیانەوە چووە. بەشیعری پڕلە تاسەو فرمێسك هەڵوێستی خۆی ڕوون و تێدا لەوە دواوە کە بەشی ژیانی ئەم گەلە کەوتۆتە ژێر

باڵی تارمایی و کلۆڵی یەوە، هەناسەی ساردی و تاڵی میوانی هەمیشەیی یانە لێشاوی پەژارە سەری لە هەش گرتوون بەوار و یەخیان دا چۆتە خوارەوە ... لەهەمان کاتدا بەڵێنی نەمری و تۆڵەسەندنەوەی پێداون ... گیانیان دەکاتە (ئاسۆ) کە هەمیشە زیندووە و لە دەرکەوتنایە :

**گـەردون چـیت نـەکرد لـە کـوردی هـەژار؟**

**چــی مــاوە نەیکـەی کـەچ ڕەو و ڕەفتــار ؟**

**کام شاخ و کام دەشت، کام لوتکە وسەریاڵ؟**

**گوڵگونـت نـەکرد بـە خـوێنی کـورد ئـاڵ !**

**ئینجــا بەشــینی چــوار ڕۆڵــە لـــەش لاو**

**عیــزەت و قودســی و خــەیرولا و خۆشــناو**

**قــــەت وامــــەزانن ناوتــــان ونبــــووە ..**

**بالەشــتان بمــرێ گیانتــان زینــدووە** (٤٥)

ئـەم هـۆنراوەیـە بـۆ شـەهیـدان



عیزەت عەبدولعەزیز و مستـەفا خۆشنـاو و خەیرولا عەبدولکەریم و محەمـەد قودسی

وتراوە کە (( لە ساڵی ١٩٤٧ دا لەلایەن ڕژێمی پادشایی عێراقەوە لە سێدارە دران ))

## دووەم / شینی بێکەس ١٩٤٨

بێکەسی نەمر هاوڕێ ی گیانی و خۆشەویستی ئەخۆل بووە. هەڵوێست و نوکتە وشیعرەکانی لە بێستانی دڵیدا ڕووا بوون. زووربەی ژیانیان پێکەوە لە کۆڕو دانیشتن دا بەسەر بردوە. بێکەس وەك مامۆستا و شیعرەکانی وەك فێرگەیەك بوون بەرامبەر هەستی تینووی ئەخۆل بۆ شیعر دانان. کە بێکەس کۆچی دوایی دەکات کڵپە لە دڵی ئەخۆل هەڵ دەستێ ، خەم و ئێش هەڵی

دەپێچن، (تیپ)ی وشەی شینامەی دەبن بەفرمێسك بە سكالاّ و هاوارەوە دەی لاوێنێتەوە بڕوانە ئەم پەژارە پیرۆزە :

**دای بـەگوێما شـەماڵ دەنگـی بـە سـوێی گریانـەوە**
**شینەشـینی تۆیـە بێكـەس كەوتـە نـاو یارانـەوە**
**سوور و لێڵ بوو چاوی كوردی قوڕبەسەر دڵ پڕ لـەزام**
**ئـەم برینـەش بـوو بـەزامی سـەختی سـەر زامانـەوە**

هەروەها لێرەدا خۆزگە بەمەرگی خۆی دەخوازێ كە دوای بێكەس هەناسە نەدات لە گردی سەیوان یەك بگرنەوە : -

**تۆ بەجێت هێشتم ئەبێ لۆمـەم نەكـەی گـەر بێ منـیش**
**دڵ بـدەم ئینجـا بـەخاكی گردەكـەی سـەیوانەوە**

وا دیـارە ئەخۆل فریای مەراسیمی ناشتنی تەرمەكەی نەكەوتووە كە دەڵێ :

**كاكـە (فایـەق) لـێم ببـورە پـێم نـەبوو پـێ‌ی بێمـە لات**
**وابە ئەشكی سووری دووری ئەم گوڵـەم ڕازانـەوە** (٤٦)




**بێ كـەس** ١٩٠٥ـ ١٩٤٨

## سێیەم / شینی پیرەمێرد ١٩٥٠...

مەرگی پیرەمێرد کارێکی زۆری کردبووە سەر ئەخۆل چونکە مامۆستا و ڕابەری بووە لە شیعر و ڕێنموونی دا. ژیانێکی درێژی لەگەڵ دا بردۆتەسەر.

ئاشناو موریدی قەلەندەر خانەکەی بووە. ئەخۆل پیرەمێردی زۆر خۆش ویستوە ڕێزی زۆری لێگرتوە. کاتێ مەرگی پیرەمێرد دەبیستێ قەڵەمی ئەژنۆکانی دەشکێ.. چاوەکانی فرمێسکیان تێ دەزێ بەخاڵەڕۆ خاڵەڕۆوە لە بارەگای شیعردا وشەکان بەرەو پیری هاتن... بە شیعری جوان کردەوە و ڕاژە و ناوبانگی پیرەمێردی نەخشاندوە :

**خاڵـە مـردی، نـامری هــەرگیز لـە گیـانی میللــەتا**
**نــاوی تــۆ، نیشــانی تــۆ، کـرداری بــێ پایـانی تــۆ**
**بـوو بـە نەخشـی بـەرد لـەدڵ دا زەحمەتـە کوێربێتـەوە**
**یادگـارو ڕەمـزی نـاوی (ژیـن) ی تـۆ (ژیـان) ی تـۆ**
**زۆر لــە مێــژە چـاوەڕێتە گیـانی پـاکی (مەولــەوی)**
**بۆت پەرۆش بوو ئاهو ناڵەی پیرەکەی پیرانی تۆ** (٤٧)



**پیرەمێرد** ١٨٦٧ - ١٩٥٠


## چوارەم / شینی بێخود ١٩٥٥

له شینی (**بێخود**) ی نەمر، شاعیری لاهووتی دا قەڵەمی ئەخۆل وەك مۆمی كافوور ڕەونەق پەیدادەكات. كارتێكردن لە شیعردا لەسەركەوتن نزیكی دەخاتەوە. بڕوانە ئەو خورپەیە چەندان تاڵی هەستی ناسك دەخاتە سەر تان و پۆی مەبەستە شیعری یەكەوە:

**بەكۆچت ناتە گڵ شێوەی پڕ ئاهـەنگی تـەڕی شیعرت**
**بەكۆچـــت كەوتۆتـــە تـــەعزی جـــەرگی ســـووتاوە**
**لەوە دڵگران نەبی (بێخود) وەجاخت كوێرە بی ڕۆڵـەی**
**هەزاران شیعری وەك دورری هـەتیوت پاش بـەجێماوە**

بەم بەیتە دەردەكەوێ كە ئەخۆل فریای بەشداربوونی چلەی ماتەمی ی نەكەوتووە بۆیە خۆی بەنامۆیەكی چاو فرمێسكاوی داناوە بەڵام دڵ و خەیاڵی لایان بووە :

**غـەریبم دوور لـە كۆمـەڵتم لـە ڕۆژی چل هـەمی مـەرگت**
**بـەڵام دڵ هـەر لـە لاتانـە نیشـانی چاوی پڕ ئاوە** (٤٨)



**بێخود** ١٨٧٩ـ ١٩٥٥


## پێنجەم / شیوەنی سەرداری نەمر:

مەرگی شۆڕە سواری کورد شێخ مەحموودی حەفید کڵپەو بلێسەیەکی وای سەند لە دڵی زوربەی شاعیرانی کورددا، کە ئەمەش وەك ئەرکێکی نەتەوەیی پێ‌ی هەڵساون. قەڵەمی خۆیان تاوداوەو بەشیعر لاواندویانەتەوە بە جۆش و بە کوڵەوە گەرمەشینی بۆ کراوە ... ئەخۆلێك بۆ هەموو دڵسۆزێکی کورد بگری: ئاخۆ بۆ سەرداری نەمر چی بکات ؟؟

**ئـەی دڵ ئـەی دەروون وەختـی گریانـە**
**ئـەی چـاو جـا نـۆرەی ئەشـك بارانـە**
**ئـەی کـوردی کڵـۆڵ گـەلی چـارە ڕەش**
**ئیســـتاکە دەمـــی ســـیا پۆشـــانە**

***

**بـۆ شـۆڕە سـواری کـورد و کوردسـتان**
**بـــۆ قارەمـــانی بـــەردە قارەمـــان**
**لـــە ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژئـــاوا دیـــارە**
**هەڵمـەت و تـاوی وەك نەڕەشـێران** (٤٩)



شێخ مەحمود ١٨٧٨ـ ١٩٥٦

## شەشەم/ شین بۆ باوکی شەهیدم

مەرگی باوك ئێشێکی گرانە، ڕوخان یان شکانی کۆڵەکەی ماڵە ، برینەکەی درەنگ سارێژ دەبێتەوە. ئەخۆلیش بەهۆی مەرگی باوکی یەوە ، جۆگەلەی فرمێسکی هەڵبەستوە کردویەتی بە شیعر و سکاڵای دڵی هەتیویی خۆی پێ دەکا ...

شێوە و ناوەرۆك و تەکنیك نەختێ لاوازە بەڵام سۆزە میللی یەکەی لە جێی خۆیدایە ، دووبارە کردنەوەی ووشەیش لە هونەری شیعرەکەی کەمکردۆتەوە. ئەمانە هەمووی لەلایە. لە لایەکی ترەوە چۆن شاعیر بێ دەستکاری بەسەرئەم هەڵە زەقانەدا تێ پەڕیوە وا دووبەیتی لێ تۆمار دەکەین : -

**چـــی لـــە دنیـــا کـــەم بـــەبێ تـــۆ یاژیـــانم بابـــەگیان**
**هێزی ئەژنۆ و حوکمی چاوە ، ئارامی گیانم بابەگیان**
**تـاکو تۆبـووی هـەر بـەهار بـوو ئێسـتەکە وەك پـایزە**
**ڕۆیشت و ئەوراقی عومری گشت وەرانم بابەگیان** (٥٠)

## حەوتەم / شیوەن بۆگیانی پاکی فازیلی حەمە غریب:

کاتێك گیانی مرۆڤێکی ئازیز خوا حافیزی لەژیان دەکا قەڵەمی شاعیر دەکەوێتە ئەسرین ڕشتن.. هەر ئەو قەڵەمە لەگەڵ تەرمەکەدا دەچێتە گۆڕستان لە ناشتنی دا بەشداری دەکات و دەیلاوێنێتەوە.. ئەخۆل ئاوا بەڕوخساری ژاکاو و گریانەوە ڕوودەکاتە گیانی فازیلی حەمە غەریب و دەڵێ :

**سـەیوان مەڵبەنـدی هـەزار پـیر وجـوان**
**ئـــەی دوا قۆنـــاغی کـــاروانی ژیـــان**
**ئـــەمجارەت میـــوان لاوێکـــە نـــازدار**
**سەرچـاوەی خـوڵقی بـەرز و بایـەخدار**
**بیلاوێننـــــەوە جوانـــــە و نـــــازدارە**
**بـــەڵام وریـــای بـــن گیـــانی زامـــارە**

فرمێسکی گریان بۆ لەمەودوا دەبێت بۆ یادی گیانی فازیل بێت :

**پـــەیمان بـــێ فازیـــل هـــەتاکو مـــاوم ...**
**بۆتـۆی تـەرخان کـەم فرمێسـکی چـاوم** (٥١)

# لاواندنەوە بۆ سەرکێلی گۆڕی ئازیـزان

ئەو کەسەی ڕێگەی دەکەوێتە گۆڕستان بەتایبەتی گردی سەیوان ، شەهیدان، شیخ محی الدین، شێخ فەتاح...تاد لەپارێزگای سلێمانی تێبینی دەکات لەناو گوڵزاری ئەدەبی شین و شۆڕشگێڕی دا ژیان بەسەر دەبات. گۆڕەکان ڕازێنراونەتەوە بەپۆستەرە شیعری لاواندنەوە لەگەڵ بایەخ دان بەناسنامەیان ... بەداخەوە زۆربەی دانەری ئەو کۆپلە شیعرانە ناوەکانیان ونە، یان فەرامۆش کراون، مەگەر بەئاستەم هەندێکیان ساخ بکرێنەوە. ئەم جۆرە شیعرانە ژیاننامە و مێژوون، بەوە کە کورتەیەکی ژیان و کردەوە و تەمەن و هۆی مردنی مردووەکە بەچڕی دەکرێت بە شیعر و نیشانی زیندووەکان دەدرێت . ئەخۆل گەلێك لەو پۆستەرە شیعرانەی وتووە ، بەڵام لەبەر گوێ پێ نەدان و نەبوونی دەرفەت لەسەردەمی پیری دا نەی توانیوە هەموو ئەو شیعرانە دەست بخاتەوە بەڵکو کەمێکی لاماوە ئەویش یەك یەك دەست نیشانیان دەکەین :

ئەم کۆپلەیە بۆ سەرکێلی گۆڕێکە بەداخەوە شاعیر ناوی نەبردوە:

**ڕێبـــواری بـــەڕێز مەڕوانـــە گڵکـــۆم**
**ئـــەزانی مـــن کـــێم بـــا پێـــت بڵـــێم خـــۆم**
**لاو بـووم نەوجـەوان تـا بڵـێی لاو بـووم**
**ئـارامی گیـان و ڕوونـاکی چـاو بـووم**
**نـــەمزانی لـــەپڕ چـــەپگەردی ناپـــاك**
**وازوو بێ تـاوان ئەمخاتـە ژێـر خـاك** (٥٢)

دیسانەوە بۆ سەرکێلی گڵکۆی (ش.خ) سێ چوارینی نووسیوە کە ئەمە یەکێکیانە:

**لە ئەوجی خۆشەویستی و شـادی و ژێر سایەی منـاڵانم**
**لـە بـاخی پڕگـوڵی جـوانی و لـەماڵی پـڕ لـە سـامانم**
**لـە سـەر لوتکـەی ژیـانم دا لـە ناوەختـا ئەجـەل وەك بـا**
**لـە پـڕ هـات و بـەبێ وەعـدە قـەڵای ئـاواتی ڕووخـانم** (٥٣)

هەروەها لەسەر گۆڕی کچێکی نەوجەوان نەخشکراوە ئەویش ناوی نەنووسراوە.
دوو چوارینەیە کە ئەمە یەکێکیانـە:

**نەونــەمامێك بــووم شــۆخ و نەوجــەوان**
**هێشــتا نــەم دیبــوو خۆشــی لــە ژیــان**
**ســـووتام لـــەناكاو بـــە ئـــاگری مـــەرگ**
**وابــووم بـــەكڵۆ وام لـــە گۆڕســـتان** (٥٤)

لە لاپەڕە (٩٣)ی دیوانەکەی دا وا نووسراوە:

(( لەسەر گۆڕی جوانە مەرگێك دا نووسراوە )) ئەمەش بێ ناو بردنە :

**لـــەتافی لاویـــا بـــووم لەســـەر لوتكـــەی كـــەژی جـــوانی**
**لەگـــەڵ یـــاران و هـــاوڕێما وەفـــاداریم بـــەجێ هـــانی**
**لەســـەر چـــاوی ژیـــانی پـــڕ بەخۆشـــی و پـــڕ لەســـامانا**
**لەپر ئەو چەرخی چەپگەردە هەموو كۆتایی پێ هـانی** (٥٥)

ئەم چوارینەیە ئاڵ و گۆڕێکی ئەوتۆی تێدا نییە لەگەڵ ئەو چوارینەیەی لەسەر گڵکۆی (ش.خ) دا نووسیوە ئەم کۆپلەیەش دیسانەوە هەمان لاپەڕە ئەم دوو بەیتەی تێدایە : -

**بەســـەر چـــوو ژینـــی دنیـــام لەســـایەی دیـــن و ئیمانـــا**
**ئـــەوا ئێســـتاكە نێـــژراوم لـــە گڵكـــۆی گـــردی ســـەیوانا**
**بـــە ئومێـــد و هیـــوای عـــەفوت ئـــەوا هـــاتم ڕووەو قاپیـــت**
**ئەبێ بم بەخشی ئەی خوایە لەگەڵ زومرەی مسوڵمانا**(٥٦)

**تێبینی** :

بریا مامۆستا ئەخۆل و شاعیرانی تریش ناوی ئەو کەسەی کە شیعری سەر گۆڕیان بۆ داناوە بنوسیایە لەگەڵ دانانی مێژووی شیعرەکە. چونکە گرتنی ئەم ڕێ و شوێنە پتر یارمەتی لێکۆڵەوەر دەدات و ڕێگای بۆ ئاسان دەکات.

خوویەکی تریش هەست پێ دەکەین لەسەر گۆڕستان، ئەوانەی کە ئازیزیان دەمرێت دێن ڕاست و ڕەوان شیعری تایبەتیی گۆڕی یەکێکی تر دەنووسنەوە لەسەر گۆڕی کەسەکەی خۆیان بێ لێپرسینەوە کە لەوانەیە ئەو کەسە شایانی ئەو شیعرە نەبێت یان پێچەوانەی ڕووداني مەرگی مردووە تازەکەیە ، یاخود لەوانەیە ئەو مردووە تازەیە شیعرێکی بەهێزتر و لەبارتری بۆ بلوێ ... تاد، لەسەرێکی ترەوە شیعرە تایبەتی یەکە کە دەدرێ بە خۆشنووسێك تا بەخەتەجوانەکەی بینووسێت هەندێ جار لەلایەن خۆش نووس یان بنەماڵەی مردووەکەوە دەستەکاری دەکرێت ... بێگومان ئەو کەسە شارەزای کێش و قافیە نیە ناچار لە نرخی شیعرەکە کەم دەکاتەوە. جا پێویستە ئەو برا خۆشنووسانە بەدەست پاکی و ئەمینی یەوە ئەو چەند بەیتە تۆماربکەن ، بەگوێرەی توانا دانەرەکەی دەست نیشان بکەن لە ژێر شیعرەکەدا بینووسن. تاکو تێکەڵ و پێکەڵ نەبن لەگەڵ شیعری تردا. بەم کارە نەختێ ماندوو بوونە بەڵام خزمەتێکی چاك و پاکە ....

## ٤ - بەسەرکردنەوە

ئەم بابەتە لە ئامێزی بابەتەکانی پێشوودایە زۆربەی ئەو شیعرانەیە کە لەسێ بەشی باسکراودا لێوە نەدواوین. وامان بەچاك زانی بە سەربەخۆیی و کورتی بیان خەینە ڕوو بەڵام لە پێنج لقی سەرەکی دا کە ئەمانە دەگرێتەوە:

### یەکەم / پێنج خشتەکی ئەخۆل لەسەر شیعری شاعیران

واتا بەم هونەرە چەندان ئەستێرەی تری خستۆتە ئاسمانی دیوانەکەیەوە ڕووناکایی پتر پێ بەخشیوە. پێنج خشتەکی بریتی یە لە وەرگرتنی پارچە شیعری شاعیرێك کۆن یان هاوچەرخ، لەسەر هەمان بڕگە و کێش و قافیە بۆ بەیتە سێ دێر یان شەتری زیادیان وەك سەربار پێوە دەلکێنرێ بەپێی کێش و قافیەی یەکەم شەترەکان. (( پێنجین و پێنج خشتەکی )) هونەرێکی شیعری باو و بڵاوە لە ئەدەبی کلاسیکی نەتەوە موسڵمانەکان ... قەسیدەی پێنجین تەنیا لە ناو ئەدەبی نەتەوە موسڵمانەکانیش نەماوەتەوە بەڵکو چۆتە ناو ئەدەبی نەتەوە ناموسڵمانەکانیش لەودیو قەفقاس (٥٧) گەرچی ئەمڕۆ بەدەگمەن باوی پێنج خشتەکی ماوە ، بەڵام تا ڕادەیەك وەك بەشێکی هۆنراو حیسابی بۆ دەکرێت.

مامۆستا (**هێمن**) بە خۆماندووکردن و پێویست نەبوونی دادەنێ دێتەوە یادم و لێم بیستوە کەدەی وت : پێویست ناکات شاعیر بە تەخمیسەوە خۆی خەریك بکات ... وەك ئەوە وایە کەسێك توێشووی خۆی ببات و لەسەر سفرەی ماڵان بیخوات ... ئەمە ڕەئی خۆی بووە بەڵام مادام لە دیوانەکەدا هەن ناتوانین خۆمانی یان لێ دوور بخەینەوە.

مامۆستا ئەخۆل لە هونەری پێنجین دا بە ڕوونی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. ئەوەی لەبەردەستمان دایە شیعری ئەم شاعیرانەی بەسەرکردۆتەوە و کردوونی بە پێنجین ، لەمانە :

- دوو پارچە شیعری ( **مستەفا بەگی کوردی** )
- غەزەلێکی ( **مەحوی** )
- غەزەلێکی ( **زێوەر** )

ئێمە لەهەر پێنجینێك کۆپلەیە دەنووسین.

أ- پێنج خشتەکی ئەخۆڵ لەسەر شیعری (کوردی)

وەها کەوتوومە ژێر بەندی خەم و هیجری ستەمکارێ
هەمیشە زار و ناڵینمە لە حەسرەت عەشقی دڵدارێ
دەسا توخووا ڕەفیقان بێن بەدەنگ ڕۆ ڕۆمەوە جارێ
(ئەمان مردم عیلاجی سا لە ڕێی پێغەمبەردا چارێ ..
ویساله یاقەتلە یاتەسکینە هەرسێ بۆم بکەن کارێ) (٥٨)

ب- پێنج خشتەکی ئەخۆڵ لەسەر شیعری (مەحوی)

منی ئاوارە لەم شارە ژیانم ئێشە یا نۆشە
سەرسیمەم چ قەوماوە ئەبینم گشتی ڕەشپۆشە
ئەوی ئەیبینی بێ دەنگە ئەڵێی مەستورە بێ هۆشە
(دەمێکە شاری پڕ شۆڕی مەحەبەت مات و خامۆشە
بە قانوونی تەجەننون شۆڕشێ بەرپا نەکەم چیبکەم) (٥٩)

ج- پێنج خشتەکی ئەخۆڵ لەسەر شیعری (زێوەر)

ئەی سروەکەی دەمی سەحەر بڵێ بەیار لەپاش سەلام
گەر بچمە بەزمی خوسرەویش، بۆمن نیە سوود و مەرام
سەرخۆشی چاوەکەی ئەوم نەك مەستی بادە و مەدام
(چمە لەمەی لەنەی لەجام ئەگەر بەلەنجە بێتە لام
بە ڕوویی ئابدارەوە بەچاوی پڕ خۆمارەوە ..) (٦٠)

**دووەم ⁄ تێ هەڵکێش – مولەمەع لە دیوانی ئەخۆل دا :**

مولەمەع بەو شیعرە دەوترێ کە بەزیاتر لە زمانێك دەنووسرێ ، واتە دوو زمان یا زیاتر بۆ مولەمەع بەکار دەهێنری ...مولەمەع لە ئەدەبی کوردی دا لە کۆنی کۆنەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە ڕووی ئەم هونەرەوە دەوڵەمەند بووە. شاعیرانی کورد بەرهەمێکی بێ هاوتاو ڕەنگین و بەرزیان خستۆتە ناو لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردی یەوە ... (٦١)

مامۆستای نەمر ئەخۆل شان بە شانی شاعیرانی کلاسیکی ڕۆیشتووە شیعری مولەمەعی وتووەو دیوانەکەی خۆی پێ ڕازاندۆتەوە، کە خۆمان پێ ی دەڵێین تێ هەڵکێش ... تێ هەڵکێشەکەیشی لەسەر دوو غەزەلی حافزی شیرازی یە ئەوا نموونە لە هەردوو کیان دەخەینە ڕوو :

**بـەنووری پـاکی یـەزدان و بەشـاهی ئـەنبیا قەسـتەم**
**مـــی ســـهبانی تۆشـــم بچشـــم وا برويـــت نســـتم**
**ئەگەرچـــی دەردەداری بەنـــدو زنجـــیری ئەســـارەتم**
**بکشـتن چـون أمـر کـرد چـم شـیرازهای خـود جسـتم**

**لە کۆتاییدا دەڵێ :**

**کەدی ئەم حاڵـە شێواوەم تەبەسوم گرتـی و فەرمووی**
**بـزن ایـن تـارونی احمـد کـەمن نم ایـن قـدر رسـتم** (٦٢)

**تێ هەلکێشی دووەم لەسەر غەزەلی (حافز)**

**پەشـیمانم لـە گفـتی خـۆم لەگـەڵ ئـەم هـەموو ئـازارەم**
**مـرا عهدیسـت باجانـان کـەجانان کـەجام دربـدن دارم**
**بـە خەنجـەر پارچـە پارچـەم کـەن هـەتا مـاوم لـەدنیادا**
**هـوا خـواهی کـویش راچـوجان خویشـتن دارم** (٦٣)

## سێیەم/ کردنی پەخشانی نووسەران بەشیعر :

ئەخۆل لەدیوانەکەیدا دوو پارچە پەخشانی هونەری مامۆستا (**ئیبراهیم احمد**)ی کردووە بەشیعر لە قاڵبێکی قەشەنگ و گونجاودا. وەکو دوو دیمەنی تینوێتی شکێن پێشکەشی کردوین، هەروەها ئاگاداری پاراستنی ناوەڕۆکەکانیان بووە تەنیا کێش و قافیەی پێوە لکاندووە.

یەکەمیان پەخشانە بەناوبانگەکەی (**بەرەو ڕووناکی**) یەو دووەمیان پەخشانی (**لەشەودا**)یە ئەمەش هونەرێکی ڕەوا و گرنگە، دوو هەڵۆی نایاب و بەبڕشتن کە ئاماژەی بۆ کردوون خستوونیەتە ناو خەرمانی شیعرەکانیەوە پێی دەوڵەمەند کردوون.

### لە ( بەرەو ڕووناکی ) دا :

ئەم کۆپلەیەی لێ بە نموونە دەهێنینەوە کەچۆن دەستپاکانە ئەم کارەی بەئەنجام گەیاندووە.

**پشت بە جەزرەبەی قامچی داڕژاو**
**چاو، ناوچاوان تف پیا هەڵپڕژاو**
**بەشەلی و قاچی دارکاری کراو**
**فرمێسک لە چاوما وشک و قەتیسماو**
**پێستی لەش بەسەر ئێسکا نووساوە**
**بە دڵێک وەکو پۆڵای ئاودراوە**
**ڕێم گرتۆتە بەر زۆر بەچالاکی**
**ئەڕۆم و ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی** (٦٤)

### لەشەودا:


ئەخۆل بەم شێوە ناسک و لەبارە پەخشانەکەی کردوە بەشیعر ئەمە چەند بەیتێکن لەو شیعرانە:

**کە ڕۆژ ئاوا بوو شەو هات بەسەرا**
**هەموو گیانلەبەر لەشار و دەرا**

لـەپاش مانـدویٚتی تەقـەلای ژیـان
ئەحەسـیٚتەوە بـە خـەوتنی گیـان
هـەر شـەوە گـولاّن بە دەسـتەمۆیی
ڕۆژ ئەکاتــەوە بــۆ ســەر بــەخۆیی

تادەلیٚت :

هەر شەوە پـەردەی پیشـەی ڕۆژگـار
پیشـەی ئـازار و بیٚشـکەی دڵـداریی
کە گزنگ دەرکەوت شەوکەوتە فیرار
یاللاّ سەر لەنویٚ بۆ کریٚکـاریی (٦٥)



**ئیبراهیم ئەحمەد**

١٩١٤ – ٢٠٠٠

**چوارەم/ ئەوکەسانەی ئەخۆڵیان بە شیعر بەسەرکردۆتەوە:**

ئەم لقەیان پتر بۆتە خۆشنوودی دڵ و دەروونی ئەخۆڵ. هەرچەندە ئەخۆڵ خۆی شاعیرێکی وریا و بەسەلیقەبووە. بەڵام بابەتی نامەناردن و ستایش و هەڵسەنگاندن بووە و دەبێت لە لاپەڕەی (١١٣) ەی دیوانی ئەخۆڵ دا پارچە شیعرێکی موستەزاد دەبینین لە ژێر ناونیشانی نامەدا ، کە بریتی یە لە هەستی شاعیری بەسۆز و بەتوانا **(ڕازی)** یە کە بۆیەکەم جار بەرچاو دەکەوێ ١٩٦٧ ئەخۆڵی خۆشەویستی بەسەر کردۆتەوە کە لەگەرمەی ژیان دا بووە. لەوسەردەمەدا ، لە ڕۆژنامەدا لەگەڵ پێنج خشتەکی یەکەی بڵاوی کردونەتەوە.. کاتێ ئەخۆڵ ئەم نامە پێ زانینەی پێدەگات دەڵێ : ماڵئاوا تا دەمرم تەشەکورت دەکەم، بڕوا بکە من شایانی ئەم ستایشە شیعری یەی تۆ نەبووم، خوا بەرقەرارت بکا، براگیان.

**ببمە قوربانی سەروەکەت شەماڵ     دڵم پڕ غەمە**
**تکام وایە لێت بە زوبانی لاڵ     دایم ناڵەمە**
**ببە حەکیمی زامانی سەختم     بە فریام وەرە**
**نامەی پڕ سۆزی دڵەی بەد بەختم     بۆ ئەخۆڵ بەرە**
**تۆ ئەهوەن ئەکەی سینەی سوتاوان     فێنکی بۆ دڵ**
**تۆ بۆ سەبوری جەرگ بڕاوان     دێنی بۆنی گوڵ**
**وەك ئەم هەستەی من پاك و بێ گەردبە     وا بە خاوێنی**
**وێنەی دڵەی من دیوانەی هەردبە     پەیداکە شوێنێ**
**کە بینیتەوە یانەی وەك بەهەشت     تکام وایە لێت**
**تۆ لەباتی من تێر تێر بکە گەشت     چۆن ڕەوایە پێت**
**لەپاش ئەو ئەچی بۆ خزمەتی ئەو     کە قیبلەی دڵمە**
**ئەوەی شێواوم بۆی بە ڕۆژ و شەو     بۆ تەنیا گوڵمە**
**تەوافکە جووتە دەستی پیرۆزی     بە عیزو و تەمکین**
**ئەهوەن کەرەوە دڵی پرسۆزی     بە کلپەی بە تین**
**لەپاشان بڵێ بە دڵنەوازی     پەیکی ڕێگامان**
**گەلێك موشتاقی دوریتە (ڕازی)     دیدەنی یاران**

هەروەها نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە (**ئەحمەد حسێن**) کە جارجار لە گازینۆی گەل یان لە پێشانگای (**ڕازی**) لەگەڵیدا دانیشتووە و ئاشنایەتی لە تەك دا پەیداکردووە گوێی بۆ وشەو شیعرو ئامۆژگاری و نوکتەو یادی سەردەمی لاوێتی و تافی پیری ی ڕاگرتوە. گەلێك پرسیاری لە بابەت ژیان و بەسەرهاتی شاعیران و ناودارانی کوردەوە لێکردوە، وەڵامی باشی پێدراوەتەوە هەمان سۆز و ڕێز بووە بە کڵپە چوار چوارینی لا پێك هێناوە، لە ڕۆژی ١٩٨٢/٩/٣ بەدەستی خۆی لە شێوەی نامەیەك دا داوێتی پێی ، ڕێکەوت لە گازینۆی گەل دەبێت . شاعیر نامەکە وەردەگرێت و دەچێتە لای شاعیرێکی ترەوە ئەو بۆی دەخوێنێتەوە. چونکە ئەو ڕۆژانە چاوانی شاعیر دەیەشاو کزیش ببون، هێشتا چارەسەر نەکرابوون..دوای نیو سەعات هاتەوە بۆلام وتی: فلانەکەس چاوەکانت ماچ دەکەم بۆهەستی برایانەو خزمەت گوزارانەت بریا وەك ئەوەی (**ڕازی**) فریای دیوانەکە بکەوتایە، بەداخەوە وا لەڕەقابەیە تا ئیستاش بێ سەرو شوێنە. منیش لە وەڵام دا وتم: مامۆستای بەڕێز : تۆ زۆر لەوە زیاتر دەهێنی و هەڵدەگریت کە یەکێکی وەك من لە ژێر کار تێکردنی شیعرەکانت و کەسێتی دا بەم شیعرە سادانە تۆ بەسەر بکاتەوە. تۆ خۆشەویستی ناو کۆڕی ئەدەبیاتی ... تاد، ئەمەش چوارینەکانە :

## چریکەیەکی تیژ ... ئەحمەد حسێن

**تیشکی کەسێتی وشیعری بەپێزت**
**لەتای تەرازووی ڕێزدا یەکسانن**
**دڵسۆزی و هیوان سەرچاوەی هێزیت**
**وا وشەکانت لای مانگ هاوشانن**

***

**کەتۆ هەڵگری پەژارەی گوڵ بی**
**خونچەش باوەشت بۆ دەکاتەوە**
**کەتۆ بڵێسەی هەستی بەکوڵ بی**
**دڵ لەپشت گوێ یت دوور دەخاتەوە**

***

پــــيرى كـــه خلّتـــەى تەمـــەنى ژينـــە
لا پـــــــەڕەى لاوى بـــــــير دەباتـــــــەوە
بـــەلاّم لەئاســـتى تـــۆدا كـــەم تينـــە
پلـــەى زاڵبونـــت خـــەم دەشـــواتەوە
***
تۆيـــــەك لا پـــــەڕەى پـــــڕ لەشـــانازى
ئـــەدەبى كـــوردى هـــەڵت ســـەنگێنێ
پێـــت بســـەلمێنى نـــەوا و ئـــاوازى
دەنگـــى هونـــەريت تيـــژ دەچـــريكێنێ
***

سێيەم كەس كە لەتافى ژيانى شاعيردا ئەم كارەى بەجێ گەياندوە، شاعيرى لاو كاك **"فەرەيدوون سابير ساڵحە"** ، چەند ساڵ پێش مەرگى ئەخۆل جێگە خامەى بەبڕشتى ديارە. خاوەنى برێ شيعرى پوخت و سەرنج ڕاكێشە. فەريدوون ، فرياى قسە خۆش و بابەتە بەتامەكانى كەوتوە لەكانياوى شيعرەكانى دا تينوێتيى شكاوە. بۆيە تا لەژيان دا بووە كۆمەڵێك چوارينى بەهێزى بۆ وتووە و بۆى خۆيندۆتەوە كە تياى دا وەك كامێرايەك وێنەى ژيان و جولاّنەوەو شێوەى پيريى ئەخۆلى بەوردى گرتووە... تەنانەت كە بۆى خۆيندۆتەوە وا كارى تێ كردووە فرمێسك بەرى چاوانى گرتووەو هەناسەى پڕ لە تاسەى ڕۆژگارى بەدوادا هەڵكێشاوە ... دەيان ئافەرينى لە دڵسۆزى هەستى مرۆڤايەتى ئەو شاعيرە لاوەى كردووە .

**كاك فەرەيدوون ئاوا سنگى پڕ لە پەرۆشى بۆ خوا لێخۆشبوو مامۆستا ئەخۆل دەكاتەوە:**

## پێشکەش بەشاعیری بڵندپایە مامۆستا ئەخۆل

بەســەر چــوو وادەی گــەرمی بــازاڕت
جیهـــان سەراپـــا نامۆیـــە لـــەلات
زەرد هــەڵگەڕاوە شــێوەی ڕوخســارت
لە گۆشـەیەکدا کـەوتووی کش ومـات

* * *

بینـاییــت کـــزە و شـــلە هـــەنگاوت
وەك بی دەلەرزێ دەستی سەرگۆچان
بـــەحاڵ دێتــە دەر دەنگــی گــیراوت
ژینــت لابــووە بــە حەســرەت و ژان

* * *

چۆن دڵت تەنگ و پەست نـەبێ ئـاخر
زامـــــی هەمیشـــــە نەکولێتـــــەوە
کــەیاری زەوقــت بــۆ جــارێکی تــر
ئەســـــتەمە هـــــەرگیز بگەڕێتـــــەوە

* * *

١٩٨٤

چـــی ســـەرنج ئـــەدەی یـــارانی هـــاودەم
یـەك لـە دوای یـەکتر لـە دیـدە وون بـوون
بویتـــە خانـــە خـــۆی بـــۆ میـــوانی خـــەم
ئــــاهو ســــکالآت ئەگاتـــــە گــــەردوون
* * *

دێنێتـــــە یـــــادت ســـــەردەمی پێشــــوو
لـــە لێـــوی هەرکـــەس خەنـــدە دەبـــاری
بـۆ هـەرلا دەچووی شـادی و سـەیران بـوو
تێکـــەڵ بـــە بەســـتە و ڕازی دڵـــداری
* * *

ئامـــادە دەبـــووی دەمـــەو ئێـــوارە
لەگـــەڵ دەســـتەیەك ئـــاوەڵی گیـــانی
ڕووتـــان ئـــەکردە ئـــەو قـــەراغ شـــارە
ڕاتـــــان دەبـــــوارد بەکامـــــەرانی
* * *

بەنۆشـــکردنی شـــەرابی گـــوڵ ڕەنـــگ
یابـە هـۆنراوە و نوکتـە و قسـەی خـۆش
کـــۆڕ درەنـــگ دەبـــوو هـــەتاکو درەنـــگ
کـــوورەی دەروونـــی دەهێنایـــە جـــۆش
* * *

نـــەك وەکـــو ئێســـتا پـــیر و کەفتـــەکار
دڵســـــۆزێ نییــــە ڕاگـــــرێ نـــــازت
وەی شـوومەی شـومی چـەرخی ڕۆژگـار
ژاکاندوویـــــەتی خونچـــــەی نیـــــازت
* * * ١٩٨٩

**پێنجەم/ ئەو شاعیرانەی کە شیعری ئەخۆلیان کردووە بە پێنج خشتەکی :**

لەبەر ئەوەی زوربەی شیعرەکانی ئەخۆل سەرکەوتوون و جێگای خۆیان کردۆتەوە ، لە بازاری بەهاداری ئەدەبی کوردی دا بە شانازی یەوە لیٚ یان دەدوێن و باسیان دەکەین لەناو ئەو غەزەلە دەرکەوتوانەدا ، چەند غەزەلێکی دیارتر بەدی دەکرێن لای ئەوانەی هەڵیان بژاردوون بۆ پێنج خشتەکی وەك پەیمان و شیوەن و پیٚ سپێری و نامەیەك ... تاد، ئێمە بەس ئاگاداری ئەم چەند پێنج خشتەکی یەین ... ئەو شاعیرانەی غەزەلەکانیان وەرگرتووە و هەست و سۆزو بیری خۆیان لەگەڵ بەیتەکانی ئەخوڵ دا ئاوێتە کردووە، پێنج خشتەکی یان لیٚ پێك هێناوە ئەم شاعیرە بەرێـزانـەن :

**١- ن - ئاری خوالیٚ خۆشبوو نەجمەدینی مەلا ڕەسولی دێلێژەیی یە**

**٢- أ - ب هەوری خوالیٚ خوشبو ئەبوبەکری شێخ جەلالە**

**٣- محەمەدی عەزیزی مەلا رەحیم ..**

**٤- (ڕازی ) ناز ناوی سابیر سەعید شوکری یە ..**

بێگومان ئەم شاعیرانە بەخامەی ڕەنگینیان چوونەتە ناو جیهانی شیعرەکانی یەوە.. لە کۆتایی دیوانەکەی دا بە ڕێك و پێکی بڵاوکراونەتەوە(٦٦) وەك خۆی دەیفەرموو من لیٚ یان ڕازیم وسوپاسیان دەکەم . هەریەکەیان لە لاپەرەی دڵم دا نمرەیەکی تایبەتی یان بۆ دانراوە، کەم یان زۆر پەیوەست بە خۆمە، پێویست ناکا بیخەمەڕوو، بەڵکو دەیان خەمە پێش چاوی خوێندەواران تاکو ئەوانیش بەپیٚی یاسای پێنج خشتەکی بڕیاری بەهێزی و کەم هێزی یان لەسەر بدەن. ئێمەش (نووسەری ئەم باسە) هەمان بۆچوون و پێشنیارمان مەبەستە.

## بەکورتی

مامۆستا ئەخۆل شاعیری ڕێگای **"ئەوین و ئازادی"** یە مرۆڤێکی دڵسۆز و بێگەردە ...
بەدڵنیایی یەوە دەڵێین پەڵەی لەکەی پێوە نەلکاوە . شیعری بۆ پایە و نـان نەووتووە.
لەگەڵ هەستی خۆیدا ڕاستگۆ بووە. بەڕواندنی نەمامی ڕێـز، گوڵی خۆشەویستی کردووە بە یەخەی دا. لەپەنا بەهرەی شیعریدا خوێندنەوەی گشتیشی هەبووە. لارو لەنجەو نیگای چاوبازان و دیمەنی سەرسوڕهێنەری خاکی پاکی کوردستان و قارەمانانی گەلە کۆڵنەدەرەکەی و ئیلهامی شیعری شاعیرانی پێش خۆی و هاوچەرخی دەرگای شیعر وتنیـان بۆ کردۆتەوە و هەستیان بزواندوە. مامۆستا ئەخۆل لە شاعیرانی پلەی دووەمە ، لەگەڵ ئەمەش دا شیعری بـاڵای هەیە و لە تروسکایی بەدەر نییـە.
دیسان چەند پارچە و بەیتە شیعری لاوازیش جێگای خۆیان کردۆتەوە لە هێلانـە و بێشەی سەخت و بەرزی شیعرەکانی دا ، بەڵام ڕێژەیەکی کەمە ....
لەکۆتایی دا چەپکێ گوڵی بۆنخۆش و ڕەنگین دەخەینە سەر گڵکۆی پیرۆزی مامۆستا ئەخۆل و بەشانـازی یەوە یـادی دەکەینەوە. درود دەنێرین بۆ گیانی پاك و پەرۆشی پێناوی ئەوین وئازادی.

# زیندوو بێت گیانی پاکی ئەخۆل

# ناوی ئەخۆل بەڕێز بێت یادی ئەو گەورە پیاوە نەمرە . . . .

# سەرچاوەکان


١-عەلادین سجادی / نرخ شناسی/چاپخانەی مەعارف –بەغداد ساڵی ١٩٧٠لاپەڕە (٣٠) .
٢-دیوانی گۆران / چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق – بغداد ساڵی ١٩٨٠لاپەڕە(١١٤).
٣-عەلی عارف ئاغا / بەرهەمی خاوێن ، چاپخانەی الادیب البغدادیە ،ساڵی١٩٨٤ لاپەڕە (١٣٧).
٤-هۆراس / هونەری شیعر ، حەمید عەزیز کردوویە بەکوردی چاپی بەغداد ١٩٧٩ لاپەڕە (٧).
٥-ملوانەکەی شین / شیعری شەریف پێشەکی مامۆستا هێمن ١٩٧٩لاپەڕە (٨).
٦-کمال میراودەلی/ چەند وتارێك دەربارەی ئەدەب و رەخنەی کوردی، چاپخانەی الحوادث/بغداد لاپەڕە(٦)
٧-شیعرو فەلسەفە/ مجید محمود مطلب ، فوئادی مەجید میسری کردوویە بە کوردی چاپخانەی علاء ١٩٧٨ لاپەڕە(٦٦).
٨-هەمان سەرچاوە/ لاپەڕەکانی(١٢) و(١٣).
٩-کەمال میراودەلی/ چەند وتارێك دەربارەی ئەدەب و رەخنەی کوردی چاپخانەی الحوادپ ، لاپەرە(١٠).
١٠-عەلادین سجادی / ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی ،چاپخانەی مەعارف – بەغداد ساڵی ١٩٦٨ لاپەڕە (٧٧).
١١-بڕوانە دیوانی ئەخۆڵ / هۆنراوەی ئەحمەد دەرویش عەبدوڵا ، چاپخانەی (الادیب البغدادییە) ساڵی ١٩٨٤ لاپەڕە (٣).
١٢-هەمان سەرچاوەی لاپەڕە ٢٨
١٣-هەمان سەرچاوەی لاپەڕە ٢٦
١٤-هەمان سەرچاوەی لاپەڕە ٢٩
١٥-هەمان سەرچاوەی لاپەڕە ٣٧
١٦-هەمان سەرچاوەی لاپەڕە ٤٢
١٧-هەمان سەرچاوەی لاپەڕە ٣٨
١٨-هەمان سەرچاوەی لاپەڕە (١٠٣)
١٩-دیوانی مەحوی / شەرح و لێکدانەوەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس / چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد / بەغدا ساڵی ١٩٧٧ لاپەڕە (٢٨٣).
٢٠-دیوانی ئەخۆڵ / لاپەڕە (٩٣)
٢١-هەمان سەرچاوەی لاپەڕە (٦٨) و(٦٩)
٢٢-هەمان سەرچاوەی لاپەڕە(٦٠)
٢٣-هەمان سەرچاوەی لاپەڕە(٦١)

٢٤-هەمان سەرچاوەی  لاپەڕە(٢٥)
٢٥-هەمان سەرچاوەی  لاپەڕە(٧٤)
٢٦-دیوانی گۆران / چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق – بەغداد لاپەڕەکانی (٣٠) و(٣١).
٢٧-دیوانی ئەخۆل     لاپەڕە (٧٥)
٢٨-هەمان سەرچاوەی  لاپەڕە(٩٥)
٢٩-هەمان سەرچاوەی  لاپەڕە(٤٨)
٣٠-هەمان سەرچاوەی  لاپەڕە(١٥)
٣١-هەمان سەرچاوەی  لاپەڕە(٤٠)
٣٢-الدکتور عزالدین مصطفی رسول / الواقیعه فی الادب الکردی ص ٩٦
٣٣-دوکتور مارف خەزنەدار / لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە لاپەڕە (١٣٨)
٣٤-دیوانی ئەخۆل لاپەڕە (٨٩)
٣٥-هەمان سەرچاوەی  لاپەڕە(١٠٩)
٣٦-هەمان سەرچاوەی  لاپەڕە(٥٥)
٣٧-هەمان سەرچاوەی  لاپەڕە(٧٤)
٣٨-هەمان سەرچاوەی  لاپەڕە(٧٨)
٣٩-هەمان سەرچاوەی  لاپەڕە(٧٨)
٤٠-هەمان سەرچاوەی  لاپەڕە(٧٩)
٤١-هەمان سەرچاوەی  لاپەڕە(٩٤)
٤٢- الدکتور عزالدین مصطفی رسول / الواقیعه فی الادب الکردی /طبع بیروت (١٩٦٦) ص ٩٥
٤٣-دیوانی زێوەر / سۆزی نیشتمان ، بەشی یەکەم چاپخانەی مەعارف بەغداد لاپەڕەی (١٢٣- ١٢٤)
٤٤-هەمان سەرچاوە  لاپەڕەی (١٢٣- ١٢٤)
٤٥-دیوانی ئەخۆل    لاپەڕە (٨٣)
٤٦-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (٤٣)
٤٧-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (٤٧)
٤٨-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (٨٨)
٤٩-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (٩٩)

٥٠-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (١٠٧)

٥١-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (١٧) و(١٨)

٥٢-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (٦٢)

٥٣-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (٧٨)

٥٤-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (٩٢)

٥٥-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (٩٣)

٥٦-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (٩٣)

٥٧-دکتۆر مارف خەزنەدار/ لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە لاپەڕە(١٨٤)

٥٨-دیوانی ئەخۆل  لاپەڕە (٣٣)

٥٩-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (٥٨)

٦٠-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (١٠٥)

٦١-دکتور مارف خەزنەدار/ لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە چاپی/ المؤسسة العراقية والطباعة ١٩٨٤ لاپەڕە ١٩٩

٦٣-دیوانی ئەخۆل  لاپەڕە (٥٣)

٦٣هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (٢٤)

٦٤-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (٩)

٦٥-هەمان سەرچاوە  لاپەڕە (٣٠) و(٣١)

٦٦-هەمان سەرچاوە  لاپەڕەکانی (١١٤)هەتا (١٢٣)

**تێبینی:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە دوابەدوای مردنی مامۆستا ئەخۆل نوسراوە لە ساڵی (١٩٨٨) لەبەر دوور و درێژی بابەتەکە دەرفەتی بڵاوکردنەوەی نەبووە، ئەوەبوو ساڵی (١٩٩٨) لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (پەیڤین) دا ڕووناکیی بینی.. أ.ح

# پەخشانێك بۆ ئەخۆڵ

## لە ئاوێنـەدا

كە تۆم بینی و ئاشنات بووم دڵ باوەشی بۆ كردیتەوە .. ڕۆحت خۆی پێ ناساندم، ئای لەبەر كوڵی ئەو گوژمی پەرۆشی یە ؟ پتر خۆم لای خۆم خۆشەویستتر بووم.. زۆری نـەبرد سروشت بە گوێی دا چرپـاندم .. ملوانكەیـەكی وشـەی بـۆ هۆنیمـەوە .... موروەكانی لە پیرۆزە سەرنج ڕاكێشتر بوون .. لە تەمەنی ڕامانێكی كورت دا دەركم پێ كرد كە ناوت لەسەر پەڕەی ناسكی گوڵە كێویەكان و گوێی سووكی گڤەی بـا و لە ئامێزی هاژەی تاڤگە و شەپۆلەكان و لە گەروی ناسكی یەك بە یەك مەلە دەنگ خۆشەكان و لە سۆز و نەوای شمشاڵی شوان و لە ناخی ورشەی ئەستێرەكانی شەوانی پایز و لە هەناسەی تامەزرۆی ڕێبوارانی ڕێگای ئەوینی گەرم و بێ گرێ دا تۆماركراوە.

ئەوینێك لـە كەناری ئاسۆ و بالآی خەرمانەی مانگی چواردە دا جێگای خۆی كردبێتەوە .. لەو ئاقارەدا لە یادەوەرییە پیرۆزەكاندا پەل بهاوێژێ و ئەخۆڵ و عەشق بەسەر بكاتەوە.

٢ / ٤ / ٢٠٠٠



## کزەی دیدە و هەناسەی پیریی

### هاوڕێی خۆشەویست مامۆستا فازیل ئیسماعیل گێڕایەوە وتی:

هاوینی ساڵی ١٩٨٧ کاتی چێشتەنگاو لە گازینۆی شەعب دانیشتبووم .. ئەوەندەم زانی مامۆستا ئەخۆڵی نەمر چاکەتەکەی دابوو بەسەر شانیا و سڵاوی کرد و لە تەنیشت منەوە دانیشت وتی: ئادەی کاك عومەر چایەکی بێ شەکرم بۆ بێنە، دوای ئەوەی چایەکەی بۆ دانرا مامۆستا دەستی کرد بە باخەڵی دا لە کیسەیەکی نایلۆندا هەندێ حەبی دەرهێنا و ویستی بیکاتە ناو پیاڵەکەوە بەڵام لەبەر ئەوەی حوکمی چاوەکانی کەم بووبونەوە نیوەی کەوتنە ناو ژێر پیاڵەکەوە ئینجا دەستی کرد بە تێکدانی چایەکەی .. منیش پێم وت: مامۆستا گیان خۆ حەبەکان ڕژانە ناو ژێر پیاڵەکەوە نەك پیاڵە چایەکە !

مامۆستا ئەخۆلیش سەری هەڵبڕی و هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: ئای ڕۆڵە ڕۆژگار چەندە بێ ئامانە ئێمە لە گەنجی دا بە ڕۆژی نیوەڕۆ بۆ مانگ ئەگەڕاین کەچی ئێستا هەر ئەو چاوانەی جارانە پەکیان کەوتووە و تەنانەت لە نیوەڕۆشدا پیاڵە نابینێ.



## ئەو دەمەی بیرەوەرییەکان دەبنە گزنگ

مامۆستای کۆچ کردوو شاعیر عەلی عارف ئاغا کەسێکی کراوە و بیر تیژ و ڕاستگۆ و ئەرباب بوو لە گەرمەی دانیشتندا ئەم پرسیارەم ئاڕاستە کرد:

مامۆستا جەنابت سەرکردەی لێهاتوو ئیسماعیل ئاغای شوکاك - سمکۆ - ت دیوە ؟ دوای نەختێ ڕامان بە شێنەیی وتی: بەلێ با بگەڕێمەوە بۆ سەرەتای بیستەکان ئەو دەم لە پۆلی سێ یەم یان چوارەمی سەرەتایی بووم، لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە لەسەر خواستی مەلیك مەحمود ئەوەلێ بانگهێشت کرابوون، تەشریفی بە (٧٠ – ٨٠) سوارێکەوە لە دەوری گوندی وێڵەدەر هاتن بۆ ناو شار ئێمەش ئاگادار کراین و ئامادە بووین، تێکڕا شاگرد و قوتابی و مامۆستا و بەشێکی زۆر لە خەڵك بە پیریانەوە چووین، عەجەب ڕێزێکی گەورەیان لێ گیرا، سمکۆ زەلامێکی بۆشناخ و بە هەیبەت بوو قاتی شاڵ و شەپکی لەبەردا بوو، گەلێك سروود و گۆرانیمان بۆ وتن شایەنی باسە ئەخۆل لە بەردەمی دا بە بەرگێکی قەشەنگەوە بە حەرەکاتەوە سروودێکی بۆ خوێندەوە سمکۆ لە خۆشیا دەگریا لەگەڵ مەلیك مەحموددا ئافەرینی هەموومانیان کرد و سمکۆ و مەلیك دەستیان کردە ملی یەك .. جۆشی وەتەنیەت و قەومیەت لە ئارادا بوو دوایی بە مەراسیمەکە هات ئینجا بە هەناسەیەکی ساردەوە وتی : دەریغ بۆ ئەو ڕۆژ و زەمانەیە.

ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ژمارە ٧٣ ی ١٩٩٨/٢/٢٥

## سۆزی شیعرەکان

ماموستا ئەخۆلی نەمر زاتێکی قسە خۆش و ڕووخۆش بوو سنگە دەفتەری بیرەوەری شاعیران و نووسەرانی سەردەمی خۆی بوو.

بڕێك لە شیعرەکانی لە لایەن هونەرمەندان و دەنگ خۆشانی گەلەکەمانەوە کراون بە گۆرانی لەوانە ماموستایان (عەلی مەردان و ڕەفیق چالاك، شەهید قادر کابان و ئەحمەد مەحمود و نەجمەدینی غولامی و جەمال حەسەن و فازیل خالید .... تاد )

## هەروەك خۆی وایە

جارێکیان لە خزمەتی ماموستا ئەخۆلدا لەبەردەم کتێبخانەی سلێمانی ڕاوەستابووین، گوێم بۆ قسەخۆشەکانی ڕادەگرت، بە ڕێکەوت ئەحمەد شوکری شاعیر بەلاماندا تێ پەڕی. منیش وتم ماموستا کامتان بەتەمەنترن .. لە وەلامدا وتی من منداڵی ئەم شارەم و لەوەتەی ئەحمەد شوکریم دیوە هەر سەروڕیشی سپی بووە و گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە ، بگرە ئەو بە منداڵی ئێمەی دیوە .

## پاداشت

ئەخۆل کاتێك کە غەزەلەکەی ماموستا زێوەری شاعیر دەکاتە پێنج خشتەکییەکی سەرکەوتوو دەچێت پیشانی زێوەری دەدات و بۆی دەخوێنێتەوە ئینجا پێشکەشی دەکات، زێوەریش زۆر بە کوڵەوە دەست خۆشی و ئافەرینی لێ ئەکات هەندێ باسوق و سجوقی دەداتێ و دەعوەتێکی کفتەشی بۆ ساز دەکات. جگە لەوەش زێوەر لە دیوانی سۆزی نیشتماندا لە مەتەڵێکدا ناوی ئەخۆل و گۆران و برایم ئەحمەدی هێناوە، ئەمەش نیشانەی ڕێز و خۆشەویستییەکی بێ سنور بووە لە نێوانیاندا.

# ناونیشان


**لە ٨/٣/١٩٩٤ دا لەتیف قەرەداغی ڕەحمەتی (١٩٤٥ – ١٩٩٦) لەمەڕ دیوانی ئەخۆڵەوە شتێکی بۆ گێڕامەوە منیش وتم بە خەتی خۆت بۆم بخەرە سەر کاغەز بۆ ڕۆژی خۆی کە ئەمەیە ... :**

**ئەحمەد حسێن**

**"کامەران موکری لە ساڵی ١٩٨٣ بۆی گێڕامەوە کتێبەکەی ئەخۆڵی برای ئەو بە ناوی ( شمشاڵ ژەنێکی غەمگین ) ەوە ناونابوو لە دوایی دا ئەخۆڵ بێ ئاگاداری کامەران کردی بە ( پەیمان و شیوەن ) چونکە بەو شیعرە ناوی دەرکردبوو".**

**لەتیف قەرەداغی**

٨/٣/١٩٩٤


کامەران موکری لە ساڵی ١٩٨٣ دا
بۆی گێڕاوەتەوە کتێبەکەی
(ئەخۆڵ)ی برای ئەو بە ناوی
[شمشاڵ ژەنێکی غەمگینەوە]
ناونابوو لە دوایی دا (ئەخۆڵ)
بێ ئاگاداری (کامەران)
کردی بە [پەیمان و شیوەن] چونکە
بەو شیعرە ناوی دەرکردبوو
لەتیف قەرەداغی
٨/٣ ١٩٩٤

## (دەردی عەشق)ەکەی ئەخۆڵ

### لە ڕووبەڕووبوونەوەی خوێندنەوەدا ....

ئەحمەد دەروێش عەبدوڵڵا (**ئەخۆڵ**) ١٩١١– ١٩٨٨ خاوەن شیعری کەم و ناوبانگی زۆر، یەکێکە لە هەرە شەیدایانی بواری ئەوین و خۆشەویستی، شیعرە دڵدارییەکانی لەو ناخەوە هەڵقوڵاون. ئەو ناسکە نێچیرەی کە دڵەی پەرۆشی ڕاوی کردبوو، تا مردنی وێردی سەر زمانی بوو. لە تەمەنی بیست و دووساڵیدا لە هەرەتی لاویدا لە ژێر کاریگەری ئەو شۆخەدا لە غەزەلێکدا ( **دەردی عەشق** )ی خۆی بەیان کردووە. سەرەتا ئەخۆڵ عەشق بە دەردی بێ دەرمان و تیر و خەنجەر و زیندان دادەنێ لە خوای مەزن دەخوازێت کەس بە ئەندازەی ئەو تووشی ئەو هەناسە ساردییە نەبێت وەك ئەمی تێکەوتووە:

**کەس نەبێ دووچاری تیر و خەنجەر و زیندانی عەشق**

بەرگەگرتنی عەشق پشوودرێژیی و خۆڕاگریی دەوێ، هەرچی بە دەم وترا مەرج نییە بە کردەوە جێبەجێبکرێ. ئەو کەسەی دڵی لەلایەن دوولبەرێکەوە ڕادەکێشرێت ئارامی لەبەر دەبڕێت. ئاخۆ کێ پاڵەوان و هەڵکەوتووە کە ئەوین تەنگی پێهەڵچنێ و بوو بە میوانی و ڕادەست نابێت؟ بێگومان دەیەهایە و نکوولی لێناکرێ، چونکە بەڕاشکاوی دەوترێ :

**هەرکەسێ زۆر بەجەرگە و پاڵەوان و قارەمان**

**با بتوانێ بەرگە بگرێ گەر بووە میوانی عەشق**

پەروانەکە چەندە شەیدا و هۆگری ڕووناکییە چەندە لە دەوری خول بخوات، پتر لە مەرگ نزیك دەبێتەوە ئەوەتا ئەنجامەکەی داپلۆخاندە. جگە لەوەش بەو سوتاندنە ئەوەندە جەستەی بچوك دەکاتەوە دەیکاتە گەرۆکێکی ڕەشی سەر خاك. لە مرۆڤیشدا باشترین تاقیکردنەوەمان مەجنوونە، چۆن لە پێناوی لەیلادا سەرگەردانی چەشت و کۆتایی بە تەمەنی پڕ لە ماندوێتی هات. لەنێوان پەروانە و مەجنوون و خاکی سیاهو سەرگەردانی دا لەف و نەشری مورەتەب هەیە ئەمیش بەشێکە لە هونەری شیعریی:

**عەشقە پەروانە دەکاتە زەڕرەیەك خاکی سیاه**

**ناوی مەشهوورە کە مەجنوون بۆتە سەرگەردانی عەشق**

هەر کەسێك شەیدای ڕاستەقینە بێت چ لەبواری دڵداری چ لە هۆگری ڕێبازێك و بەتەواوی کاری تێکردبێت بۆی نییە ئەگەر لەو عاقارەشدا سەردابنێت بۆ نمونە ئەگەر شەپۆلی تیژ و زاڵی عەشق نەبێت، فەرهاد لەڕێگەی گەیشتن بە شیرین چۆن مەرجەکەی خۆی دەهێنێتە دی و بەردەبێتە هەڵکەندنی کێوی بێستوون و سەرئەنجامەکەشی ئەوەبوو بە بیستنی مەرگی شیرین نووکی قولنگی نائومێدی لە مێشکی خۆی چەقاند، دیسان مەنسووری حەللاج، لەو ڕێبازە کە گرتبووی کە بە موو لە ڕەوا لانادا و لایشی نەدا، تاکو ئەو دەمەی خوێنیان ڕشت و کۆتایی بە ژیانی هات خوێنەکەشی بە ڕژاوی ( انا الحق ) ی نووسیبوو، عەشق خاوەنی زۆر لەمانەیە:

**زاڵـمێـکی وایـە عـەشـــق فـــەرهـــادی کــۆهکــەن**

**حوکمی دا بۆ قەتلی مەنسوور حاکم و سوڵتانی عەشق**

شەمسی تەبرێزی کە شاعیرێکی سەدەکانی ناوەڕاستە و خاوەنی دیوانێکی گەورە و پڕلە ووردەکارییە... وشەکانی لەگەڵ عەشقدا ئاوێتەبوون وەکو بولبولێکی خۆشخوان بە هەورازی عەشقدا سەرکەوت پڵپڵەی خوێن پەڕییە جەرگی و جەستەیشی بوو بە کۆی زوخاڵ. ئەمانە تێکرا لە گەشمردەکانی عەشقن :

**شــەمسی تــەبـرێـزی کە سوتــا کردیـە کۆهی زوخـاڵ**

**پڵپڵەی خوێن کەوتە جەرگی بولبولی خۆشخوانی عەشق**

عەشق گەلێ کەسی پەرێشان و داماو کرد...لەوانە چەندان لاوی جوانەمەرگ کرد، هەزاران شاهو گەدای خستە غەرغەرەی مەرگ .. بەڕاستی عەشق بۆ ئەو گرۆهانە بوو بە دەردی بێ دەرمان و گورچکبڕی ناوەخت و بێ سەر و سامـان :

**چەند جوانی جوانە مەرگ کرد، چەند هـەزار شاهو گـەدا؟**

**دەردی بێ دەرمــان و دائی بێ ســەر و ســامـانی عـەشق**

عەشق تەنیا تایبەت بە توێژێك نییە بەڵکو جیهانێکی بەخۆیەوە پەیوەست و گیرۆدە کردووە. لەوانە شێخی بەرماڵ بەشان و قوتبی ڕەببانی ئەمانە ئامازەن بۆ عەشقەکەی شێخی سەنعان کەواتە عەشق جۆگەلەیەکە سەرچاوەی لە دڵدایە، لە چاودایە، لە مێشکدایە، بێ ڕاوەستان بۆ مانەوەی خۆی درێژە بە ئاکامی خۆی دەدات :

**عـالـەمی خستـۆتـە هـۆهـۆی کـۆڕی زیکـری خۆیـەوە**

**شێخەکەی بەرماڵ بەشان و قوتبەکەی ڕەببـانی عەشق**

کە ئێمە لە عەشق دەدوێین، گشتی تایبەت بە ئایین و خوداپەرستی نییە، ئەوەتا بولبول عەشقی گوڵە، لەیل و مەجنون دوو عاشقی دنیایین، بەڵام عەبدولقـادر ( غەوسی گەیلانی ) ئەمەیان عەشقی خۆشەویستی و گەورەیی یەزدانـە.. هەریەك لەمانە هەڵگری پەیـام و ڕاهاتووی بەرنامەی پەرەسەندووی عەشقن :

**نـەك هـەمووی عـەشـقی خـوابێ ئـەغلـەبی عـەشـقی تـرە**

**بولبول و گوڵ لەیل و مەجنون غەوسەکەی گەیلانی عەشق**

ئەخۆڵ زاراوەی عاشق و کاریگەرییە بنەڕەتییەکەی بۆ سەر دڵ و دەروونی مرۆڤ بە کەسێکی گەورە و هێزداری خاوەن شمشێر و قەڵـغـان داناوە کە بەرنگاری لەشکری عاشق دەبێت بە ئاسانی تێکدەشکێنی بۆیە هـاوار لە یەك بەیەکیـان هەلدەستێنی:

**وا ئــەزانم جـەمعی عـاشق گشتی هـەر مـەقلوب ئەکـا**

**لەشکری شمشێر بەدەست و خاوەنی قەڵغانی عەشق**

لەکۆتاییدا شاعیر کە خۆی بە یەکێ لە هەڵتروشکاوان و بەندەی بارگەی عەشق دادەنێ و پریشکی ئەو خۆرە گرنگ و بڵێسەدارەی بەرکەوتووە ئەڵبەتە لەو کاروانە دانـابڕێ و تەمەنی خۆی لەگەڵدا دەباتە سەر تا دەبێتە دوا هەناسەی قوربانی عەشق :

**(ئەحمەدیش) پرشنگی بەرکەوت بوو بە عەبد و چاکری**

**نـەونـەمـامی تـازە خەڵفـە تـا ئـەبێ قوربـانی عـەشق**

**تێبینی:** شاعیر سەرەتا نازناوی ئەحمەد بوو دوایی کردی بە "ئەخۆڵ"

**سەرچاوە:** دیوانی ئەخۆڵ

**ڕۆژنامەی کوردستـانی نوێ**
ژمارە ٥٥٣٧ لە ٢٠١١/٧/٢١

# یادگارییەك لە گەڵ ئەخۆل دا

## لە ئەرشیفی کتێبخانەوە

ساڵانی ١٩٧٨ بۆ ١٩٧٩ کتێبخانەی بێکەس لە شوێنی پاقلاوەخانەی هەورامان بوو لە شەقامی پیرەمێرد من و غەریب زێوەر هاوبەش بووین لە کتێبخانەکەدا، لەبەرئەوەی ئەو فەرمانبەر بوو زۆر کات من بەڕێوەم ئەبرد، ڕۆشنبیران و شاعیران زۆر سەردانیان ئەکردین، ڕۆژێکیان گەرمەی هاوین بوو ماموستا ئەخۆلی شاعیر خۆی کرد بە کتێبخانەکەدا و ئارەقی شین و مۆری دەردابوو، چاکەتێکی زلی دابوو بە شانیا وتم ماموستا ئەخۆل دنیا زۆر گەرمە بۆچی ئەم چاکەتە لەبەر ئەکەی ؟ وتی: برام ئەمە چاکەت نی یە ! ناتوانم بێ ئەم بێمە دەرەوە ئەمە جانتای پاکەتە جگەرە و شقارتە و کلیل و تەزبیح و دەستەسڕ و وەرەقە و قەڵەم و پاندانە ئەمە بێجگە لە شتی تر ..


کە لەم قسانە بووەوە وتم: ماموستا ئەخۆل ئەزانم هۆنراوەی "شەرتە تا ڕۆژی حەشر" بۆ کێت وتووە ! لەم ڕۆژانەدا ماموستا شێخ ئەبوبەکر هەوری (أ.ب. هەوری) ئافرەتێکی باڵا بەرزی شۆخ و شەنگی نیشاندام وتی: ئەمە ئەو ئافرەتەیە کە ماموستا ئەخۆل، کە ئەم قسانەم بۆ ئەگێرایەوە چاوەکانی فرمێسکی پیا ئەهاتنە خوارەوە وتی: دەبا من شتێکت بۆ بگێڕمەوە لەم ڕۆژانەدا سواری پاسی ( مەصلەحە ) بووم ئەوەندەم زانی ئافرەتێکی باڵابەرز سەرکەوت، کە تەماشم کرد ئەو ئافرەتە بوو کە تۆ باسی ئەکەیت، منیش لە جێگەی خۆم وڕبووم هەر کە گەیشتمە ماڵەوە دوانزە دێڕ هۆنراوەم بۆ هات لەگەڵ هەر دێڕێکی هۆنراوەکەدا پەیتا پەیتا فرمێسك لە چاوم ئەهاتە خوارەوە، لەبەر گریان هەرچەندم کرد نەمتوانی زیاتر بنووسم.


ڕۆژانەی سلێمانی ژمارە ٢٨ ی ١٩٩٩/٩/٢٧

س.ع. شادمان

# ئەخۆڵ

**لە (( مێژووی ئەدەبی کوردی )) ١٩٤٥ – ١٩٧٥**





# مێژووی ئەدەبی کوردی

**د. مارف خەزنەدار**

**١٩٣٠ – ٢٠١٠**

## بەشی شازدەهەم

## ئـەخـۆڵ

١٩١١ – ١٩٨٨

# ژیانی

**ئەحمەد کوڕی دەروێش کوڕی عەبدوڵلاّ لە ساڵی ١٩١١ لە سلێمانی لەدایك بووە. هێشتا زۆر منداڵ بووە دایك و باوك و ئەندامانی خێزانیان بۆ خۆشەویستی بە (ئەخۆڵ) بانگیان کردووە. ئامۆزاییێکی بووە فسەزمان بووە (زمانی گیراوە) ، لەباتی (ئەحۆڵ) بە (ئەخۆڵ) ناوی بردووە. لەمەوە هەموو لاییێك لاسایی ئەویان کردۆتەوە و بە ئەخۆڵ بانگیان کردووە، لەناو خەڵکیش هەر بەم ناوەوە ناسراوە. ئەخۆڵ ناوی ڕاستەقینەی خۆی ( ئەحمەد )ی کردووە بە نازناو و لە تۆماری شیعریدا بەکاری هێناوە.**

**سەرەتای خوێندنی لە حوجرەی مزگەوت بووە. کە ئینگلیز لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی سلێمانی داگیرکردووە، قوتابخانەییێك بە ناوی (نمونەی سەعادەت) لە سلێمانی کراوەتەوە، ئەخۆڵ ساڵێك لەو قوتابخانەیە خوێندوویەتی.لە هەڵسانی شێخ مەحموود و بۆمبارانی سلێمانی قوتابخانەکان داخران، کە حکومدارییەتی شێخ مەحموود جاڕدرا دوو قوتابخانەی تازە بەناوی (مەحموودیە) و (قادریە) کرانەوە. قادریە بەناوی شیخ قادری برای شیخ مەحموودەوە بوو. ئەخۆڵ تا پۆلی سێیەم لە قوتابخانەی قادرییە خوێندوویەتی. لەو سەردەمەدا سلێمانی جارێکی دیکە کەوتەوە ژێر کارەساتی بۆمباباران، لەو کاتەدا ئەخۆڵ ڕووی کردە بەغدا، ماوەییێك لەوێ مایەوە،**

که گەڕایەوە سلێمانی لە پۆلی سێیەم دەستی کرەوە بە خوێندن تا پۆلی پێنجەم ئەوجا بە یەکجاری وازی لە خوێندن هێنا.

ئەخۆل لە منداڵییەوە ئیشی کردووە و خۆی بەڕێوەبردووە. لە ساڵی ١٩٢٩ لە چاپخانەی شارەوانی سلێمانی دامەزراوە، لەو سەردەمەی ڕۆژنامەی (( ژیان )) (١٩٢٦-١٩٣٨) لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە ئەو کاری تێداکردووە تا ساڵی ١٩٣٤. لە دوای ئەمە بە موچەخۆر لە دادگا دامەزراوە تا ساڵی ١٩٧٠ خۆی خانەنشین کردووە.

بەلای ئەخۆلەوە ئەو ماوەیەی لە چاپخانە لەگەڵ پیرەمێرد کاری کردووە خۆشترین ڕۆژگاری ژیانی بووە. پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ شاعیر و ڕۆشنبیرانی ئەو کاتە بەهێز بووە، لەوانە محەمەد عەلی مەدهۆش و نووری شیخ ساڵح و فایەق بێکەس و شێخ سەلام و عەبدوللاَ گۆران و ئیبراهیم ئەحمەد و ڕەمزی قەزاز و هی دیکە. لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی ژیان و ژین و گەلاوێژ و ڕۆژی نوێ شیعری بڵاوکردۆتەوە. لەساڵی ١٩٧٠ یەکەم دیوانی شیعری بە ناوی ( پەیمان و شیوەن ) بڵاوکردۆتەوە. لەپاشانا لەساڵی ١٩٨٤ شیعری بە ناوی (( دیوانی ئەخۆل )) لە بەغدا بڵاوکردۆتەوە. دوای خانەنشینی لە جموجۆڵی شیعری نەکەوتووە تا ڕۆژی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٨٨ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژراوە.

## شیعری

یەکەمین شیعری ئەخۆل بەناوی (( سکالاَ لەگەڵ بلبل دا بە دڵێکی پر لە سەوداوە )) لە مارتی ١٩٣٣ بڵاوکراوەتەوە. لەو کاتەوە بەرهەمی شیعری جوانی ڕەنگدانەوەی شیعری میللی ئەدەبی کوردییە. سەرکەوتووانە توانیویەتی لەم بابەتە شیعرە ئاسانەدا کێشی بەحری عەرووزی و یەکێتیی قافیە بەکار بێنی. شیعرە عەرووزییەکانی لەسەر بەحری هەزەج و ڕەمەل و موزاریع و ڕەجەز هۆنیوەتەوە. قافیەی ڕەنگاوڕەنگە، لە شیعری کێشە میللییە خۆماڵییەکانیدا جووت قافیەی

(مەسنەوی) بەکارهێناوە. لە هەندێ شیعری دیکەیدا ئەوانەی لەسەر بنچینەی بەند دانراون هەر بەندێ قافیەی تایبەتیی خۆی هەیە.

لە دیوانیدا غەزەل و قەسیدە و پارچە شیعری میللی و پێنجین و چوارین و تاك بەرچاو دەکەون. ئەخۆڵ شیعری مستەفا بەگی کوردی و مەحوی و زێوەری کردووە بە پێنج خشتەکی. شاعیرانی دیکەش شیعری ئەویان کردووە بە پێنج خشتەکی، لەوانە: ن. ئاری، ڕازی ( سابیر سەعید )، محەمەد عەزیز مەلا رەحیم، أ. ب. هەوری.

زمانی شاعیر ئاسانە، وشەی بێگانە لە شیعریدا کەمە، کاریگەری ڕەوانبێژی شیعری کلاسیکی لە بەرهەمیدا بەهێز نییە، شەقلی سیمبۆلیزم و ڕۆمانتیزمی ئەدەبی میللی زیاتر بەسەر شیعریەوە دیارە. هەروەها زۆربەی وێنە و نموونەی ڕەوانبێژی شیعری کلاسیکی عەروزی خۆماڵی لە داهێنانی خۆیەتی.

ئەخۆڵ شاعیرێکی خۆڕسك بوو، خوێندنێکی ڕێکوپێکی قوتابخانەیی نەبوو، سەلیقەی شیعری لە بەهرەی خۆیەوە هەڵقولاْ بوو. گوێی مۆسیقی سەرچاوەی یەکەمی شیعری بوو، نەك خوێندنەوەی شیعری بێگانە. ئەو گوێی مۆسیقییە لە ئەنجامی موتالاْکردن و وردکرنەوەی شیعری کۆن و نوێی کوردی بوو.

ناوەرۆکی شیعری ئەخۆڵ هەمەڕەنگە. لە ڕووی بابەتەکانی شیعرەوە دڵداری بەسەر هەموو بەشەکانی دیکەدا زاڵە. جگە لەوە بایەخێکی کەمی بە مەبەسەکانی دیکەی وەکو شیوەن و ماتەمنامە و ستایش و کوردایەتی و سیاسەت داوە. هەرچۆنێ بێ ئەخۆڵ یەکێکە لەو شاعیرانەی شیعری بۆ ویژدانی خۆی وتووە، کەس نەیتوانیوە شیعر لای ئەو بەڕادان بدا، لەبەرئەوە وەك شیعرێکی جوان و ناسك و ئاسان دەکەوێتە بەرگوێ. ئەخۆڵ ماتەمنامەی بۆ پیرەمێرد و بێکەس و بێخود و چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی کورد هەیە: "عیزەت و خۆشناو و خەیرللاْ و قودسی".

# نموونەی شیعری

## دڵداری و وەسف

### ١

لە شیعرێکێدا ئەخۆڵ بە ناوی (( دەردی عەشق )) ەوە دەڵێ :

خوایە کەس توشی نە بێتە دەردی بێ دەرمانی عەشق
کەس نەبێ دووچاری تیر و خەنجەری زیندانی عەشق

هەر کەسێ زۆر زۆر بە جەرگە و پاڵەوانە و قارەمان
با بتوانێ بەرگە بگرێ گەر بووە میوانی عەشق

عەشقە پەروانە دەکاتە زەڕڕەیەك خاکی (سیاه)
ناوی مەشهورە کە مەجنون بۆتە سەر گەردانی عەشق

زاڵمێکی وایە عەشق فەرهادی کردە کۆهکەن
حوکمی دا بە قەتڵی (مەنسور) حاکم و سوڵتانی عەشق

شەمسی تەبریزی کە سوتا کردیە کۆهی زوخاڵ
پڵپڵەی خوێن کەوتە جەرگی بولبولی خۆشخوانی عەشق

چەن جوانی جوانە مەرگ کرد ، چەن هەزار شاهو گەدا
دەردی بێ دەرمان و دائی بێ سەر و سامانی عەشق

عالەمی خستۆتە هۆ هۆی کۆڕی زیکری خۆیەوە
شێخەکەی بەرماڵ بەشان و قوتبەکەی رەببانی عەشق

نـەك هـەمووی عەشـقی خوابـێ ، ئەغڵـەبی عەشـقی تـرە
بولبول و گوڵ لەیل و مەجنون غەوسەکەی گەیلانی عەشـق

وا ئـەزانم جـەمعی عاشـق گشـتی هـەر مـەقلوب ئـەکا
لەشـکری شمشـێر بـە دەسـت و خـاوەنی قـەڵغانی عەشـق

(ئەحمەد) یش پرشنگی بەر کەوت بوو بە عەبد و چاکری
نـەو نـەمامی تـازە خەڵفـە تـا ئـەبێ قوربـانی عەشـق
****

لەم شیعرەدا ئەخۆل بە زمانێکی ئاسان و ساکار داستانی دڵداری دەگێڕێتەوە. وشەی (( عەشق ))ی کردووە بە پاش قافیە، باس لەو کەسانە دەکا گیرۆدەی عەشق بوون وەکو فەرهاد و مەجنوون و مەنسووری هەلاج و شەمسی تەبریزی. ئەخۆل لە شیعرێکی پڕ لە ئاواز و تەنتەنە بەسەرهاتی هەندێ لە عاشقان لە مێژووی سۆفیزمدا دەگێڕێتەوە. زانیارییەکانی پێوەندییان بە سۆفیزمی ئیسلامییەوە هەیە. ئەم شیعرەش وەکو گەلێ شیعری دیکەی کوردی دەچێتە ناو وەسفی سۆفیزم، نەك داهێنانی سیمبۆلییانە و ڕۆمانتیکییانەی سۆفیزمی کۆزمۆسی.



## ٢

**له شیعرێکیدا به ناوی وڕێنەوە ئەخۆڵ دەڵێ :**

**دڵـم هــەر ئــەو دڵــەی جارانــە ئیســتاکەش ئــەناڵێنێ**
**هەناســـەی ســـاردی ناکـــامی لەســـینەمدا ئەتاســـێنێ**

**ئەگـەر جوانیـت سـەرنجم ڕا بکێشـێ مـەگرە لـێم چـونکە**
**جـەماڵت پەیکـەری ڤینۆسـی خـوای جـوانیش ئـەجوڵێنی**

**پەچـەت لادە ببیـنم ڕووت ئـەمن خـۆ سـەیری تـۆ ناکـەم**
**لە ڕووی تۆ تێ دەگەم یەزدان چلۆن نەخشی ئەنەخشێنێ**

**کـە تیشـکی ڕۆژ ئـەدا زاخـاوی پرچـی زەردی زێڕینـت**
**لـەلام قـەوس و قـەزاح هـیچ ڕەونـەق و شـەوقێکی نامێنـێ**

**بـەوەش دڵشـاد و خۆشـحاڵم کـە یـادی نائومێـدیی خـۆم**
**بـە خـوڕ ئەشـکی لـە چـاوانا قـەتیس مـاوم ئـەبزوێنێ**

**تەمـەن ڕوو بـۆ خـەزان ئـەڕوا کەچـی گـەردون ئـەوا تـازە**
**لـــە وێرانـــەی دڵا تـــۆوی گـــوڵی دڵـــداری ئـــەڕوێنێ**

**بە چەشنێ خۆشەویستی تۆ لـە سینە و کەللەما چەسپە**
**مەگـەر جـامی ئەجـەل ئـەو تـێن و تـاوەی لێ هـەڵێنجێنێ**

**ئەخۆڵ ناوی ((وڕێنە))ی بۆ ئەم لیریکە هەڵبژاردووە، ڕەنگە مەبەسی ئەوەبێ بەگشتی شیعر سنووری بۆ نییە، لە نەبوو شت دەخولقێنێ، بۆیە داهێنانی پێ دەوترێ، ئەگەرنا ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرە جوانەکان، تەعبیر لە هەستی ناوەوەی شاعیر دەکا بەرامبەر هەندێ شتی سەرنج ڕاکێشـەر لە سروشت و لەناو کۆمەڵگەدا. جوانی دولبەر ڕەنگدانەوەی ڤینۆسی خوای جوانی گریك و ڕۆمانەکانە. شاعیر داوا لە دولبەر دەکا پەچە لەسەر ڕووی لابەرێ بۆ ئەوەی چاوی بە کردەوەی یەزدان بکەوێ چۆن ئەو پەیکەرە قەشەنگەی لە قوڕ دروست کردووە. ئیتر دەکەوێتە وەسفی ئەندامەکانی**

دیکەی دلبەر و لەگەڵ دیمەنی سروشت بەراوردیان دەکا. لە دواییدا دەڵێ دڵداری ئەو پەیکەرەیە بە جۆرێك لە ناخی دڵدا چەسپیوە مەگەر جامی ئەجەل دەرەقەتی بێ.

٣

لە شیعرێکیدا ئەخۆڵ بە ناوی (( **پەیمان و شیوەن** )) ەوە دەڵێ :

شـــەرتە تـــا ڕۆژی حەشـــر خولیـــایی مـــن بـــێ چـــاوی یـــار
وێڵـــی ســـەحرابم هەمیشـــە تـــەرك ئەکـــەم خـــوێش و دیـــار

شـــەرتە خـــوێنم یـــا بـــە گریـــان ئەڕژێمـــە ســـەفحەی عـــەدەم
یـــا بـــە شمشـــێری ڕەقیبانـــا ئـــەبێ بتکێتـــە خـــوار

شـــەرتە وەك مـــەجنونی بـــێ کـــەس دەشـــت و کێـــو بـــێ مەســـکەنم
تـــا بـــە داخـــی لەیلـــەوە دەمنێنـــە قـــەبری تـــەنگ و تـــار

شـــەرتە وەك فـــەرهاد قـــوڵنگی یـــادی شـــیرین هـــەڵگرم
تـــا لـــە پـــای کێـــوی فیراقـــا جـــێ دەهـــێڵم یادگـــار

* * * * *

شـــەرتە وەك یـــەعقوب لـــە دوری یوســـفی گـــوم گەشـــتەکەم
ســـینە پـــڕ غـــەم ، دیـــدە پـــڕ نـــەم تـــا ئەبـــەد نـــەگرم قـــەرار

شـــەرتە وەك ئـــازیز مـــردە ســـەر لـــە ئـــەژنۆ بـــەر نـــەدەم
بـــۆ دڵـــەی وێـــڵ و غـــەریبم دائیمـــا بگـــریم بـــە زار

شـــەرتە وەك بولبـــول بـــە شـــیوەن قـــەت لـــق و چـــڵ بەرنـــەدەم
تـــا دەمـــی خونچـــەی ئەمـــەل نەکرێتـــەوە صـــوبحی بـــە هـــار

شـــەرتە وەك دێوانـــە کەشـــکوڵ و عەســـایەك هـــەڵگرم
بیخەمـــە لاوە بـــە جـــارێ عیززەتـــی نـــەفس و ویقـــار

* * * * *

شەرتە بمبێ تا بمبێ تاجی (خەسرەو) گەنجی (قاروون) تەختی(کەی)
هـــەر لـــە دەرگـــای ئـــەوا بمـــرم کەســـاس و خاکســـار

شـــەرتە ڕەنگـــین کـــەم لـــە داخـــی تـــۆ بـــە ئەشـــکی دیدەکـــەم
عـــــەرد و بـــــەرد و شـــــاخ و داخ و لالـــــە زار و جۆیبـــــار

شـــەرتە یـــا حەســـرەت لەگـــەڵ خۆمـــا ئەنێمـــە قـــەبرەوە
یـــا ئـــەبێ بمـــژم لـــە خونچـــەی نەوشـــکۆفەی لێـــوی یـــار

* * * * *

ئەخۆل لەم لیریکە ئاساییەدا سەرەتای هەموو دێڕێك واتە نیوە دێڕی یەکەم بە وشەی (( شەرتە )) دەست پێ دەکا. پەیمان وبەڵێن دەدا لە پێناوی چاوی جوانی دولبەر وێڵی بیابان بێ وەکو مەجنون، قوڵنگبەشان و زەحمەتکێش بێ وەکو فەرهاد، چاوبەگریان بێ وەکو یەعقوب، کەشکۆڵ بەدەست بێ وەکو دێوانە، بە لای شاعیرەوە ئەمە ژیانی خۆشی و جاویدانی یە، گەورەیی لەوەدایە لە دەرگای دلبەر بە کەساسی بمرێ نەك تاجی خوسرەو و گەنجی قاروون و تەختی کەیقوبادی هەبێ، شاعیر ڕاست دەکا ئەگەر دڵداری بە ڕاست بێ لە هەموو شتێك بەهێز ترە.



## ٤

له شیعرێکیدا ئەخۆل بەشێوازێکی میللیانە و کێشیکی سووك و ڕیتمێکی پڕ لە ئـاواز گفتوگۆ لەگەڵ دلبـەر دەکا و پێی دەڵێ تـۆ هەموو شتێکی بۆ من :

**ئـــای چـــەند گرفتـــاری تـــۆم**
**جگـــــەر برینـــــاری تـــــۆم**
**دڵ بەســـــتەی زنـــاری تـــۆم**
**شـــۆخی و جـوانی و لاوی تـۆ**
**بـــۆ ژیـــانم بـــوو بـــە هـــۆ**
**دنیـــا تـــۆی تیـــا نـــەبینم**
**نـــابم دەربەســـــتی ژیـــــنم**

* * *

**لـــە نـــاو بـــاخ و گـــوڵزارا**
**لـــە مێـــرگ و مێرغـــوزارا**
**لـــە هـــاوین و بـــەهارا**
**گـــەڕام ڕوانـــیم خـــوار و ژوور**
**لـــە نزیکـــی چ لـــە دوور**
**نەمـــدی وەك تـــۆ بـــالاّ بـــەرز**
**وەك تۆ شووشو عەر عـەر تـەرز**

* * *

**قاسـپەی کـەوانی سـەر کـەل**
**ئـــاوازی قـــومری و مـــەل**
**لەســەر ئــەم چــڵ و ئــەو چــڵ**
**ئەبیـــەم ئـــەم هـــەموو دەنگـــە**
**هەرچـــیەك نـــای و چـــەنگە**
**لـــەلای منـــی ڕەنجـــەڕۆ**
**ناگاتـــە (ئـــا) یـــەکی تـــۆ**

* * *

گوڵاڵەی سوور و شەوبۆ
وەنەوشەی سەر لە ئەژنۆ
سفێدەی دەمی ئاسۆ
دیم نەمدی لە مانە
وەك تۆ ڕازاوە گیانە
شین و مۆر و زەرد و ئاڵ
چاوو گەردن كوڵم و ئاڵ

* * *

جوانیم كردە چەپكێ گوڵ
گوڵی ڕازاوە بە دڵ
لێم بژارد دڕك و چقڵ
خۆشم بوومە یەك بولبول
پێما ڕوانی گوڵا و گوڵ
كەچی لە و چەپكە جوانە
تاسەی تۆم نەشكا گیانە

* * *

ژیانی (كامەرانیی)
ئەم دنیایە وسامانی
هەرزەكاری یەو جوانیی
توخوا وەرە تا جوانین
ئەركی پیری نازانین
با بی چێژین بێ (زاریی)
تامی عەشق و دڵداریی

* * *

هەموو شتێکی شاعیر تەنیا ئەو خۆشەویستەیە. هەموو جێیەك گەڕاوە، لەهەموو کاتێکدا جوانی وەك ئەوی نەدیوە. ئاوازی خۆشەویستی مەل و باڵندان ناگاتە وشەی (( ئـا )) یێك کە لە دەمی دێتە دەرەوە. گولاڵە سوورە و شەوبۆ و وەنەوشە و سپێدەی بەیان ناتوانن بە ڕەنگی شین و مۆر و زەرد و سوور خۆیان لە قەرەی چاو و گەردن و کوڵم و خەت و خاڵ بدەن. بە ڕەوانبیژی میللییانە ئەخۆل دیمەنی داهێنراوی هونەری دروست کردووە. جوانی دلبەر دەکا بە چەپکە گوڵ، خۆی بە بلبل. بە گەشبینییەوە بە دلبەر دەڵێ تا گەنجین با خۆشی لە ژیاندا ببینین و بیر لە پیریی نەکەینەوە.

٥

لە لیریکێکیدا ئەخۆل بە ناوی (( هەجوو )) ەوە باس لە فێڵبازیی و عەیاری یاری دەکا:

ئەگـەر چـی شـۆخ و شـەنگێکە ئەگـەر چـی نـەرم و نۆڵێکـە
بـــەڵام عـــەییارە زۆر زانـــە حـــەرام زادە ، چـــە زۆڵێکـــە
چـە زۆر زانـە چـە شـەیتانە وەکـو (دیـزە بـە کۆڵێکـە)
سـەعاتی دەسـت و ئـەحبابی یەکێکـە و دەسـت بـە قۆڵێکـە
نـی یـە مانەنـد و ئەمسـالی لـە هـیچ ئـەنحائو چۆڵێکـا

* * *

هـــەزارم دیـــوە نەمـــدیوە وەکـــو تـــۆ هێنـــدە زۆر زان بـــێ
لـە کـەرکوك و لـە بەغـداد و چـە لـە شـاری سـولەیمانی
هەموو موویەکی ئەگریجەی دەستی سەد گەنجی پیا هانی
کـــە دەرکـــەوت رافڕێنـــراوە وەکـــو مـــاڵێکی تـــاڵانی
( معـاذاللە ) کەچـی لای خـۆی ئەمـە سـڕێکە پـەنهانی

لێرەدا نازانرێ ئەمە دلبەری شاعیر خۆیەتی یا نازەنین و شۆخ و شەنگێکە شاعیرێکی هەستیار خۆی پێ ناگێرێ و گەشکەی جوانی دەبێ کە چاوی پێی دەکەوێ. ئەو سیفەتانەی شاعیر بۆ ئەو جوانەی دەژمێرێ کە بە ڕووکەش سیفەتی باش نین لە نرخی جوانی کەم ناکەنەوە. سیفەتەکانی عەیار و زۆرزان و زۆڵ و شەیتان کە بۆ ئەو نیگارەی بەکارهێناوە لەم شیعرەدا بە داشۆرین ناچن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبن بە پیاهەڵدان و ستایش. ئەو جوانە ئەوەندە شارەزای مەکری ژنانە هەر موویێکی ئەگریجەی سەد لاوی هەڵخەڵەتاندووە. شاعیر لە کەرکووک و بەغدا و سلێمانی گەڕاوە یەکێکی وەکو ئەوی نەدیوە. لەبەر جوانییەکەی ڕفێنراوە و تالاّن کراوە، ئەمەیان هەر خۆی دەیزانێ چۆن ڕووی داوە. لێرەدا ئاماژەیێك هەیە بۆ ئەوەی ئەم جوانە هەڵخەڵەتێنراوە لە دواییدا تووشی داوێن پیسی بووە.



## گردی سەیوان

لە شیعرێکیدا ئەخۆل بەناوی (( **سکالاْ لەگەڵ سەیوان و تکا لە گەردوون** )) موناجات لەگەڵ گردی سەیوان دەکـا :

**ئـەی گـردی سـەیوان ، سـەیوانی سـێوان**
**ئـەی کـەنزی گەوهـەر سـەرەتا بـە لێـوان**
**هـــەر خـــوا ئـــەزانێت چـــی لـــە دڵتایـــە**
**چـــەن گـــوڵی وەریـــو لـــە ژێـــر چـاڵتایە**
**تـــــۆ گـــــوڵزارێکی خــــارە ســــــەمەرت**
**وشـــکە شـــۆڕەبی نـــار و عـــەر عـــەرت**
**هـــەر گەلاْیـــەکی کـــە لێـــت ئـــەوەرێ**
**پارچـــە دڵێکـــە و گۆشـــەی جگـــەرێ**
**هـــەر پـــەڕێ گـــوڵی ئەرخەوانەکـــەت**
**هـــەر دەنکـــێ گڵـــی بیابانەکـــەت**
**لـە خـوێنی گەشـی چـەن جـوان و پـیرە**
**لـە ئێسـکی سـەری چـەن گـەدا و مـیرە**
**ســەوزە ، وردە گیـــات بـــەلاْم ئەبوایـــە**
**بـــە پێچـــەوانە ڕەنگـــی ســـوور بوایـــە**
**چـــون لەســـــەر لاشـــــەو دلاْن ڕواوە**
**بـــە خوێنـــاوی گـــەش ئاویـــان دراوە ..**
**بـەلاْم تـا دوێنـێ بەڕاسـت گوڵشـەن بـووی**
**مێـرگ و مێرغـوزار بـاغ و چـەمەن بـووی**
**لەســـەر چـــلاْنت بولبـــول و قـــومری**
**دڵشـاد ئـەیان خوێنـد ئێسـتاکە ئـەگری**

چەن جووتەی دڵخواز بێ جەور و مەینەت
لەسـەر سـینەی تـۆ ئـەیانکرد عوشـرەت
ئێسـتاش ئەوانـەن کەوتونـە بـەر پـێ
ئێسـقانیان بۆتـە خـاکی سـەرەڕێ
ئـەی گـەردوون کـە تـۆ ئەمـە بـێ وەفـات
بۆچـی بمێـنم بکێشـم جـەفات
قەسـەمت ئـەدەم بـە حـەقی یـەزدان
وەرە تـا زووە بمنێـرە سـەیوان
وەك لـە دنیـادا کەوتومـە بـەر پـێ
بـا لـەوێ ببمـە خـاکی سـەرەڕێ

ئەگەر گردی سەیوان گۆڕستانیش بووبێ پێش بناغە لێدانی شاری سلێمانی لە دوای دروستبوونی پایتەختی میرنشینی بابان گردەکە بوو بە گۆڕستانی ڕەمزی یادگاری هەموو مردوویەکی ئەو شارە. شاعیر قسەی لەگەڵ دەکا، بەسەرهاتی دەگێڕێتەوە. لە پێشانا گوڵستان و دەوەنستانێك بووە، ئەرخەوانەکانی نەخشی سروشت بوون لە قەدپاڵی ئەو گردە، شاعیر باس لە خەڵکی ناو گردەکە دەکا، لاو و پیر، هەژار و میر، شەهیدی نیشتمان. ئەو دڵدار و دلبەرانەی لە کاتی خۆیدا لە بەهاری گردی سەیوان دەست لەملانێ بوون، ئیستا لەناو هەناوی گردەکە نێژراون کەوتونەتە بەر پێیان.

شاعیر بە وێنەی جوانی داهێنراوی شیعریی کۆتایی بە لیریکەکەی دێنێ بەوەی زوو ئەو شانازییەی بەرکەوێ و لە سەیوان بنێژرێ. دیارە هیچ زیانێکیشی لێ ناکەوێ ئەگەر لەوێ ببێتە خاکی سەرەڕێ، چونکە لە دنیاشدا خۆشی نەدیوە و هەر لە ژێر پێیاندا بوو.



## گردی سەیوان لە سلێمانی

---

تێبینی :


کاتی خۆی ئەم پارچە شیعرە خەڵاتی شاعیرانەی لەلایەن (م.نوری و بێکەس و سەلام) ەوە پێدراوە، لە پێشبڕکێی نێوانیان دا یەکەم دەرچووە.

## ئەيلولی خوێناوی

بۆ هەڵسانی خەڵکی سلێمانی لە ڕووی زۆرداریییەوە لە ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ ئەخۆل دەڵێ :

بـــەجارێ مـــاڵی وێـــرانم ســـلێمانی خرۆشـــاوە
بەسەر هیچ کەس نەیە خوایە ئەوەی لەم شارە قەوماوە
بـەیانی بـوو شەشـی ئـەیلول لـەناکاو گوللـە وەك بـاران
ئـــەباری بـــۆ قـــڕی میللـــەت ئـــەوی پـــیر و ئـــەوی لاوە
بـــەدەم شەســـتیرەوە لاشـــە وەکـــو زۆربـــەی گـــەڵا ڕێـــزان
لـە ڕێ دا عـەینی ئـەتوت بـەردە بـازی جۆگەلـەی ئـاوە
لـە بـەردەرکی سـەرا دیـارە لـە هـەر لایـەك تەماشـاکەی
سـەرا سـەر پـڕ لـە لاشـەی مـردووە شـێلراوە کـوژراوە
لـە هـەر کوچـە و پەنایەکـدا تـەڕی و سـووریت ببینیایـە
ئەوە خـوێن و سروشـکی دایك و جوانـان بوو کـە ڕێـژراوە
لە کام ماڵ گوێت ئەگرت هەر باوکە ڕۆ بوو ڕۆڵە ڕۆ و کاکە
لـە کـوێ سـەیرت ئـەکرد لاشـەیە و تێکـەڵ بـە خوێنـاوە
ئـەوەی دوێنـێ جگـەر گۆشـە و عـەزیزی بـاب و دایـك بـوو
ئـەوا ئـەمڕۆ لـەژێر خاکـا شـەهیدبوو چـاوی لێـك نـاوە
دەمـــەو ئێـــوارە ئـــەتڕوانی بەوێنـــەی ڕێچـــکەی مێروولـــە
بـــەڕیز تـــابوتی کـــوژراوان بـــەرەو ســـەیوان ملـــی نـــاوە
چـــە قینێکـــە چـــە زوڵمێکـــە چـــە کوشـــتار و بڕینێکـــە
ئەبێ قەت بیر نەچێ هـەرگیز هەتـا کـورد زینـدووە و مـاوە

ئەم شیوەنەی ئەخۆڵ یەکێکە لە ماتەمنامە جوانەکانی کە کۆمەڵێك شاعیر بۆ ئەو ڕووداوە گرنگەی شاری سلێمانی هۆنبویانەتەوە. شاعیر سۆزێکی بەکوڵی هێناوەتە مانا و وێنە شیعرییەکانی ئەم لیریکە. لە لایێکی دیکەوە ئەگەر بە چاوی ڕاستی مێژوو تەماشای ئەم شیعرە بکرێ زیادەڕۆیی تێدا دەبینرێ، کەچی ئەمە بەسەرکەوتوویی بۆ شیعرەکە گەڕاوەتەوە. شاعیر ئیلهامی لە ڕووداوەکە وەرگرتووە، ئەو کاتە تەمەنی هەژدە نۆزدە ساڵان بووە. بە چاوی شاعیر تەماشای مەسەلەکەی کردووە نەك بە چاوی مێژوونووس، لەبەرئەوە لەم شیعرە پڕ لە سۆزەیدا سەرکەوتووە، وەك بەرهەمێکی نایاب چووەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.



بەر دەرکی سەرای سلێمانی لە ڕابردوودا

---


ئەخۆڵ وەك سەرڕای شاعیرە نیشتیمان پەروەر و بەهەڵوێستەکانی کورد وێنەی ئەو دیمەنە خوێناوییەی کارەساتی ٦ / ٩/ ١٩٣٠ پیشان داوە کە بە شەڕی بەردەرکی سەرا مێژوو بایەخی پێ داوە

## شیوەنی سەرداری نەمر ١٩٥٦

**بۆ کۆچی دوایی شیخ مەحمود ئەخۆل دەڵێ :**

**ئـــەی دڵ ئـــەی دەرون وەختـــی گریانـــە**
**ئـــەی چـــاو جـــا نـــۆرەی ئەشـــك بارانـــە**
**ئـــەی کـــوردی کڵـــۆڵ گـــەلی چـــارە ڕەش**
**ئێســـــتاکە دەمـــــی ســـــیا پۆشـــــانە**
**بـــۆ شـــۆڕە ســـواری کـــورد و کوردســـتان**
**بـــــــۆ قارەمـــــــانی بـــــــەردەقارەمان**
**لـــــە ڕۆژ هـــــەڵات و ڕۆژ ئـــــاوا دیـــــارە**
**هەڵمـــەت وتـــاوی وەك نـــەڕە شـــێران**
**ئای چۆن کوردستان بە کۆچـت سـەردار**
**بـــێ کـــەس مایـــەوە لەدەســـت ڕۆژگـــار**
**ئـــالأی پێچـــاوەی گـــەلی بـــێ چـــارەت**
**نـــەك لـــە نیـــوەی دار ، کەوتۆتـــە بـــن دار**
**لـــەناو چـــیاکان لـــە چـــۆڵ ولـــە دەر**
**لـــە خـــوار و ژورو لـــەم ســـەر و لەوســـەر**
**ئەزرنگێتـــــــەوە هـــــــەتا هەتایـــــــە**
**دەنگـــــــی نەعرەتـــــــەت (اللە اکـــــــبر)**
**خـــۆت و لاوانـــی نـــەترس لـــە مـــردن**
**ئـــەو هێرشـــانەی بردتـــە ســـەر دوژمـــن**
**هـــەر هەڵمـــەت دان و هـــەر کـــۆڵ نـــەدان بـــوو**
**تـــا ڕەگ و ڕیشـــەی دەرهێنـــرا لـــە بـــن**
**ئـــەی نـــەوەی پـــاکی ئەحمـــەدی کـــاکی**
**ئـــەی پاڵـــەوانی چوســـت وچـــالاکی**
**کـــردەوەی بـــەرز و جـــەنگاوەری تـــۆ**
**بـــو بـــە مەشـــخەڵێك بـــۆ ڕێـــی ڕونـــاکی**

ئەخۆل یەکێکە لەو شاعیرانەی لە نزیکەوە دۆستی بنەماڵەی شێخ مەحمود بوون . ئەگەر دەروێشی ڕێکخراوی تەریقەتی قادریش نەبووبن لەناو خەڵکی سەر بەو تەریقەتە حسێب کراون. لە لایێکی دیکەوە شاعیرێکی وەکو ئەخۆل شێخ مەحمودی وەکو برادەرێکی گیانی بە گیانی ناسیوە، ڕەنگە ئەگەر نەبوایە بە مەلیکی حکومەتی کوردستانی باشووریش شاعیر ئەو سۆزە بەکوڵەی لەگەڵ شێخدا ببوایە. لەڕووی هونەرییەوە ئەخۆل ئەم شیعرەی لەسەر بنچینەی بەندی چوارین هۆنیوەتەوە بە قافیەی ( اا ب ا )



**شێخ مەحمودی حەفید**

١٩٥٦ ـ ١٨٧٨

# بۆ ١٤ی تـەموزی ١٩٥٨

لە ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە بەغدا کوودیتایێکی سوپایی ڕووی دا، ڕژێمی مەلیکی عێراقی سەراوژێرکرد و جاڕی کۆماری لە عێراق دا، بەم هۆیەوە ئەخۆل ئەم شیعرەی دانـاوە:

**منـالْ بـووم بیرمـە مێـژووی کوردسـتان**
**وەك سەرگوزشـــتە وەکـــو داســـتان**
**لـــە بیرمـــە چـلۆن بـــوو بـــە وێرانــە**
**بــە گوللــە و تــۆپ و بۆمبــای بێگانــە**
**لــە بیرمــە چــەن لاو، چــەن قارەمانــان**
**کـــران بـــە دارا و خرانـــە زینـــدان**
**بـە چـەند هــەزاران کۆرپــەی نـازداران**
**لـە ژن و لـە پیـاو، لـە پـیر و لـە جـوان**
**ئەمانـــە هـــەمووی زۆری تـــر تێکـــڕا**
**بوونـــە خـــۆراکی برســـێتی بۆمبـــا**
**بــە هــۆی جەنگــەوە و کــردەی زەمانــە**
**کەوتــە ژێــر دەســتی پیســی بێگانــە**

***

**ئـــەمڕۆ پـــاش دەنگـــی ( الله اکـــبر)**
**گـویێم لـە دەنگـێ بـوو وەکـو شـێری نـەڕ**
**ئـەی نـەڕان پـڕ دەم پـڕ دەشـت و چـیا**
**پــڕ بــە ئاسمــان و پــڕ هــەموو دنیــا**
**دەنگێـك پـڕ نــەعرە و بـانگی ئـازادی**
**ئەزرنگـــــــایەوە وادی بـــــــە وادی**
**ئەیووت: ئـەی گـەدا دیـل و سـەرگەردان**
**ڕاپــەڕن لـە خـەو و خـەوی چـەن سـاڵان**
**وەرنـــە ژێـــر ســـایەی داری ئـــازادی**
**پـــاش ســـاڵەهای ژیـــن بـــە نـــامرادی**

ئەخۆڵ ئەم لیریکەی کردووە بە دوو بەند، لە بەندی یەکەمدا باس لە ناڵەباری کوردستان و چەوساندنەوەی کورد دەکا لە عێراق لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیکی. لە بەندی دووەما لەو ئازادییە دەدوێ کە کوودیتا سوپاییەکە لە ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە بەغدا لەگەڵ خۆی هێنا. ئەو بەیانییە ڕادیۆی بەغدا بە سروودی عەرەبی (( ئەڵڵاهو ئەکبەر )) هەواڵی کوودیتاکەی بە خەڵکی ڕاگەیاند. شاعیر لە ڕووی سۆزی کوردایەتییەوە پشتگیری ئەو گۆڕانە گرنگەی کردووە لە دەسەڵاتی عێراقدا. ڕاستی مەسەلەکە ئەوە بوو ئەم ئازادییە درێژخایەن نەبوو، بێ بەربوو و زوو خۆی خواردەوە. لە دوای سێ ساڵ میللەتی کورد ناچار بوو چەك هەڵبگرێ و لە ئەیلوولی ١٩٦١ دەست بە شۆڕش بکا چونکە هەڵوێستی دەسەڵاتی بەغدای کۆماریی بۆ سەر کورد دژوارتر بوو لە دەسەڵاتی سەردەمی مەلیکی.



شیعاری کۆماری عێراق - ١٩٥٨

## چوارین

١

ئەخۆل بۆ بەرژەوەندی کەسێتی خۆی لە هیچ کەسێك ناپاڕێتەوە، لە چوارینێکدا دەڵێ :

لـە خـوێن و خـۆڵا گـەر بتلێمـەوە
نـــاگریم نانـــاڵم ناکڕوزێمـــەوە
چاوم تاریك بـێ گـەر لـە برسـانا
لـــە هـــیچ نامـــەردێ ناپاڕێمـــەوە

ئەوەی بە خۆڕایی و بە بێ بنەچە بووە بە خاوەن دەسەلاٌت شایەنی ئەوە نییە ، بۆیە نابێ بە گەورە بناسرێ.

٢

لە چوارینێکدا ئەخۆل لە نایەکسانی دەدوێ لە ژیانی ئادەمزاد دا :

دیـم پاچ لـێ ئــەدا کابــرای کرێکــار
لە جێ یەك دایك و سێ کۆرپــەی نازدار
لەبرسـا مردوو: خـۆم دیم کە نێـژران
ئێستــاش بـۆ پایــەی هەیـوان و تــەلار

پاڵەیەك شەو و ڕۆژ پاچ لێ دەدا و عەرەق دەڕێژێ ، کەچی لە برسانا دەمرێ ، بە ڕەنجی ئەو دەوڵەمەند دەبێ کۆشك و باڵـەخانـە دروست دەکا.

## ٣

لە چوارینێکدا ئەحۆل لەسەر ئەو باوەڕەیە دڵداری ڕاستەقینە بە تراجیدیا کۆتایی پێ دێ:

کە دوێنێ شەمعی مەجلیس بوو چریسکەی ڕوومەتی ئاڵی
ئەوا ئەمڕۆ ئەڵێی داغە لە جەرگا فیرقەتی خاڵی
بەڵێ: عاشق ئەگەر سەد بار بنۆشێ بادەیی عوشرەت
ئەبێ هەر ئاخری بخوا بەسەر شیرینی یا تاڵی

بە ڕەوانبێژییەکی داهێنراو شاعیر بەراورد لە نێوان تریکەی مۆم و بریقەی ڕوومەتی ئاڵ دەکا. ئەمە بە داغ دەچوێنێ. ئیتر زوو ڕادەکا بۆ لای دڵداری. بەلایەوە هەرچەندە خۆشی تیدا بێ دەبێ بە کارەسات کۆتایی پێ بێ ، چونکە هەموو دڵدارییەکانی گێتی هەروابووە.

## ٤

ئەحۆل لە مەیگێڕ دەپاڕێتەوە ئەوەندەی بۆ تێکا تا بە تەواوی سەرخۆش دەبێ :

ساقی بە دەوری سەرتا خولەم بێت
هێندەم بۆ تێکە بکەومە بەر پێت
تۆ لە ئالامی دنیام بە دەرکە
با هەر بڵێن پێم ( ئەحۆل ) شێتە شێت

دەردی ژیانی سەر ڕووی زەمینی شاعیر ئەوەندە پڕ ئێش و ئازار و دژوارە بە سەرخۆشییێك نەبێ تا پلەی شێتی سەرناگرێ و چارەسەر ناکرێ.

## تـاك

ئەخۆل لە تاكەكانیدا سەركەوتووە، ئەو جۆرە شیعرانەی وەكو پەندێك یا قسەی نەستەقێك و بیرێكی دانایانـە دەچنە ناو ئەو ئەدەبەوە وەك داهێنانێكی سیمبۆلی و ڕۆمانتیكیانە خۆیـان دەنوێنن.

١

لە تاكێكیدا ئەخۆل دەڵێ :

ئەگەر چاوم لە تۆ جوانتر كەسێكی دی هەتا ماوم
ئـەڵێم خوایە لەو دنیـاش بـە ساغی هەڵنەیـە چاوم

لەو شیعرەدا چاوی شاعیر تەنیا بۆ بینینی دولبەر دانراوە ، واتە بۆ بینینی دەرەوەی ئەو كوێرە، شاعیر داوای ئەوە دەكا لە دنیای دیكەش هەر كوێر بێ بۆ ئەوەی تەنیا بۆ بینینی دلبـەر ساغ بێ.

٢

لە بەراوردێكدا شاعیر دەڵێ :

یــەكێ نــەمام ئـەڕوێنێ و یــەكێ نــەمام ئەنێــژێ
ئەمیـان چاوەڕێی گوڵە و ئەویان فرمێسك ئەڕێژێ

ژیان بریتییە لە بزە و فرمیسك، یەكێ شەتڵی گوڵ دەڕوێنێ، یەكێكی دیكە جوانێك دەنێژێ، یەكەمیـان بە پێكەنینەوە چاوەڕێی گوڵـە ، ئەوی دیكەیان فرمێسك بۆ جوانەمەرگ دەڕێـژێ.

٣

له بابەت دڵداریی بەهێز و گەرمی خۆیەوە دەڵێ :

دڵـــێکم ئـــەوێ دڵـــداریم فێرکـــا
چـاوی چـنۆکی پـڕ عەشـقم تێرکـا


لەبەرئەوەی شاعیر لە دڵداریدا زۆر چاوچنۆکە دڵێکی دەوێ فێری دڵدارییێکی قووڵی وای بکا لە چاوچنۆکییەکەی تێربێ. وەك ئاشکرایە چاوچنۆکی ڕەوشتێکی ناشیرینە، بەڵام شاعیر ئەو ناشیرینییەی جوان کردووە.

***

ئەحمەد کوڕی دەروێش کوڕی عەبدوڵڵا ناسراو بە "**ئەخـۆڵ**" یەکێکە لەو شاعیرانەی "بەهرەی هونەری و گوێی مۆسیقی" کردوویەتی بە شاعیر پێش ئەوەی زانیاری گشتی فریای بکەوێ. زۆری نەخوێندووە، بەڵام زۆری خوێندۆتەوە. عەوداڵی شیعر بووە، شیعری خەڵکی بووە بە پشتیوانی خۆی و بەهێزی کردووە.

"**ئەخۆڵ**" ڕاستگۆ بووە لە شیعریدا، بۆخۆی نووسیوە، لەبەرئەوە زۆرتر خەریکی دڵداری بووە، لەو جۆرە شیعرەدا سەرکەوتوو بووە. شیعری دەرەوەی دڵداری کەمە، لەوانەشدا داهێنانی هەیە ئەگەرچی لە پلەی دڵدارییەکانی نین. هەموو بابەتەکانی کێش و قافیەی شیعری کوردی لە بەرهەمیدا بەکاری هێناون. لە هەمووی گرنگتر ڕەوانی شیعریەتی لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشە و تەعبیری ئاسان و مۆسیقای سازگارەوەیە.

# کەشکۆڵی گیو




## گیو موکریانی

١٩٠٣ - ١٩٧٧

# ئـه خــۆ ل

## له (( كـهشكـۆڵی گیو ))

ئەحمەد کوڕی دەرویش کوڕی عەبدوللاّ ئاغای پشدەری یە لە سلێمانی لە ساڵی ١٩١١ دا لە گەڕەکی دەرگەزێن هاتۆتە دنیاوە.

ئەخۆل شارەزایی لە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی دا هەیە، ئەگەر چی هەر هەتا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە.

لە ساڵی (١٩٢٩) وە دەستی بە هۆنراوە هۆنینەوە کردووە، هێندێك جار بە تەخەلوسی ( **بێ نەوا** ) ش هۆنراوەی هۆنیوەتەوە.

**دوو دیوانی چاپکراوی هەیە :-**

١. **پەیمان و شیوەن لە سلێمانی ، ساڵی ١٩٧٠ چاپکراوە.**
٢. **دیوانی ئەخۆل لە سلێمانی ، ساڵی ١٩٨٤ چاپکراوە.**

**د. کوردستان گیو موکریانی لە کەشکۆڵی گیودا وا لەبارەی باوکییەوە دەڵێت:**

"زۆربەی ئەو وێنانەی ساڵانی سی و چل ، خۆی گرتوونی و جل و بەرگی خۆی لەبەرکردوون ، جا نیگاری کێشاون. مامۆستا گیو بۆ بەدی هێنانی ئەم کارە مەزنە، ڕێبازێکی بابەتانەی گرتبۆخۆ، هەمیشە پرسیارەکانی ئامادەبوون، وا لە ژێرەوە ئەو بەرپەڕەی بە پرسیارەوە ئاڕاستەی هۆنەرانی دەکرد، کە لە نێو (( **بەسەرهاتی مامۆستا ئەخۆل** )) دا دۆزیمەوە بلاّوی دەکەمەوە" :-

پێداچوونەوە و ئامادەکردنی **د. کوردستان گیو موکریانی**

(١)

# اخول - احمد درویش

«سەرگوزەشتەی بێوا احمد درویش»

ناوی - احمد شوکت کە حول

ناوی باوکی - احمد درویش

ساڵ و جێگەی لە دایک بونی - سلێمانی ١٩١١ میلادی

لقبی و ناوبانگی عائلەی -

تحصیلی تاکوێ کردوە؟ - ئامادەیی خارجی دوری

شاعریتی لەچیەوە بوو؟ - سەروا

لە کەیەوە شعر ئەڵێت؟ - ١٩٢٧ میلادی

چەند زمان ئەزانیت؟ - کوردی و فارسی و عربی

بە چەند زمان شعری هەیە؟ - کوردی

شعرەکانی لەچ بابەتێکەوەن؟ - مختلف

ئایا دیوانەکەی کۆکراوەتەوە؟ - نا

لە چ نوعە شعرێکا زۆر ڕێکە؟ - سەر وطنی

ئایا لەخزمی ئەو شاعیرە هەن؟ - باوکی و سعدی ناظم

ئایا ئاسەواری لەبەر [illegible] - نا



وێنەی ئەخۆڵ بە کامێرای گیو موکریانی

# ئەخۆڵ

## لە (( گۆڤاری گەلاوێژ ))

**ئەخۆڵ** ناوی ئەحمەد کوڕی دەروێش کوڕی عەبدوللاّیە و دەچێتەوە سەر فەرامەرزی زەنگەنە و لە دایکەوە برای "کامەرانی" شاعیرە ، ١٩١١ لە (گەڕەکی دەرگەزێن) ی سلێمانی لەدایك بووە. لە حوجرەوە کەوتووەتە خوێندن، دواتر لە قوتابخانەی (نموونەی سەعادەت) وەرگیراوە و پۆلی یەکەمی بڕیوە. کە هەل و مەرج گۆڕاوە ، سەردەمی حوکمی شێخ مەحمود چووەتە قوتابخانەی قادری و تا پۆلی سێیەمی تەواوکردووە. بەهۆی بۆردومانی شاری سلێمانییەوە لە خوێندن دابڕاوە و پاشان تا پۆلی پێنجەمی خوێندووە. ١٩٢٩/٩/٢ لە چاپخانەی شارەوانیی سلێمانی دامەزراوە و تا ١٩٣٤/٣/٢١ ی تێدا ماوەتەوە. هەر ئەو ساڵە لە دادگای سلێمانی دامەزراوە بە کاتب و ماوەتەوە تا لە ١٩٧٠ دا خانەنشین بووە.

ئەخۆڵ، بیست ساڵ بووە کە بەهرەی شیعر نووسینی تێدا دەرکەوتووە شیعری لە (ژین ، گەلاوێژ ، ڕۆژی نویٚ) دا بلاّوکردووەتەوە.

ساڵانی ١٩٧٠– ١٩٧٥ ( کتێبفرۆشیی خانزاد ) ی لەسەر شەقامی مەولەوی هەبووە.
ساڵی ١٩٧٠ ( پەیمان و شیوەن ) و ١٩٨٤ ( دیوانی ئەخۆڵ )ی لە چاپ داوە.
ڕۆژی ٢٩/ ٦/ ١٩٨٨ کۆچی دوایی کردووە.

ئەخۆڵ، لە خاتوو :عیصمەت مەجید" : (کامەران، سەعادەت، ژیان، پەری، نازەنین، سەلار، مژدە، دلاّرام، مەهتاب، ڕێزان، شانان) ی هەیە.


**ئەخۆڵ ئەم شیعرانەی لەم ژمارانەی گۆڤاری گەلاوێژدا بلاّوکردووەتەوە :**

- تەخمیسی غەزەلی زیٚوەر ، ژمارە ٣–٤ ساڵی ٢ / ١٩٤١ ل ٢٨–٣٠
- پەیمان و شیوەن ، ژمارە ٩–١٢ ساڵی ٢ /١٩٤١ ل ٤١–٤٢
- سکالاّ لەگەڵ سەیوان ، ژمارە ٩–١٢ ساڵی ١٩٤١/٢ ل ٤٢–٤٤
- پێنج خشتەکی ، ژمارە ١١–١٢ ساڵی ١٩٤٢/٣ ل ٥٤–٥٦
- ڕەنجی بیٚ بەر ، ژمارە ٧ ساڵی ١٩٤٥/٦ ل٣٩–٤٠
- لە شەوا ، ژمارە ٥ ساڵی ١٩٤٦/٧ ل ٣٦–٣٨
- وەرە پێکەوە ، ژمارە ٨ ساڵی ١٩٤٦/٧ ل ٣٨
- بۆ کاکە شێردڵ ، ژمارە ٥ ساڵی ١٩٤٩ ل ٣٤–٣٦

## ئەخۆڵ

### لە مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی ١٩٠٠ – ١٩٧٠

(( مارف ناسراو )) ٢٠٠٠



# ئەخۆل

## و (( **کتێبخانەی خانـزاد** ))

**مارف ناسراو** لە کتێبی **"مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی"** بەم شێوەیە باس لە ئەخۆل و کتێبخانەکەی دەکات :

## ٣٣- **کتێبخانـەی خانـزاد** ١٩٦٧ - ١٩٧١



**ئەخۆل**

خاوەن و دامەزرێنەری ( **کتێبخانەی خانزاد** ) خوالێخۆشبوو **"ئەخۆل"** ی شاعیرە.

ئەم کتێبخانەیە کەوتبووە شەقامی مەولەوی لە یەکێك لە دوکانەکانی ریزی سەرجادەی پێشەوەی بازاڕی **"دەبۆ"** کەی ئێستا.

ئەخۆلی شاعیر لەبەر کەمدەرامەتی و بژێوی ژیان هەر لە هەمان کتێبخانەشدا نووسینگەی تایبەتی دانابوو بۆ نووسینەوەی سکالآنامە بۆ خەڵکی. ئەم پیاوە هەر لەسەرەتای ژیانییەوە لە چاپخانەی شارەوانی لای (**پیرەمێرد**) وەك پیت ڕێکخەرێك کاری لە ڕۆژنامەی ژیاندا دەکرد تا ٣١ / ٣ / ١٩٣٤ پاشان لە دادگای سلێمانیدا بوو بە کاتبی دادگا تـا سـاڵی ١٩٧٠.


ئەم کتێبخانەیە وەك کتێبخانەکانی تر نەیتوانی ئەو ئەرکە پیرۆزە بەجێ بێنێ لە چاپکردن و بلاّوکردنەوەی کتێبی کوردیدا و لە ساڵی ١٩٧١ دا پێچرایـەوە و نەمـا*.

---

* لە ڕاستیدا کتێبخانەکە ساڵی ١٩٧٥ داخرا بە هۆی تێکدانی بینای کۆنی دەبۆکەوە، کاتێك ڕوخێنرا و تازە کرایەوە، ئەخۆل لە دوکانەکەی بێ بەش کرا. **مەریوان قەفتان**


## ئەخـۆڵ

## لە ژمارە (١١٤) ی گۆڤاری ( ڕۆشنبیری نوێ )



لــه گۆڤــاری ڕۆشــنبیری نــوێی ژمــاره ١١٤ی ســاڵی ١٩٨٧ لــەژێر نــاو نیشــانی **"فەرامەرزی زەنگەنە پاڵەوانی دوانزە سوارەی مەریوان"** لـه نووسـینی غـەفور مـیرزا کەریم بەم شێوەیە باس لە **"ئەخۆڵ"** دەکات :

(شاعیر ناوی ئەحمەدە کوڕی دەروێش کوڕی عەبدوڵلا کوڕی برایم ئاغا کوڕی حەسەن ئاغا کە ناوی بە فەرامەرزی زەنگەنە دەرچووە ئەویش واتا "حەسەن ئاغا"، یەکێك بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان.



فەرامەرزی زەنگەنە دوانزە پاڵەوانیکی سوارەی مەریوانی کورد بووە

پێشەکی

کێومـاڵ کردن بەناو بربرەپشتی باوو باپیران داو، زانین دەربـارەی پایـەو پلەی کۆمـەڵایـەتی‌یـان، نووسین لەسـەر سەرگوزەشتەی ژیان و هەڵسوکەوتی گوزەرانیان لە کۆمەڵ دا، دواتـر نووسین بە شێوەی یاداشت.. ئەم خاڵانـە ئەمرۆ بە دیاردەیێکی شارستـانی‌و داهێنـانێکی نوێ‌و هاوچـەرخ و دەستکەوتێکی ڕۆشنبیری گرنگ لە قەڵەم دەدرێ.

غفور میرزا کریم

١٨١

# ئەخۆل

**لە (( ڕۆژنامەی ئاوێنـە ))** ژمارە ٦٠٢ لە ٢٠١٧/١١/٢١

## ئەخۆل .. شاعیری ئەڤین و ئازادی

**ئا: ئاوێنـە**

**بەمدواییە دیوانی "ئەخۆل" لە لایەن کەسوکارەکەیەوە بە هاوکاری سەنتەری کلتوری کورد لە نۆرینبێرگ بە شێوازێکی نوێ و سەردەمیانە بۆ جاری چوارەم چاپکرایەوە.**

**چاوخشاندنێك بەم دیوانەدا ئەوە دەردەخات کە "ئەخۆل" وەك شاعیرێکی هەستناسکی سەدەی بیستەم خاوەنی بەشێك لەو هۆنراوانەیە کە لە ساڵانی ڕابردودا لەلایەن ناودارترین هونەرمەندانی کوردەوە کراون بە گۆرانی و گۆرانییەکانیشیان لە یادەوەری خەڵکی کوردستاندا بە زیندویەتی ماونەتەوە و ئەستەمە تێپەڕینی کات بەدەستی فەرامۆشییان بسپێرێت.**

**زیاد لە هۆکارێك وا لە خوێنەری ئەم دیوانە دەکات کە "ئەخۆل" بە لایەوە شایستەی گرنکی و بایەخپێدان بێت. ئەو کە تەنها خوێندنێکی سەرەتایی خوێندوە بەشێك لە جوانترین و ناسکترین شیعرەکانی ئەدەبی کوردی بەرهەمهێناوە.**

**ئەخۆل کە ناوی ڕاستەقینەی "ئەحمەد دەروێش عەبدولا"یە و لە ساڵی ١٩١١ لە شاری سلێمانی چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، لەسەرەتای دیوانەکەدا بیرەوەرییەکی سەرنجڕاێش دەربارەی نازناو و ناوبانگی "ئەخۆل" دەگێڕێتەوە، ئەو دەڵێت "بە ساوایی باوکم و دایکم و خێزانەکەمان لە جیاتی ئەحمەد پێیانوتوم ئەحۆل، هەر لەو کاتەشدا ئامۆزایەکم بووە زمانی گرتووە، بەڵام زمانی باش نەپژاوە بڵێ ئەحوَل پێیوتوم ئەخۆل ئیتر لەو کاتەوە لە ناو خێزان و خزمان و گەڕەکدا هەر بە ئەخۆل ناویان بردووم هەتا ئێستا".**

**لە گێڕانەوەی ژیانی منداڵیشدا ئەخۆل باشترین گوزارشت لەو کارەساتە گەورانە دەکات کە لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی ساڵانی دواتردا کورد و باشوری کوردستانی پێدا تێپەڕیوە، ئەو دەڵێت "پایەی خوێندەواریم بەداخەوە زۆر کەمە،**

چونکە ئەو کاتەی من گەیشتوومەتە تەمەنی خوێندن پاش شەڕی جیهانیی یەکەم بوو، گرانیی و پەشێوی لە سلێمانیدا هەبوو و قوتابخانەش نەبوو... کە لەشکری ئینگلیز هاتە سلێمانی قوتابخانەیەك بە ناوی نموونەی سەعادەت کرایەوە چوومە ئەو قوتابخانەیە و لەوێ مامەوە هەتا پۆلی یەکەمم تەواوکرد، ئینجا شۆڕشی شێخ مەحمود و بۆمبارانی سلێمانی بەسەرداهات و قوتابخانەکە نەما، پاشان کە شێخ مەحمود حوکمی گرتە دەست دوو قوتابخانە کرایەوە و چوم هەتا پۆلی سێ دیسان سلێمانی کەوتە ژێر بۆمبارانێکی زۆرەوە و قوتابخانە نەما".

ئەخۆڵ کە برای "کامەران موکری" شاعیرە، لە تەمەنی بیست ساڵییەوە دەستی کردووە بە شیعر نووسین و شیعرەکانیشی پڕاوپڕە لە هەستی جوان پەرستیی و نیشتمان پەروەریی و عەشق و ئەڤین.

هەرچەندە ئەخۆڵ ئاستی خوێندەواریی کەم بووە، بەڵام شارەزایی لە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسیدا هەبووە و کەمێکیش ئینگلیزی زانیوە و بەشێك لە شیعرەکانیشی لەگەڵ شیعری شاعیرە ناودارەکانی فارسیدا تێکەڵکێش کردوە.

# ئەخـۆڵ

## بەشـێك لـە جـوانترین ئـەو هۆنراوانـەی بەرهـەمهێناوە کـە کـراون بـە گـۆرانی و لـە یـادەوەریی نەوەکانـدا وەك دڵـڕفێنترین شـاکاری هونـەریی کـوردی ماونەتـەوە

**لەوانـە:**

بـەهارە بولبـول ، بولبـول بـەهارە
سـەرەتای ناڵـەی سـەودایی زارە
وەرە بنـاڵین بـە جـووت لـە شـەودا
ئێمە شەو بێدار بێ خەم لە خەودا

کە لە لایەن هونەرمەند "**نەجمەی غولامی**"یەوە کراوە بە گۆرانی.

**دڵـم هــەر ئــەو دڵــەی جارانــە ئیســتاکەش ئــەناڵێنێ**
**هەناســـەی ســاردی ناکــامی لەســینەمدا ئەتاســێنێ**
**ئەگەر جوانیت سەرنجم ڕا بکێشێ مەگرە لێم چونکە**
**جەماڵت پەیکەری ڤینۆسی خوای جوانیش ئەجولێنێ**

ئەم هۆنراوەیە سەرەڕای ئەوەی لە یادەوەری نەوەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا بەهۆی خوێندنەوەی بە دەنگی سیحر ئامێزی مامۆستا "**شوکرولڵای بابان**" * بە زیندویەتی ماوەتەوە، هەریەك لە هونەرمەندان "**ئیبراهیم خەیات و کیژان**" بە دەنگە پڕ لە سۆزەکەیان کردویـانە بە گۆرانی.

****

**بـە جـارێ مـاڵی وێـرانم بەسـەر چـوو وەعـدەی ژیـنم**
**بــە ناکــامی لــە دنیــادا بەبــا چــوو عــومری شــیرینم**

هونەرمەند "**قادر کابـان**" کردوویەتی بە گۆرانی

****

**شەرتە تا ڕۆژی حەشر خولیایی من بێ چاوی یار**
**وێڵی سەحرا بم هەمیشە تەرك ئەکەم خوێش و دیار**

مامۆستای ئەفسانەیی مەقامی کوردی "**عەلی مەردان**" کردوویەتی بە مەقام.

**ئەخۆل کە شاعیرێکی گەورەیە و تا ئێستا وەك پێویست گرنگی پێنەدراوە، ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٢٩ دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت و لەسەر وەسیەتی خۆی لە گردی سەیوان بەخاك دەسپێردرێت.**

---

* **شوکرولڵای بابان** : بێژەرێکی بێ وێنەی دەنگخۆش بوو لە ساڵانی حەفتاکاندا لە ڕادیۆ کرماشان بەرنامەی "**کاروانی هەڵبەست و گۆرانی**" پێشکەشدەکرد کە بریتی بوو لە بەرنامەیەکی ڕازاوەی تێکەڵ بەشیعری کەڵە شاعیرانی کلاسیك و گۆرانی گۆرانیبێژانی سەردەمی خۆی، تەواوی خەڵکی کوردستان تامەزرۆی ئەم بەرنامەیە بوون و بەردەوام گوێیان لێدەگرت. **مەریوان قەفتان**



## شوكرولاّى بابـان ١٩٢٣ – ٢٠١٢

هەر لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا (بەسوپاسەوە) بانگەوازێکی بۆ بلاّوکردینەوە، کە تیایدا داوامان لە ئەدەبدۆستان و هاوولاّتیان کرد، ئەگەر هەر نووسینێکیان لەسەر ئەخۆل هەیە یان وێنەیەکی ئەخۆلیان لا هەیە بۆمان بنێرن، بەلاّم بێهیوا بووین و هیچمان چنگ نەکەوت.



١٧ (٦٠٢) سێشەممە ٢١/١١/٢٠١٧ | تایبەت

# ئەخۆل.. شاعیری ئەڤینو ئازادی

ئا: ئاوێنە

**بەمدواییە دیوانی "ئەخۆل" لەلایەن کەسوکارەکەیەوە بەهاوکاری سەنتەری کلتوری کورد لەنۆرینبێرگ بەشێوازێکی نوێو سەردەمیانە بۆ جاری چوارەم چاپکراوەتەوە.**

چاوخشاندنێک بەم دیوانەدا ئەوە دەردەخات کە "ئەخۆل" وەک شاعیرێکی هەست ناسکی سەدەی بیستەم خاوەنی بەشێک لەو هۆنراوانەیە کە لەساڵانی ڕابردودا لەلایەن ناودارترین هونەرمەندانی کوردەوە کراون بەگۆرانیو گۆرانییەکانیشیان لەیادەوەری خەڵکی کوردستاندا بەزیندوییەتی ماونەتەوەو ئەستەمە تێپەڕینی کات بەدەستی فەرامۆشییان بسپێرێت.

زیاد لەهۆکارێک وا لەخوێنەری ئەم دیوانە دەکات کە "ئەخۆل" بەلایەوە شایستەی گرنگیو بایەخپێدان بێت. ئەو کە تەنها خوێندنێکی سەرەتایی خوێندوە بەشێک لەجوانترینو ناسکترین شیعرەکانی ئەدەبی کوردی بەرهەمهێناوە.

ئەخۆل کە ناوی ڕاستەقینەی "ئەحمەد دەروێش عەبدوڵا"یەو لەساڵی ١٩١١ لەشاری سلێمانی چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، لەسەرەتای دیوانەکەدا بیرەوەرییەکی سەرنجڕاکێش دەربارەی نازناوو ناوبانگی "ئەخۆل" دەگێڕێتەوە، ئەو دەڵێت "بەساوایی باوکو دایکو خێزانەکەمان لەجیاتی ئەحمەد پێیانوتوم ئەخۆل، هەر لەو کاتەشدا ئامۆزایەکم بوە زمانی گرتوە، بەلاّم زمانی باش نەپژاوە بڵێ ئەخۆل، پێیوتوم ئەخۆل، ئیتر لەو کاتەوە لەناو خێزانو خزمانو گەڕەکدا هەر بەئەخۆل ناویان بردوم هەتا ئێستا".

لەگێڕانەوەی ژیانی منداڵیشیدا ئەخۆل باشترین گوزارشت لەو کارەساتە گەورانە دەکات کە لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیو ساڵانی دواتردا کوردو باشوری کوردستانی پێدا تێپەڕیوە، ئەو دەڵێت "پایەی خوێندەواریم بەداخەوە زۆر کەمە، چونکە ئەو کاتەی من گەیشتوومەتە تەمەنی خوێندن پاش شەڕی جیهانی یەکەم بوو، گرانیو بەشێوی لەسلێمانیدا هەبوو قوتابخانەش نەبوو... کە لەشکری ئینگلیز هاتە سلێمانی قوتابخانەیەک بەناوی نموونەی سەعادەت کرایەوە چوومە ئەو قوتابخانەیەو لەوێ مامەوە هەتا پۆلی یەکەمم تەواو کرد، ئنجا شۆڕشی شێخ مەحمودو بۆمبارانی سلێمانی بەسەردا هاتو قوتابخانەکە نەما، پاشان کە شێخ مەحمود حوکمی گرتە دەست دو قوتابخانە کرایەوەو چوم هەتا پۆلی سێ دیسان سلێمانی کەوتە ژێر بۆمبارانێکی زۆرەوە قوتابخانە نەما".

ئەخۆل کە برای کامەران موکری شاعیرە، لەتەمەنی ٢٠ ساڵییەوە دەستی کردوە بەشیعر نوسینو شیعرەکانیشی پڕاوپڕە لەهەستی جوان پەرستیو نیشتمانپەروەریو عەشقو ئەڤین.

هەرچەندە ئەخۆل ئاستی خوێندەواریی کەم بووە، بەلاّم شارەزایی لەزمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسیدا هەبووەو کەمێکیش ئینگلیزی زانیوەو بەشێک لەشیعرەکانیشی لەگەڵ شیعری شاعیرە ناودارەکانی فارسیدا ئێکەڵکێش کردوە.

ئەخۆل بەشێک لەجوانترین ئەو هۆنراوانەی بەرهەمهێناوە کە کراون بەگۆرانیو لەیادەوەریی نەوەکاندا وەک دڵڕفێنترین شاکاری هونەریی کوردی ماونەتەوە، لەوانە:

بەهارە بولبول، بولبول بەهارە
سەرتاى ئالەی سەوداى زارە
وەرە بنالین بەجووت لەئەموڕا
ئێمە ئەو بێزار بێ خەم لەئەموڕا

کە لەلایەن هونەرمەند "ئەحمەی غولامی"یەوە کراوە بەگۆرانی.

دڵم هەر ئەو دڵەی جارانە ئێستاکەش ئەناڵێنێ
لەناسەی ساردی ناکامی لەسینەمدا ئەناسێنێ
ئەگەر جوانیت سەرنجم ڕابکێشێ مەگرە لێم چونکە
جەمالت بەیکەری ئیتۆیی خوای جوانیش ئەجولێنێ

ئەم هۆنراوەیە سەرەرای ئەوەی لەیادەوەری نەوەی حەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا بەهۆی خوێندنەوەی بەدەنگی سیحر ئامێزی مامۆستا "شوکرولاّی بابان" بەزیندوییەتی ماوەتەوە، هەریەک لەهونەرمەندان "ئیبراهیم خەیاتو کیژان" بەدەنگە پڕ لەسۆزەکەیان کردویانە بەگۆرانی.

بەهاری ماڵی ویرانم بەمەرجو وەعدەی تریانم
بەناکامی لەدنیادا بەباچو عومری شیرینم

هونەرمەند "قادر کابان" کردویەتی بەگۆرانی.

ئەترە تا ڕۆژی مەحشەر خولیای من بێ چاوی یار
وێڵی سەحرا بم لەعیشقە ئەرک بەئەم خوێش وبار

مامۆستای ئەفسانەیی مەقامی کوردی "عەلی مەردان" کردویەتی بەمەقام.

ئەخۆل کە شاعیرێکی گەورەیەو تا ئێستا وەک پێویست گرنگی پێنەدراوە، ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٢٩ دڵە گەورەکەی لەلێدان دەکەوێتو لەسەر وەسیەتی خۆی لەگردی سەیوان بەخاک دەسپێردرێت.

هۆنراوەی
ئەحمەد دەروێش عەبدوڵا

### بانگەوازێك لەبنەماڵەی "ئەخۆل"ەوە

ئێمە بنەماڵەی "ئەخۆل"ی شاعیر، لەچوارچێوەی پڕۆژەیەکدا خوازیارین هەمو ئەو نوسینانەی لەڕابردوەوە تا ئێستا لەسەر ئەخۆلو ژیانو ئەزمونی شیعریی ئەخۆل نوسراون، کۆبکەینەوە بەمەبەستی پاراستنیان لەفەوتانو چاپکردنیان.

بۆیە داوا لەهەمو ئەو ئەدەبدۆستە بەڕێزانە دەکەین کە نوسینیان بلاّوکردوەتەوە دەربارەی ئەخۆل، یاخود وێنەیەکی بلاّونەکراوەی ئەخۆلیان لایە بۆمان ڕەوانە بکەن یاخود پەیوەندیمان پێوە بکەن لەڕێگەی ئەم ئیمەیلو ژمارەی مۆبایلەوە:

ئیمەیل:
Marywan.kaftan@gmail.com

ژمارەی مۆبایل:
٠٧٥٠٧٣٠٤٩٦٩
لەگەڵ ڕێزی
مەریوان قەفتان

## ڕۆژنامەی ئاوێنـە ژمارە ٦٠٢ لە ٢١ / ١٢ / ٢٠١٧

# ئەخۆل

## لە بەرنامەی « قەلەندەرخانە » لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی کوردستان ٢٤

**"قەلەندەرخانە"** بەرنامەیەکی هەڵسەنگاندنی ئەدەبی شیعرییە کە هەرجارە ڕایەڵەیەک دەکات بەناو جیهانی دەقگەلی شاعیرێکی کلاسیکی کورد. ئەم بەرنامەیە هەوڵ دەدات پانۆرامایەک بێت بۆ تاوتوێکردنی دەقە ئەدەبیە کلاسیکەیە کوردیەکان، هەوڵێکە بۆچڕکردنەوە و متوربەکردنی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی شیعری کوردی لە هەرچوار بەشی کوردستان، لە ڕێگەی ئەم بەرنامە ئەدەبیە بەرکوڵێک دەکەین بەناو مێژووی شیعری کلاسیکی کوردی. "قەلەندەرخانە " لە ڕێگای لێکدانەوە و شیکاری دەقەکان هەوڵدەدات پانتاییەک بۆ تێڕوانین و جیهانبینیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری سەردەمە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەرجەستەبکرێت*.

**بەرنامەی قەلەندەرخانە، ئەڵقەی ڕۆژی ٢٠١٨/٤/٦ تەرخانکرا بوو بە ئەخۆلی شاعیر، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی (حەمید بانەیی) و (خەندەئیسماعیل) بە میوانداری هەریەك لە (مەریوان قەفتان) ئامادەکار و سەرپەرشتیاری چاپی چوارەمی دیوانی ئەخۆل و موزیسیانی عودژەن (ئارام مەحمود).**
**باس لە ژیان و بەرهەمە شیعرییەکانی ئەخۆل کرا و بە دەنگی بەسۆزی بەڕێزان "خەندە و حەمید بانەیی" گۆرانی "بەهارە بولبول و عومری شیرین" پێشکەشکرا کە لە هۆنراوەی ئەخۆلی شاعیرن.**



* **لە سایتی K24 tv وەرگیراوە.**

# پێنـج خشتـەکی یەکـانی

# ئەخـۆل

## لەسەر شیعری شاعیران

- ❖ پێنج خشتەکی ئەخۆل لەسەر غەزەلێکی مستەفا بەگی کوردی
- ❖ پێنج خشتەکیەکی تری ئەخۆل لەسەرغەزەلێکی (کوردی)
- ❖ پێنج خشتەکی ئەخۆل لەسەر غەزەلێکی مەحوی
- ❖ پێنج خشتەکی ئەخۆل لەسەر غەزەلێکی مامۆستا زێوەر

## پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی مستەفا بەگی کوردی

وەهـــا کەوتومـــە ژێـــر بەنـــدی خـــەم و هیجـــری ســـتەمکارێ
هەمیشـــە زار و ناڵینمـــە لـــە حەســـرەت عەشـــقی دڵـــدارێ
دەســا توخــوا ڕەفیقــان بــێن بــە دەنــگ ڕۆ ڕۆمــەوە جــارێ
((ئـــەمان مـــردم عیلاجـــێ ســـا لـــەڕێی پێغەمبـــەرا چـــارێ
ویسـاڵی ، یـا قەتلـە یـا تەسـکین لـە هەرسـێ بـۆم بکـەن کـارێ ))

خــوا ئــەم ئــێش و ئــازارەم بــە زامــی عەشــقەوە تــا کــەی ؟
بەســـە ئـــیتر لـــە عـــومری نەوجـــەوانی خـــۆم نـــەکرد ئۆخـــەی
دەخیــل ئێــوە و خــوا یــاران عــیلاجم کــەن بــە جامــێ مــەی
((وەهـــا ســـوتاوم ئەســـڵەن تـــابی فریـــادم نـــەما ســـادەی
ڕەفیقـــان نیـــوە ســـووتن ئێـــوە نامـــەرد عـــەرزە هـــاوارێ ))

تەماشـــای چـــۆن ئەکێشـــم بـــۆی جـــەفا و قـــەهری مـــەفتوونی
لـــە دەســـتا تیشـــەیی فـــەرهاد ، لەســـەردا شـــۆڕی مـــەجنوونی
لـــە حەســـرەت قامـــەتی بـــەرز و فیراقـــی لێـــوی مـــەیگوونی
((لــە کــونجی ســینە دەنگــی ئــای و وای دڵ دێ بــە مــەحزوونی
وێـــران بـــێ نـــەم دی ســـاتێ لێـــی نەیـــە ناڵـــەی برینـــدارێ ))

هـــەموو خـــاکی بـــەری پێـــتم وەکـــو عەنبـــەر بەســـەرتا کـــرد
ئـــەوەت لایـــەق نـــەبینی پـــێم و دامانـــت بـــەلادا کـــرد
خـــوا هـــەڵناگرێ گیانـــە منـــت شـــێت و بـــەرەڵا کـــرد
((ئـەلای هـەر کـەس دەچـم مـەنعم دەکـات خـۆت بۆچـی ڕیسـوا کـرد
درێـــغ بـــۆ حـــاڵ زانـــێ ، ڕەببـــی توشـــم بێنـــی بیمـــارێ ))

بـــە ســـۆزی گریـــەوە چـــاوم هەمیشـــە ســـور و نەمناکـــە
سەراســـەر ســـنگی بەدبـــەختیم هـــەتاکو دامـــەنم چـــاکە
لـــە خوێنـــا تـــل ئـــەدەم بەســـیە وەرە حـــاڵم تەماشـــاکە
((لــە ژێـــر بــاری خـــەما وا شـــانی ســـەبرم ریشـــە ئێســـتاکە
فیراقـــی یـــار لـــە بـــاری ئـــاخر شـــەڕی لـــێم بۆتـــە ســـەرباریێ ))

گــڕی بەرداوەتــە جــەرگم بــە ســـەودای عەشـــقی وەك ئـــاگر
کەســـاس و دڵ برینـــدار و پەرێشـــان بـــەو بەشـــەم ســـابیر
ئەوەنـــدەش دڵ ڕەقــە بۆچــی گونــاهی مــن چــییە ئــاخر ؟
((لــە نــەزعا پێــی دەڵــێم قوربــان جــەفا بەســیە دەڵــێ کــافر
هەماچــەت دیگــە تــۆ ســەگ مەرگــە کــارم ماگــە پێــت جــارێ ))

لـــە مـــەی غافـــڵ مەبـــە ســـاقی زڕەی فنجانەکـــەت بابێـــت
بــە نەشــئەی جامەکــەی تۆیــە غوبــاری غــەم لــە دڵ دەرچــێت
لــە هوشــیاریم بــە دەرکــە هــەی ســەر و مــاڵم فیــدای تۆبێــت
((ســـەبا یـــارانی مـــەجلیس گـــەر هـــەواڵی مـــن دەپرســـن لێـــت
بڵـــێ کێشـــایە مەیخانـــە دوو چـــاوی بێچـــووە عـــەییارێ ))

(ئـەخۆڵ) هـەر بگـری تـا دەمـری لـە سـەر قـەبری (جـەوان) مـەردی
بـــە قـــەد لێزمـــەی بـــەهاران و گوڵاڵـــە و شەســـت پـــەڕی زەردی
سەراســـەر ســـوور و ڕەنگـــین کـــە بـــە ئەســـرین ئەلحـــەد و بـــەردی
((دووڕ و یـــاقوت دەبـــارێ لـــەم کەلامـــە شـــیرینەی کـــورد
درێغـــا کـــوا لـــە دنیـــادا قـــەدر زان و خریـــداری ؟ ))



**کوردی** (١٨١٢ - ١٨٥١)

وێنەی "کوردی" خەیاڵی هونەرمەند (( بەدیع باباجان )) و دەستکردی هونەرمەند "ئاکۆ غەریب"

## پێنج خشتەکیەکی تر لەسەر غەزەلێکی (کوردی) ١٩٧٨

گەوهـــەری تاقانـــەی یـــا خـــاوەنی تـــەخت و عەلـــەم
یـــا نمونـــەی جـــوانی جوانیـــت یـــا بتـــی یـــاخو ســـەنەم
یـــاخو مـــانگی چـــواردەمینی بـــۆ ســـەماوەتی حـــەرەم
(( حـــۆری ڕەوزەی جـــەنانی یـــا گـــوڵی بـــاغی ئـــیرەم
"أم نجـــوم العـــرش ام شمـــس علـــى فـــوق العلـــم" ))

پـــێم وتـــی : نەمخەیتـــە داوی تـــاوی ئەگریجـــە و بـــرۆت
خســـتمت تـــا بومـــە کۆیلـــە و پاســـەوانی دەرگـــە بـــۆت
گوێـت نـەدامێ بـێ وەفـا نـەك هـەر تـەرەت کـردم لـە خـۆت
(( ئـاخری کوشـتت بـە هیجـران ئاسکەکەی دەر مـاڵی خـۆت
"کـــم نـــدیت بالنـــداء لا تقتلـــي صـــيد الحـــرم" ))

ئـــای کـــە لێـــت پاڕامـــەوە ئـــەی گیـــانی شـــیرینم نەکـــەی
مـــن کـــە پەروانـــەی ســـەری تـــۆم بـــێ پـــەروا بـــاڵم نەکـــەی
بـــێ پـــەڕ و باڵـــت کـــە کـــردم حـــەق نـــەبوو وام لێ بکـــەی
(( کوشـــتمت ئـــەمما لـــە پاشـــا پەشـــیمانی دەبـــەی
"یـــاحبیبی بعـــد قتلـــی لا حصـــول فـــی النـــدم " ))

ئـــەو کەســـانەی سەرزەنشـــتی مـــن بکـــەن زۆر ناکەســـن
چـــونکە پێکـــراوی ئـــەوین و دڵ بریـنـــارم ئـــەمن
بـــا بکـــوژرێم مـــن لـــە ڕێتـــا ملکـــەچ و شـــادم کـــە : مـــن
(( کوشـتن و عـەفوت لـەلای مـن هەردویـان هـەر وەك یـەکن
"لـــو تمنـــی ترحمـــی لـــو تـــدفنی عـــین الکـــرم" ))

كوشـتمت ئەشـڵێی ڕەقیـب و دوژمـنم شـادكرد بـە جـێی
خـۆ ئـەڵێی پـێش كوشـتنیش كۆسـپی تـرم خسـتۆتە ڕێی
گیـانی وێڵـم پـێم ئـەڵێ گـەر بێـت و بـەو یـارەت بڵـێی
(( گـەر وەكـو عیسـا لـە پـاش مـردنم بەسـەرما ڕابـوریێ
"تجمـــع العضـــم الـــرحيم تحييـنـــي بعـــد العـــدم" ))

مـــن وتم : تـــۆ گـــیرەوەی ئـــەو چـــاوە جوانانـــەم بكـــەی
یـاخو سـینەی كـون كـونی ئـەو تـیری موژگانـەم بكـەی
نـەء ... بـەڵام ئـەتوانی چـارەی ئـەم هـەموو ژانـەم بكـەی
(( وەك تـەبیب گـەر بـێ و عیلاجـی ئـەم برینانـەم بكـەی
"اعطيـــك الـــروح لان تقتلـــه عـــن حـــق القـــدم" ))

وا لــە كــونجی عەزلــەتا كــەوتوم و دەس بەســتەی وەفــام
دوور لـــە خۆشـــی و خۆشەویســـتی دڵشـــكاو و نابـــەكام
لێـــــت ئـــــەبورم گیانەكـــــــەم نـــــاڵێم وەرە بـــــۆلام
(( ســەد كــە مــەحزون و نەخۆشــم نامەكــەت گــەر بێتــەلام
"يتـــدفع حزنـــي ولا يبـــــقى مـــن القـــــــلب ألم" ))

گـــەه نـــەخۆش و گـــەه مـــەلول و گـــەه برینـــارم خـــووا
خـــۆم ئـــەڵێم : هـــەر مردنـــە لـــەم ژینـــە تاڵـــەم كارەهـــا
وا لەگـــەڵ تـــۆدا ئـــەڵێم ( كـــوردی ) وتوومـــە جارەهـــا
(( شـــەرحی دەردی هیجـری كـوردی قـەت نەهاتـە ئینتیهـا
"تمـت القرطـاس ، جـف الحـــــبر ، و انشـق القلـم" ))

* * * * *

## پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی مەحوی

کــە واوەیــلا لــە دوور لــەیلا لــە دوجــەیلا نەکــەم چــبکەم
بــە ئەشــکی دیــدە لێشــاوی خــەمم بــەربا نەکــەم چــبکەم
لــە مەیخانــەی ژیانــا مــەی بەســەر مەیــدا نەکــەم چــبکەم
((بــە نــوری بــادە کەشــفی زوڵمــەتی تــەقوا نەکــەم چــبکەم
بە شـەمعێکە وەهـا چارەی شـەوێکی وەهـا نەکـەم چبکەم))

لــە تیشــکی ڕومــەتی جــوانی ئــەڵێی ڕوونــاکی لالایــە
لـە تاسـەی بـۆنی سـەر سـینەی ئـەڵێی میسـکی بوخارایـە
لـە بـەرزی و شـۆخی و شـەنگی قـەد و ئـەو بـەژن و باڵایـە
((لە خەزنـەی دڵـی مـەدا هەرچـی هەیـە هـەر داخـی سـەودایە
دەسا ئەم نقدە دەردی عەشـقی پـێ سـەودا نەکـەم چبکەم))

بــرا گــەل خــۆ موســوڵمانم گــەڵێ جــارم نــەکرد هــاوار
لــە بــاخی جوانیــا تــازە گوڵێکــە بــۆ منــی دڵــزار
لە دەستی دوور مەکەن توخوا ، نەکەن زینهار هـەزار زینهـار
((لەگــەڵ دەســتی مــەلا ڕێ نەکــەوێ زنــار زوڵفــی یــار
وەکـو شـێخ ئیختیـاری مەزهـەبی تەرسـا نەکـەم چـبکەم))

ڕەقیــبم هــەر وەکــو جــادوو تــەنی ســیحری لەســەر ڕێمــا
بـەڵام بـێ سـود بـوو هەرچـەندە هـەمووم شـێلا لـە ژێـر پێمـا
لــە خــۆی پارامــەوە ئینجــا ئەوانــەی دەوری هــەرکێ مــا
((لـە ڕێـی ئـەو شـۆخەدا خـۆم کردە خـاك و پێـی نـەنا پێمـا
دەسـا خـاکی هـەموو عالـەم بەسـەر خۆمـا نەکـەم چـبکەم))

منـــی ئـــاواره لـــەم شـــاره ژیـــانم ئێشـــه یـــا نۆشـــه
ســەرا ســیمەم چــه قــەوماوه ئــەبینم گشــتی ڕەشپۆشــه
ئــەوی ئــەیبینی بــێ دەنگــه ئــەڵێی مەســتووره بــێ هۆشــه
((دەمێکــه شــاری پــڕ شــۆڕی مەحەبــەت مــات و خامۆشــه
بــه قــانونی تەجــەننون شۆڕشــێ بــەر پــا نەکــەم چــبکەم))

ئـــەڵێی منـــداڵی ســـاوایه دڵـــم : هـــاواری دولبەریـــه
( کــزه ) دووربینەکــەی چــاوم لــەباتی ئــەم ســەر ، ئەوســەریه
ئەوەنــده فرمێســکی ڕشــت دیــدەم تــەڕایی ئــاخر و ئۆخریــه
((لــه چــاوا " نم " نــەما گریــه نۆبــەیی ســوجده بەردەریــه
ســیا ســاڵم نــەباره نوێــژی ئیستیســقا نەکــەم چــبکەم))

جــەماڵت زوڵمەتــه بــۆ مــن دەڵێــی بــۆ خــەلقی وەك شــەمعه
ژیـــانی پـــڕ لـــه ئـــالامم گـــەهێ ترســـه و گـــەهێ دەمعـــه
ئــەوی مــن خــۆم بــه خــۆمم کــرد لــه ڕێــی تــۆدا هــەزار نەوعــه
((لەســـەر تـــۆم دوژمنـــه دنیـــا قەزییـــەم مـــانیعول جەمعـــه
کــه تــەرکی تــۆ نەکــەم تــەرکی هــەموو عالــەم نەکــەم چبکەم))

بەسه ئەی نەفسی "ئەمماره" بەسه بەس شێت و بەدخووبه
ئـــەوی دوو ڕوو و ڕیاکـــاره ئـــەوه ئەمڕۆیـــه مەحبووبـــه
بــه هــیچ ناچــێ بــه نــاو عامــا لــه عیلمــا وەك ئەرســتوو بــه
((بــه جــێ مــاوم لــه یــاران تــا بــه جــێ مــاوم ئەجــەل زوو بــه
بــه مــردن لــەم قســووری ژینــه ئیســتیعفا نەکــەم چــبکەم))

ئەگەر چی چوو بە با عومرم لە ڕێزەی عەشقا (مەحوی)
لەگەڵ ئەو نەوجەوانەی بێ وەفایە و دڵڕەقا (مەحوی)
بەڵام داوێنی بەر نادەم هەتا دار ول بەقا (مەحوی)
((ئەوا لەیلا بە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا مەحوی
هەتا قامی قیامەت ئاهو واوەیلا نەکەم چیبکەم))

* * * * *



**مەحوی**

(١٩٠٤ - ١٨٣٠)

وێنەی "مەحوی" دەستکردی هونەرمەند « بەدیع باباجان »

## پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی مامۆستا زێوەر

ئـــەگریم بـــە کـــولْ بـــە زارەوە بـــە جـــەرگی داغـــدارەوە
وەك بولبـــولی بـــەری بـــەیان ، بـــە بـــاغ و جوێبـــارەوە
بـــۆ شـــەونمی گـــوڵی ئەمـــەل بـــە لێـــو و کـــوڵمی یـــارەوە
(( تکـــانی ئـــابڕوی چـــەمەن بـــە ڕوویـــی لالـــە زارەوە
شـــکانی نرخـــی نەســـتەرەن بـــە زوڵفـــی مشـــکەبارەوە ))

ئـەی سـروەکەی دەمـی سـەحەر بڵـێ بـە یـار لـەپاش سـەلام
گەر بچمە بەزمی خوسرەویش بۆ من نی یە سود و مەرام
سەرخۆشـی چـاوەکەی ئـەوم نـەك مەسـتی بـادە و مـەدام
(( چمە لە مەی ، لە نەی ، لە جام ، ئەگەر بە لەنجە بێتـەلام
بـــە ڕووی ئابـــدارەوە بـــە چـــاوی پـــڕ خومـــارەوە ))

بـــا دام بنـــێن لەســـەر تـــەخت لـــە لالـــە زاری ئێرەمـــا
ساقی هـەموو غیلمـان و حـۆر بـادەش لـە نـاو جـامی جامـا
ئـاواتی تـۆ هـەر بـاقی یـە لـە تـوێ ی دەرون و سـینەما
(( عـەرەق نـی یـە لـە عالـەما کـە لابـەرێ لـە دڵ غـەما
جگـە لـە قـەترە عارەقـێ لـە ڕووت کـە دێتـە خـوارەوە ))

تاکـەی لـە دەسـت گـەردونی دون هـەر گریـەبێ نەصـیبی مـن
ڕەحمـێ بکـە بـە حاڵەکـەم ئـەی شـۆخی دڵ فریبـی مـن
وا چـاوەڕێ یـە پـڕ لـە غـەم دڵـەی وێـڵ و غـەریبی مـن
(( نیگارەکـــەی حـــەبیبی مـــن عەزیزەکـــەی تـــەبیبی مـــن
بـا شـەق بـەرێ ڕەقیبـی مـن وەرە بـە سـەد ویقـارەوە ))


نـەك هـەر بـە تـەنیا شـورەیی بـە ملکەچـی و خەجەڵیـەوە
زەمـــین بـــە نێـــرگس و گـــوڵ و بـــە مێخـــەك و سمڵیـــەوە
شـــەوبۆ بـــە بـــۆن و شـــەونمی لالـــە بـــە داخـــی دڵیـــەوە

(( فیـدایی خـەد و قـەدی تـۆ چـەمەن بـە فـەوجێ گوڵیـەوە
بـە بولبـول و بـە چـڵیەوە ... بـە قـومری و هـوزارەوە ))

هـەر تـۆم ببـێ لـە عالـەما ئـیتر چـیمە لـە جـاهو فـەڕ
قوربـانی یـەك تەبەسـومت یـاقوت و ئـەڵماس و گەوهـەر
پێنـاوی لار و لەنجەکـەت ژیـان و مـاڵ و گیـان و سـەر
(( فیـدای زوڵفـی عەنبـەرت هـەموو وڵاتـی گـوڵ عومـەر
بـە عـەرد و بـەرد و دارەوە بـە ئـاوی سەرچـنارەوە ))

بـۆ وەصـفی تـۆ ئەوەنـد ئـەڵێم لـە عالـەما کـە نـادری
بـە عیشـوەتر بـە غـەمزە تـر لـە حـۆری شـۆخ و شـەنگتری
لەگـەڵ زێـوەر هەرچـیم کـەوت لـەوەش گـەڵێ بـاڵاتری
(( ئـەمن گەیانمـە ئـەنوەری فنـونی شـیعر و شـاعیری
ئـەتۆ گەیانتـە سـامری بـە چـاوی سـیحر کـارەوە ))


* * * * *



## زێـوەر
( ١٨٧٥ – ١٩٤٨ )

# پێنج خشتەکی
# چەند شاعیرێك لەسەر شیعری
# ئەخـــۆل

- پێنج خشتەکی ( ن. ئـاری ) لەسەر غەزەلێکی ئەخۆل
- پێنج خشتەکی ( أ.ب هەوری ) لەسەر شیعری ئەخۆل
- پێنج خشتەکی ( ڕازی ) لەسەر شیعری ئەخۆل
- پێنج خشتەکییەکی تری ( ڕازی ) لەسەر شیعری ئەخۆل
- پێنج خشتەکی ( حەمە عەزیز ) لەسەر شیعری ئەخۆل



# ن. ئــارى

١٩١٠ - ١٩٦٨

## پێنج خشتەکی ( ن – ئاری)   لەسەر غەزەلێکی ئەحۆل

بــە پێســـتی ســك هــەڵت گرتــووم و ســاڵەهای ســاڵە....
بە مەمك و کۆشـی گـەرمت شـەو نەنوسـتی تۆ لـە ئـەم ماڵـە
لـــە ڕاســـتی خۆشەویســـتی و ئـــەرك ئـــازارت زمـــان لاڵـــە
"ئەوا جێت دێڵم ئەی دایە بە عومری بیست و یەك ساڵە
لـــە بـــێخ و ڕیشـــە دەرهـــاتم وەکـــو لالـــە و گـــوڵی ژاڵـــە"

کە هاتمە  دەر لەناو جەرگ و هـەناوت زەڕنەقووتـەی قـووت
لـە بـاوەش بـەختیاری و خۆشەویسـتی تـۆ زمـان بـزووت
لـە ڕۆژێ چـاوم هـەڵهێنا، ئـەوین فێربـوم لـە  ڕۆژی ڕووت
"لەسـەر تابووتەکـەم توخـوا بڕێـژە ئەشـکی وەك یـاقووت
بگاتـــە لای خـــوا ئـــاهو هەناســـــە و گریـــەت و ناڵـــە"

فـوارەی خـوێنی زمـان و بـرینم دایـە گیـان نەسـڕی...!
مـەڵێ ڕەنجـی بـەفیڕۆدام قسـەی بـەدکار لـە گـوێ نـەگری!
گـوڵی ڕازاوە هـەر کاتـێ... لەسـەر گـۆڕم نەکـەی بـبڕی!
"بـە دەنگـی بـەرز و ناڵـەی دڵ تـوێن بـەم جـۆرە بـۆم بگـری
کـــوڕم ڕۆ ڕۆڵەکـــەم ڕۆیـــە شـــەهیدە و کفنەکـــەی ئاڵـــە"

لـــە دوام جێمـــاوە دڵـــدارێ، دەخـــیلم پـــێم بکـــە بـــڕوا
بـە چـاوان تـۆ مـودارای کـە، بـە یـادی مـن ئـەتوبی و خـوا
هــەموو کاتــێ بچــۆ بــۆ لای مەهێڵــە ئــەو خەفــەت  بخــوا
"ئەوا من خۆم بەجێم هێشتی بەڵام ئەی دایە گیان توخوا
فیراقــی مــن لــە دڵ دەرکــە خەفــەت زۆر نــاخۆش و تاڵــە"

لــه دوام جێمــاوه جــوانی و نەونــەمامی شــۆخی دڵــداریّ
لــه دوای ڕۆیشتنیشــم تــۆ ئــەتوانی بــۆم بکــەی چــاریّ
لــه گۆڕیشــا لەســـەر ســنگمی فڕێــدەی ئــەرك و ئــازاریّ
"ئەگەر من خۆشەویستت بووم بـه یـادی مـن هـەموو جـاریّ
بچـۆ لای دولبـەرم مـاچ کـه لـه جێـی مـن ئـەودەم و خاڵـه"

چ تــیریّ بــوو خوایــه وا لــه ناکــاو لــه جــەرگی دام
ئــەوینی ئــاگرین و جــوانی ئــەو یــاره لــه دەســتی دام
ژیـان تـاڵ بـوو لـه لام و گیـانی ئـازیز بـوو لـه کیسـی دام
"ئەگەرچی جەور و قەهری ئەو بووه قاتل بـه کوشتنی دام
بــەڵام زینهــار دەخیلــت بم دڵــی مەشــکێنه منداڵــه"

مــەبن دڵگــیر بــه لاوی نەوجــەوانی مــن کــەوا ڕۆیــیم
بـه دوای سـەر مەشقی مـەجنونا وەکو فـەرهاد ئـەوا ڕۆیـیم
لــه نــاودارانی ئــەم چــەرخه ئەبــەن نــاوم کــەوا ڕۆیــیم
"مەڵێن دێوانه بوو خۆی کوشت له ڕێی عەشقا کـەوا ڕۆیـیم
لەســەر مــەیتم بکــەن شــینم شــەهیدم کفنەکــەم ئاڵــه"

* * * * *



**أ - ب هەوری**

١٩١١ _ ١٩٧٩

**پێنج خشتەکی (أ-ب هەوری) لەسەر شیعری (ئەخۆل)**

نامــەوێ بــۆ چــیمە ئاهــەنگ بــەزم و ڕەزمــی سەرچــنار
چی لـە مـەی کـەم یا لـە نـەی یا لـە نەغمـەی عـود و تـار
مــن لــە شــاگردانی عەشــقم بێنــەواو و بــێ چــاوی یــار
"شــەرتە تــا ڕۆژی حەشــر خولیــایی مــن بــێ چـاوی یـار
وێڵــی ســەحرابم هەمیشــە تــەرك ئەکــەم خــوێش و دیــار"

یـا بـە سـۆز بـۆ خـۆی بنـاڵێ بەختەکـەی بەرگەشـتەکەم
وەك دڵــەی دامــاوی هــەردە پشــت لــە شــار و دەشــتەکەم
وێــردی خۆشــم لــە حەســرەت ســێوەکەی پــڕ مشــتەکەم
"شــەرتە وەك یــەعقوب لـە دووری یوسـفی گـوم گەشـتەکەم
دیـدە پـڕ تـەم، سـینە پـڕ غـەم، تـا ئەبـەد بگـرم قـەرار"

گـەر لەسـەر تـەختی مورصـەع یـا لـەناو صـەحنەی ئـیرەم
دابنیشــــم هــــەروەکو شــــاهێکی بــــێ دەرد و ئەلــــەم
خـۆ لـە قـوڕ ئەوسـا ئـەنێم، بـانگ ئەکـەم مـن پـڕ بـە دەم
"شـەرتە یـا خـوێنم بـە گریـان ئەڕژێنمـە صـەفحەی عـەدەم
یــا بــە شمشــێری ڕەقیبانــا ئــەبێ بتکێتــە خــوار"

لـێم گـەڕێ ناصـیح لەبەرچـی دەسـت لـە شـیرین هـەڵگرم
یــا بــە یــادی چــاوەکانی چــەیکە نەســرین هــەڵگرم
مەزرەعــەی غــەم تینــووە بــا جۆگەلــە ئەســرین هــەڵگرم
"شــەرتە وەك فــەرهاد قــوڵنگی یــادی شــیرین هــەڵگرم
تــا لــە پــای کێــوی فیراقــا جــێ ئــەهێڵم یادگــار"

مەرجــە بــەر چــیغی بولبــول تــاکو مــردن بــەر نــەدەم
شۆڕشــی شــیوەن لــە بۆشــی مێشــك و کەللــەم دەرنــەدەم
بـۆ تـەداوی زامـی جـەرگم قـەت لـە دوکتـور سـەر نـەدەم
"شـەرتە وەك بولبـول بـە شـیوەن قـەت لـق و چڵ بەرنـەدەم
تـا دەمـی خونچـەی ئەمـەل نەکرێتـەوە صـوبحی بـەهار"

گــەرچی ئــــەمڕۆ مـــن لـــە ڕێـــزی عاشقانـــا بەهمـــەنم
شـێتی شـێوەی یـــەك ئیشـــارەی ئـــاسكێكی چەمـــەنم
چـونكە وەك فـەرهادی عەشـقم ڕوو لـە هـەردە و یـەك تـەنم
"شەرتە وەك مەجنونی بێكەس دەشت و كێو بێ مەسكەنم
تــا بـــە یــادی لەیلــەوە ئەمنێتــە قــەبری تــەنگ و تــار"

عـــەهد و پەیمانـــە هەتـــا مــردن لـــە زاهیــد سەرنـــەدەم
یـــادی شـــیرینم هـــەتا مـــاوم لـــە چـــاڵی دڵ دەرنـــەدەم
چاكی جانانـەی بـە خـوێنی سوور تـاكو مەحشـەر بەرنـەدەم
"شـــەرتە وەك ئـــازیز مــردە ســـەر لـــە ئـــەژنۆ بەرنـــەدەم
بـــۆ دڵـــەی وێـــڵ و غـــەریبم دائیمـــا بگـــریم بـــە زار"

گــەر بــە تــاپۆ بێتــە مــوڵكم هــەر لــە ئێــرە تــاكو ڕەی
دەســـتە دەســـتە باخـــەوان و باخـــەوانی بـــاخی بـــەی
بێتـە لەنجـە و نـاز و عیشـوە، دەم بـە خەنـدە دەس بـە مـەی
"شەرتە بمبێ گەنجی قاروون، تاجی خوسرە و تەختی كەی
هــەر لــە دەرگاكــەی ئــەوا بمــرم كەســاس و خاكســار"

سـەد كـەڕەت ئـەو شـۆخەم ڕووم تێكـا بـە چـاوی قـەهرەوە
تـــازە لام پەشمـــە چ دەربەســـتم بـــە زوڵمـــی دەهـــرەوە
دائەنیشـــم ڕوو لـــە قـــاپی حـــەق بـــە شـــوكر و صـــەبرەوە
"شـــەرتە یـــا حەســـرەت لەگـــەڵ خۆمـــا ئەنێمـــە قـــەبرەوە
یـا ئـــەبێ بمـــژم لـــە غونچـــەی نەوشـــكۆفەی لێـــوی یـــار"

* * * * *



**ڕازی - " صابر سعید "**

١٩٣٧ _ ٢٠١٥

## پێنج خشتەکی لە لایەن ( ڕازی ) – " صابر سعید " ١٩٦٨

لـە یـادت دەرنەچـم هـەرگیز کـە مـەرگی جـوانی چـەن تاڵـە
سـەرمدانیٚ لەسـەر ڕانـت کـە شـەنگم حـاڵم بـێ حاڵـە
سـەیری بـاڵای نـەمامم کـە... کـە هێشـتا بەرهـەمی کاڵـە
"ئـەوا جێت دێڵـم ئـەی دایـە بـە عـومری بیسـت و یـەك ساڵە
لـە بـێخ و ڕیشـە دەرهـاتم وەکـو لالـە و گـوڵی ژاڵـە"

ناکـاو تـیری ئەجـەل هـات و پـەڕەی جـەرگی مـنی ئـەنگووت
بناڵێنـە و بلاوێنـە لەسـەر تـەرمی لـە دەس دەرچـووت
وەرە سـەر لاشـەکەم دایـە لـە کـاتێ ئـەم خەنـە تـابووت
"لەسـەر تابووتەکـەم توخـوا بڕێـژە ئەشـکی وەك یـاقووت
بگاتـە لای خـوا ئاهـو هەناسـە و گریـەت و ناڵـە"

ناحـەز زۆرە توخـوا دایـە قسـەی بـەدکار لـە گـوێ نـەگری
نـەمامت تـازە نێـژراوە... ئـاوی دوو دیـدەی لـێ نـەبڕی
کێلـی مـەزاری غـەمگینم لـە بـاوەشی پـەرۆش بگـری
"بـە دەنگـی بـەرز و ناڵـەی دڵ تـوێن بـەم جـۆرە بـۆم بگـری
کـوڕم ڕۆ ڕۆڵەکـەم ڕۆیـە شـەهیدە و کفنەکـەی ئاڵـە"

یادگـارم بەجێهشـێت بـۆت لـە دنیـا تاقـە دڵـداریٚ
دڵـم هـەر لای ئـەوە نایبـەم بمێنیـێ بـا لـە لای یـاریٚ
تکـام وایـە لـە تـۆ دایـە کـە بـۆم بکـەی وەهـا کـاریٚ
" ئەگـەر مـن خۆشەویستت بووم بـە یـادی مـن هـەموو جـاریٚ
بچـۆ لای دولبـەرم مـاچ کـە لـە جێـی مـن ئـەودەم و خاڵـە"

دەخیلتـــان بم بـــە دوونـــی ئـــەم زەمانـــە قـــەت نەکـــەن بـــڕوا
ژیـــان هـــەر جـــۆرە ژینیـــێ بـــێ دوایـــی دێ لـــەپڕ ئـــەڕوا
وەکـــو مـــن تـــاقی لاویمـــە چـــاوی مـــەرگم لەبـــەردا ڕوا
"ئـەوا مـن خـۆم بـەجێم هێشتن بـەڵام ئـەی دایـە گیـان توخـوا
فیراقـی مـن لـە دڵ دەرکـە خەفـەت زۆر نـاخۆش و تاڵـە"

بڵـێم چـی خۆشەویسـتی ئـەو بـۆمن نەگەییـە سـەر ئـەنجام
لـە دەس چـوو ئـەو نەمـامە لـە سایـەی فێنکیـی ئـەژیام
جێگـەی شـانازی یـە ئێسـتا لـە ڕێـی عەشـقی ئـەوا فـەوتاوم
"ئەگەرچـی جـەور و قـەهری ئـەو بـووە قاتـل بـە کوشـتنی دام
بـــەڵام زینهـــار دەخیلـت بـــم دڵـی مەشکێنـــە منـــداڵە"

بـــۆ ئـــازار و پەرێشـــانیم نـــەبوو چـــارە و دەوا ڕۆیـــیم
وەرن لام دابنیشـــــن بـــا نەڵێـــم بـــێ دڵنـــەوا ڕۆیـــیم
ســـەرم دانـــێ لەســـەر ڕانـــی دڵنیـــام کـــا کـــــەوا ڕۆیـیم
"مەڵێن دێوانە بوو خـۆی کوشـت لـە ڕێـی عەشقا کـەوا ڕۆیـیم
لەســـەر مەیتـــم بکـــەن شینـــم شەهیـــدم کفنەکـــەم ئاڵـــە"

* * * * *

## پێنج خشتەکی (ڕازی) لەسەر شیعری ئەخۆل ١٩٦٨

دەربەست نیم بە سەد لۆمە و وتە و زەنگی زڕاوم
با هەر شێت و پەتیارە و دێوانە بێ... ناوم
بێ هەست و پەرێشان و برینداری تەواوم
"گەرچی بە دەمی تیغی بڕۆت قیمە کراوم
هەر باقیە دودو گڕی دڵ... جەرگ و هەناوم"

بێباکی لە من هەردەمە وا گەرمە مەزاقت
بێ هۆشم ئەناڵێنم لە تاو ئیشتیاقت
ئەخولێمەوە بە دەردی دڵ و ئێش و مەراقت
"سۆزانە هەمیشە لە جگەر ناوی فیراقت
جەرەیانە سروشکم بە مەسەل دیجلە لە چاوم"

ئەو ڕۆژە ئیشارەت کرد هەر ماوە لە بیرم
فەرمووت ئەمە زۆر چاکە بۆ نیشانەیی تیرم
بەو غەمزەت زامارم بە تای پەرچەمت گیرم
"دەستبەستە و دڵخەستە و زامار و ئەسیرم
تووخوا بگە فریام وەرە زوو بەستەیی داوم"

سەیریکە چ هاوار و چ ناڵینە لە دەورم
دەنگی ئای و ئۆی تێکەڵ بە یاسینە لە دەورم
لێدان و کوشتن و تاسینە لە دەورم
"گریانە خرۆشانە عەزا و شینە لە دەورم
ڕەحمێ بکە قوربان کە لە دەس چووم نەماوم"

نـــاڵینی دڵـــه هـــاوار ئەکـــا زار و زوبـــانم
پێکـــراوم بـــه تـــیری تـــۆ و نزیکـــه نەمـــانم
کەوتۆتـه دەسـتت بـێ شـك هـۆی مـەرگ و ژیـانم
"ئـەی شـۆخی دڵ ئـازارم و ئـەی ڕاحـەتی گیـانم
مەرهـــەم بکـــه ناســـۆری دڵ و زامـــی کـــوڵاوم"


شـــەو پیشـــەم ناڵینـــه غەمـــه مووچـــەی بەیـــانیم
سـاتێ لـه غـەم و مەینـەت و دەردی تـۆ جیـانیم
غـەم بـوو قـەدی گـەنجیم و ئێسـتاکه ( کـەوان ) یـم
"رابـورد لـه فـیراق و غـەمی تـۆ عـومری جوانیـم
هـەر دامـەنی وەصـڵت نەگەییـه دەسـتی شـکاوم"

به سەنگی خەفەت ( ڕازی ) خەمی یـاران کـرا کێش
هـــاوڕازی هـــەموو کـــاتێ بـــێ خـــەم و ئـــێش
تـالع وەهـای هێنـاوه هـەتا مـابێ جـەفا کـێش
"دێوانـــه و حـــەیران و سەراســـیمه و دەروێـــش
بـــەم نـــاوەوه ڕۆژی ئـــەزەلی نـــاوی یـــه نـــاوم"

* * * * *

## پێنج خشتـەکی مامۆستـا ( محەمـەد عزیز مەلا ڕەحیم )

### لەسەر شیعری ئەخـۆل ١٩٨٥



محەمەد عەزیز مەلا ڕەحیم

## پێنج خشتەکی ( محەمەد عەزیز مەلا ڕەحیم) ١٩٨٥

لــــە ژینـــا بەختـــەوەر نـــیم و ژیـــان لام وەك ژەهـــر تاڵـــە
دەســـی ئـــازاری ڕوخێنـــەر بەســـەر هێـــزی منـــا زاڵـــە
دەمـــم پڕبـــوو لـــە هـــاوار و زمـــانی بـــەرگریم لاڵـــە
"ئـەوا جێت دێڵم ئـەی دایـە بـە عـومری بیست و یـەك ساڵە
لـــە بـــێخ و ڕیشـــە دەرهـــاتم وەکـــو لالـــە و گـــوڵی ژاڵـــە"

چ سـەیرە بـاخی گـەنجی مـن لـە ژینـا بـێ بـەرە و نـابووت
بـە مـن چـی تـەختی پاشـایی و گـەدایی گەوهـەر و یـاقوت
کـە مـن وا کۆچـی دواییمـە بـەرەو چـاڵ ئەمخەنـە تـابووت
"لەسـەر تابووتەکـەم توخـوا بڕێـژە ئەشـکی وەك یـاقووت
بگاتـــە لای خـــوا ئـــاهو هەناســـە و گریـــەت و ناڵـــە"

نەکـەی دایـە لـەپاش مـەرگم بڵـێن تـۆش وەك کـوڕت ئـەمری
بڵـێن بـۆ کـوڕ ئـەوەی نـاوێ سـەری دنیـا بـە قـوڕ بگـری
ئـەبێ بـۆ جوانەمـەرگی مـن وەکـو دایکـێ هـەتا ئـەمری
"بـە دەنگـی بـەرز و ناڵـەی دڵ تـوێن بـەم جـۆرە بـۆم بگـری
کـــوڕم ڕۆ ڕۆڵەکـــەم ڕۆیـــە شـــەهیدە و کفنەکـــەی ئاڵـــە"

پلــەم بــەرزە لەچــاو پایــەی هــەموو ســەرخۆش و بێــداریێ
بــەمن دڵــزار و سەرمەســتن هــەموو داســتانی ڕۆژگــاریێ
دڵـم سەرپشـکە بـۆ بەخشـین لـەڕێی گشـت چەشـنە دڵـداریێ
"ئەگـەر مـن خۆشەویسـتت بـووم بـە یـادی مـن هـەموو جـاریێ
بچـۆ لای دولبــەرم مـاچ کـە لـەجێی مـن ئـەو دەم و خاڵـە"

ئــەوا کــاروانی ژینــی مـن بــەرەو ئـامــانجی گــڵێ ئــەڕوا
بـەلاّم مەرجـە بـە مـەرجـی خـۆم پـەیـاکــەم شـۆڕشێکی وا
خەفـەت وەك کۆیلــە زنجـیرکــەم بەجـاریێ سەرکــز و ڕســوا
"ئـەوا مـن خـۆم بـەجێم هێشـتن بـەلاّم ئـەی دایـە گیـان توخـوا
فیراقــی مــن لــە دڵێ دەرکــە خەفــەت زۆر نــاخۆش و تاڵــە"

لــــە شــــاری خۆشەویســــتیما هــــەژار و بــــیێ نــــەوا ڕۆیــــم
چ بـوو لاریـم لـە ئــاستی ئــەو کــە بیێ هــۆ و نــاڕەوا ڕۆیم
(مــــەم)ی دڵــــداری ئــەمــڕۆم و لــــە پێنــــاوی ئــــەوا ڕۆیــم
"مەڵێن دێوانـە بـوو خـۆی کوشـت لـە ڕێـی عەشـقا کـەوا ڕۆیـیم
لـەســـەر مـەیتـــم بکـــەن شینـــم شەهیـــدم کفنەکـــەم ئاڵـە"

* * * * *

## ڕوونکردنەوە لەسەر پێنج خشتەکییەکەی

## مامۆستا محەمەد عەزیز مەلا ڕەحیم / چاپی سێهەمی دیوانی ئەخۆل

پێنج خشتەکییەکەی مامۆستا (**محەمەد عەزیز مەلا ڕەحیم**) لە گۆڤاری "**ڕۆژی کوردستان**" ژمارە ٣٣-٣٤ ی ساڵی ١٩٧٥ دا بڵاوکراوەتەوە.

مامۆستا "**ئەخۆل**" لە دیوانی پێشویدا (چاپی دووەم) ئەم تێبینیەی دەربارەی ئەم دوو پێنج خشتەکییە، نووسیوە کە ئەمەیە:

**تێبینی**:

ئەو دوو پێنج خشتەکییە لە چەند شوێنیکا لەلایەن ئەم دوو بەڕێزەوە (مەبەستی ڕازی و محەمەد عەزیز)ە کراوە لەیەك ئەچن ئەوا منیش بە بێ دەسکاری ئەیانخەمە بەر دیدەی خوێنەران، وە سەرپشکیان ئەکەم خۆیان دەری ببڕن کامیان لە کامیانی وەرگرتووە؟ جگە لەوەش هەندێ کەم وکوڕی لە هۆنراوەکاندا هەبوو وام بە باش زانی دەست کارییان نەکەم، لەگەڵ هیوار سەرکەوتن بۆ هەموو لایەکتان. (( **ئەخۆل** ))

**وەڵامی (( محەمەد عەزیز مەلا ڕەحیم )) بۆ تێبینییەکەی مامۆستا ئەخۆل :**

برای شاعیر کاك محەمەد عەزیز مەلا ڕەحیم لە ١٩٨٥/١١/١٠ دا بە نامەیەك ڕوونکردنەوەیەك و پوختەی پێنج خشتەکییەکەی خودی خۆی بۆ مامۆستا ئەخۆل ناردووە، ئێمەش وەك ئەمانەتێکی ئەدەبی و مافی کاك محەمەدی شاعیر نامەکەمان وەك خۆی خستە بەر چاو کە ئەمەی خوارەوەیە :

(( **پەری ئەخۆل** ))

**بەڕێزم مامۆستا ئەخۆل**

پاش سڵاو

ئومێدەوارم لە گوڕی ژیانی کامەرانی و هەڕەتی تەمەنی جوانکاری و داهێناندا بیت، بەردەوام سەری خزمەتت نابێ بە لای شیعر و ئەدەبی کوردییەوە کە بێگومان دەرچوونی بەرهەمی شیعریت بە چاپکردن لە دوو بەرگی دیوانەکانتدا (**پەیمان وشیوەن و دیوانی ئەخۆل**).. شایانی ئەو ستایش و نیشانانەیە کە ئێمە و نەوەی دوای ئێمەش دەستی ڕێزت بەلاوە بنێن و وەك هێمایەکی بەرز ترۆپکی باس و لێکۆڵینەوە بێت بەسەر لاپەرەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا.

## مامۆستا گیان /

وەك لە پێشەکی نووسینەکەم دا ئاڕاستەم کردویت دەرچونی ئەم بەرهەمەی دوایت (**دیوانی ئەخۆڵ**) بۆ جارێکی تر چاوی خوێنەران و ئەدیب و ئەدیب دۆستانی ڕۆشن کردەوە و شەنێکی ترت دا لە خەرمانی ئەدەبی کوردی .. بەلاّم من پاش تاو توێ کردنی و تێر و تەسەلی دەرونم بە گولزاری قەشەنگی شیعرت لای خۆمەوە جارێکی تر پیرۆزباییم لێ کردیت.. کەچی لە لاپەرەکانی دوایی دیوانەکەتدا ( بەشی پێنج خشتەکیەکان ) پێنج خشتەکی یەکی خۆمم تیا بەرچاو کەوت و لە پەراوێزی کۆتایی پێنج خشتەکییەکەمدا ڕوون کردنەوەیەکت نووسیوە .. جا من لێرەدا سەر گوزەشتەی بلاّوکردنەوەی پێنج خشتەکیەکەمت بۆ ئەگێڕمەوە و دەست بۆ چاپکردن و بلاّوکردنەوە لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان دا ڕادەکێشم.

سالّی (١٩٧٤) ئەم پێنج خشتەکیەم بە نیازی سەیرکردن و هەلّسەنگاندنی نارد بۆ هاورێ یەکم بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرجەمی سەیرکردن و هەلّسەنگاندنیا لە هەلّویستی ئەدەبی خۆیەوە چەند خالّێکم بۆ تیا ڕاچاو بکات، بەلاّم کار لە خالّ ڕاچاو کردندا نەمابوو .. بە جارێك پێنج خشتەکییەکەی لە شیرازە بردبوو، لەسەر ئەوەشەوە دەقی یەکەمی پێنج خشتەکییەکەمی دڕاندبوو منیش لەبەر ئەوەی کە لە تەمەنی ژیان و تەمەنی ئەدەبی دا لە خۆم لە پێشتر بوو ئەو کاتە بە پسپۆرێکی شارەزای شیعر و ئەدەبم دا ئەنا بۆیە ناچار ڕازی بووم بە و دەسکاری و گۆڕینە کە پێی ووتم لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکەم دا کردبووی کەچی پاش ماوەیەك واتە پاش ناردنی پێنج خشتەکییەکەم بۆ گۆڤاری ڕۆژی کوردستان لەلایەن خۆمەوە بە هاوڕێیەکی ترم دا کە بێ گومان دەقی پێنج خشتەکییەکە ئەو نمونەیە بوو کە بە دەست و خەتی ئەو نووسرابوو، پاش بلاّوبوونەوە لە گۆڤارەکەدا سەیر ئەکەم کاك "شارەزا" وەك کۆدیتایەك بەسەر نووسین و بلاّوکراوەکانی مندا هاتووە لەژێر کاری شیعری خەلّکی تردا دەستی تارمایی خۆی لە کۆرپەی شیعرەکەم وەشاندووە. جا لێرەدا ئەوەی مایەی پەشیمان بوونەوەم بوو لە ناردنی دەقەکەی دەستکاری کارەکەی هاوڕێکەم ئەو دلّنیابوون و ساکاری و بڕوایەم بوو لە منەوە بەرامبەر بەو. چونکە من وام ئەزانی بەس لەڕووی زمان و سادەیی دەربڕینەوە ووشە سازیی تیاکردووە کەچی ئەو نەخشەیەی من ڕەنگم بۆ ڕشت بەو جۆرە هەلّنەسوڕا بوو هەر بەجارێ لە ڕوی کێش و دەربڕینی دەرونی خۆمەوە تەواو شیعرەکەی کەم و کوڕ کردبوو ئەمە جگە لەوەی

به دەست وخەتی خۆی ئامادەی کردبوو بۆ ناردن و بڵاوکردنەوە بێ ئەوەی یەك دوو ڕۆژ لای خۆم بی و چاوێکی ئۆقرەدارانەی پیادا بخشێنم و بڕیاری بڵاوکردنەوەی لەسەر بدەم .. جا بۆیە من لێرەدا و وەك ئاگادارییەك ئەمەت ئەخەمە بەرچاو هەتا تۆ لەم کەین و بەینەی ئەو هاوڕێیەم و کارە ڕوداویەکەی ئاگادار بیت و وەك تێبینییەك لای خۆت تۆماری بکەی ئەگەر چی سەرلەنوێ هاتم شیعرەکەتم ڕازاندەوە و پێنج خشتەکییەکی ترم لەسەر دانا بەو هیوایەی بتوانم سەری نەوازش بنێم بە لای ئەدەب و شیعری کوردی یەوە هەروەها وەك دیاری و یادگار لە منەوە پێشکەش بە تۆ بکرێت .. ..

ئیتر سوپاس


**تێبینی/**

مامۆستا وە ئەگەر تۆش لای خۆت ڕونکردنەوەی ترت هەیە بەرامبەر بەم نووسین و پێنج خشتەکییە نوێیە حەز ئەکەم بە نامەیەك ئاگادارم بکەیت ..

سەرلە نوێ ئیتر سوپاس

**برات / محەمەد عەزیز مەلا ڕەحیم**

١٩٨٥ / ١١ / ١٠



# ڕۆژی کوردستان

مجلة شهرية ثقافية عامة تصدرها جمعية الثقافة الكردية باللغتين العربية والكردية

- الهيئة الادارية الائتلافية امام مسؤولياتها ..
الدكتور مكرم الطالباني
- القضية الكردية ١٨٩١ – ١٩١٧ . الحلقة الثامنة عبارة عن الفصل الثاني . القضية الكردية في تسعينات القرن التاسع عشر وأوائل القرن العشرين للمستشرق السوفييتي ميخائيل لازاريف . ترجمة جودت بلال اسماعيل .
- قلعة اربيل ودورها في الدفاع عن المدينة في التأريخ الاسلامي .. محسن محمد حسين .
- شۆرشی ئۆکتۆبەر و ڕۆشنبیری..جەمال خەزنەدار
- ( گۆران )ی دووبار نەمر .. مارف بەرزنجەیی .
- کاروباری هونەری وەرگێڕان ..
گوربنی عەبدولرەزاق بیمار

شمس كردستان

(٣٣)

# پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستی „ڕاسپێری„ ئەخۆڵ

محەمەد عەزیز مەلا ڕەحیم

دەبا لافاوی ئەشکت بێ بە گریە و شیوەن و نالە .
تەماشا بەژنی ڕێکم کە زەبوونە چەندە بێحالە .
لە بازاڕی ئەجەل ئیمڕۆکە هەرچەند بەرهەمم کالە .
« ئەوا جێت دێڵم ئەی دایە بەعەمری بیستو یەك سالە » .
« لە بێخو ڕیشە دەرهاتم وەکو لالەو گوڵی ژالە » .
ئەجەل تیری لە جەرگمدا مەرگ جوانیمی پێهەڵتووت .
وەرە گریانو شیوەنێکە لەسەر جەستەی نەمام هەڵچووت .
سەرنجێ بە کە جەستەی من لە کفنا ئەیخەنە تابووت .
« لەسەر تابووتەکەم تۆخوا بڕێژە ئەشکی وەك زەمرووت ؟ » .
« بگاتە لای خوا ئاهو هەناسە و گریەت و نالە » .
تکایە وا سکالای دڵ هەمیشە هەر لە گوێ بگری .
گوڵێ تینووت لە گۆڕایە فرمێسکی دیدە قەد نەبڕی .
وەکو وێنە لە چوارچێوەی جگەرتابم هەتا ئەمری .
« بە دەنگی بەرزو نالەی دڵ توێنێ بەم جۆرەبۆم بگری » .
« کوڕم ڕۆ ڕۆڵەکەم ڕۆیە شەهیدەو کفنەکەی ئالە » .
کە ئەم نالانە لە تاوزامم بەیانی تاکو ئێواری !
هەموو جەستەم داوەشا بڕو بۆم هیچ نەبوو دەوای چاری .
بەجێمهێشت یادگاری من لە دنیا تاقە دلداری .
« ئەگەر من خۆشەویستت بووم بە یادی من هەموو جاری » .
« بچۆ لای دوابەرم ماچکە لەجێی من ئەم دەمو خالە » .
ئەوەندە گریە و نالەمهات ووتم بەشکو بێتە فریام ..
ئەهاتە خوار لە دیدەمدا ئەشکی حەسرەت بە بێ ئەنجام .
بووە ئومێدم عەشقی ئەو لە پێناوی ئەوا فەوتام .

« ئەگەرچی جـــــەورو قەهری ئەو بووە قاتل بـــــە کوشتنیدام » •
« بەڵام زینهار دەخیلت بم دڵی مەشکێنە منداڵە » •
زەمانە زۆر بێوەفایە دەخیلە پێی نەکەنە بڕوا •
ژیانە هەر چەشنە ژینی بـێ کۆتایی دێتو هەر ئەڕوا •
جەوانیم نەونەمامێ بوو لـــە ناو دەشتی مەرگا ڕووا •
« ئـــەوا من خـــۆم بەحێم هێشتی بەڵام ئەی دایـــە گیان توخوا » •
« فیراقی من لە دڵ دەرکە خەفەت زۆر ناخۆش و تاڵە » •
ڕەفیقان گەرچی من لـــــە پێناوی عەشقی ئەوا ڕۆیم ••
وەها دەردم پەرتیشان بـوو کە بێچارەو دەوا ڕۆیم •
وەفاتان بێ وەرن یـــاران نەڵێم بێدڵ نەوا ڕۆیم •
« مەڵێن دێوانە بوو خـۆی کوشت لە ڕێ عەشقا کـــەوا ڕۆیم » •
« لەسەر مەیتم بکـــەن شینم شەهیدم کفنەکەم ئاڵە ».

کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی
جمعية الثقافة الكردية

## ئەو شـاعیرانـەی
## ( ئەخـۆڵ )
## یان بە شیعر بەسەرکردووەتەوە

- ڕازی ( صابر سەعید ) ١٩٦٧
- ئەحمەد حسێن ١٩٨٤
- فەرەیدوون سابیر ساڵح ١٩٨٩
- خورشیدە بابان ١٩٨٤

## نامە ...

### ڕازی (صابر سەعید) ١٩٦٧

ببمە قوربانی سەروەکەت شەماڵ        دڵم پڕ غەمە
تکام وایە لێت بە زوبانی لاڵ        دایم ناڵەمە
ببە حەکیمی زامانی سەختم        بە فریام وەرە
نامەی پڕ سۆزی دڵەی بەد بەختم        بۆ ئەخۆل بەرە
تۆ ئەهوەن ئەکەی سینەی سوتاوان        فێنکی بۆ دڵ
تۆ بۆ سەبوری جەرگ بڕاوان        دێنی بۆنی گوڵ
وەك ئەم هەستەی من پاك و بێ گەردبە        وا بە خاوێنی
وێنەی دڵەی من دیوانەی هەردبە        پەیاکە شوێنێ
کە بینێتەوە یانەی وەك بەهەشت        تکام وایە لێت
تۆ لەباتی من تێر تێر بکە گەشت        چۆن ڕەوایە پێت
لەپاش ئەو ئەچی بۆ خزمەتی ئەو        کە قیبلەی دڵمە
ئەوەی شێواوم بۆی بە ڕۆژ و شەو        بۆ تەنیا گوڵمە
تەوافکە جووتە دەستی پیرۆزی        بە عیزو و تەمکین
ئەهوەن کەرەوە دڵی پڕسۆزی        بە کڵپەی بە تین
لەپاشان بڵێ بە دڵنەوازی        پەیکی ڕێگامان
گەلێك موشتاقی دوریتە ( ڕازی )        دیدەنی یاران

## چریکەیەکی تیژ ... ئەحمەد حسێن

تیشــکی کەســێتی وشــیعری بــەپێزت
لــەتای تــەرازووی ڕێــزدا یەکســانن
دڵسـۆزی و هیـوان سەرچـاوەی هێزیـت
وا وشـــەکانت لای مـــانگ هاوشـــانن

***

کــە تــۆ هــەڵگری پــەژارەی گــوڵ بــی
خونچـــەش باوەشـــت بـــۆ دەکاتـــەوە
کــە تــۆ بڵێســەی هەســتی بــەکوڵ بــی
دڵ لــە پشــتگوێ یــت دوور دەخاتــەوە


***

پـــیری کـــە خڵتـــەی تەمـــەنی ژینـــە
لاپــــەڕەی لاوی بــــیر دەباتــــەوە
بــەڵام لــە ئاســتی تــۆدا کــەم تینــە
پلـــەی زاڵبونـــت خـــەم دەشـــواتەوە

***

تۆیـــەك لاپـــەڕەی پـــڕ لـــە شـــانازی
ئـــەدەبی کـــوردی هـــەڵت ســـەنگێنێ
پێـــت بســـەلمێنی نـــەواو ئـــاوازی
دەنگـــی هونـــەریت تیـــژ دەچـــریکێنێ

***



فەرەیدوون سابیر ساڵح

بەسەر چوو وادەی گەرمی بازاڕت
جیهان سەراپا نامۆیە لەلات
زەرد هەڵگەڕاوە شێوەی ڕوخسارت
لە گۆشەیەکدا کەوتووی کش ومات

* * *

بیناییت کزە و شلە هەنگاوت
وەك بی دەلەرزێ دەستی سەر گۆچان
بەحاڵ دێتە دەر دەنگی گیراوت
ژینت لابووە بە حەسرەت و ژان

* * *

چۆن دڵت تەنگ و پەست نەبێ ئاخر
زامی هەمیشە نەکولێتەوە
کە یاری زەوقت بۆ جارێکی تر
ئەستەمە هەرگیز بگەڕێتەوە

* * *

چی سەرنج ئەدەی یارانی هاودەم
یەك لە دوای یەکتر لە دیدە ون بوون
بویتە خانە خوێ بۆ میوانی خەم
ئاهو سکاڵات ئەگاتە گەردوون

* * *

١٩٨٤

دێنێتــــه یـــادت ســــەردەمی پێشـــوو
لــە لێــوی هەركــەس خەنــدە دەبــاری
بۆ هەرلا دەچووی شادی و سەیران بوو
تێكــەڵ بــە بەســتە و ڕازی دڵــداری

* * *

ئامـــادە دەبـــووی دەمـــە و ئێـــوارە
لەگــەڵ دەســتەیەك  ئــاوەڵی گیــانی
ڕووتــان ئــەكردە ئــەو قــەراغ شــارە
ڕاتـــان دەبـــوارد بـــە كامـــەرانی

* * *

بەنۆشــكردنی شــەرابی گــوڵ ڕەنــگ
یا بە هۆنراوە و نوكتە و قسەی خۆش
كــۆڕ درەنــگ دەبــوو هــەتاكو درەنــگ
كــوورەی دەروونــی دەهێنایــە جــۆش

* * *

نــەك وەكــو ئێســتا پــیر و كەفتــەكار
دڵســـۆزێ نییـــە ڕاگـــرێ نـــازت
وەی شوومەی شومی چەرخی ڕۆژگار
ژاكاندوویـــەتی خونچـــەی نیـــازت

* * *

١٩٨٩



**خورشيده بابان**

١٩٤٢ ـ ١٩٩٧

## نامەیەك لە خورشیدە بابانەوە بۆ ئەخۆل

# نامەیەکی کراوە پێشکەشە بە مامۆستا "ئەخۆل"

برای گەورە و زۆر بەڕێز و پیرۆزمان مامۆستامان شاعیری مەزن، مامۆستا ئەخۆل خۆشترین بۆن جوانترین سڵاو و ڕێزم بۆتانە زۆر بە پەرۆشەوە هەواڵتان ئەپرسم، ئای چەن ئاواتە خوازی باشیتانم.

مامۆستای ئازیز و بە نرخ پاش نیوەڕۆیەکی ئەم مانگە بوو، مانگی ( ئەیلول ) نەختێك لە ژوور نامەخانەی سلێمانییەوە بە شۆستەکەدا بەرەو ژوور ئەبوومەوە ماندوو بووم زۆر ماندووی ڕێگەی دوور بووم شوێن وشەی ڕوون و پیرۆزی کوردی کەوتبوم ئەو وشانەی لە ناخی مێشك و دڵەوە هەڵئەقوڵێن هەندێکیان وەك پەپولە هەندێکیان وەك مەل هەندێکیان وەك سەنگەر شورەی پۆلاین ئەڕژێننە خاکی پیرۆزی نیشتمانی ئازیزەوە ئەیرازێنێتەوە و بایەخی پێ ئەدەن و ئەیپارێزن، وشەی کوردی ڕوون و ناسك و سەخت و نەمر بۆ شیعر بۆ شمشاڵ بۆ نواندن بۆ گۆرانی بۆ خاك بۆ مرۆڤ بۆ دێراوەکان بۆ لوتکە سەرکەشەکان بۆ چەم بۆ سەر چەشمە و کانیاوە ڕوونەکان بۆ مێژووی ژیانی پڕلە دڵسۆزی و یەکێتی و سەربەستی و سەربەرزی، بێگومان مامۆستا بێگومان کاروانی مرۆڤایەتی هەر ئەگات و داد جێی ڕاستەقینەی خۆی ئەگرێت.

بەڵی مامۆستا هەروا لەگەڵ ماندوێتی و بەدەم ئەندێشەوە بەو شوێنەدا ئەڕۆیشتم و بەرەوژوور ئەبوومەوە لەناکاو چاوم هەڵبڕی، بەڕێزتان، وەك کێوێکی سەخت وەك پەیکەرێکی (لەزێڕ داڕێژراو) لەبەر دەمما وەستای، هەندێك سەیری ئەملاو ئەولام کرد ئاوڕم لە بەرەو خوار دایەوە سەرنجێکی بەرەو ژوورم دا لە چاو ئەو کێوە سەختەدا، لەبەر دەم ئەو پەیکەرە پیرۆزەدا، ڕێبوارەکان و هاتوچۆکەرانم وەك مێرووله هاتە بەرچاو.

بەڵام ئاخۆ مامۆستا؟ ئەو ڕۆژە سەختانە و ئەو شەوە ستەمانەی لە ڕۆژگاری ژیانی مندا هاتونەتە دی! ئەی ئاخۆ ڕۆژگارەکەی ( عەزیز نەسینیش ) بە خۆیەوە دیوە؟

لەو بڕویاشدام مامۆستای بەنرخ و ئازیز هەرگیز، هەرگیز، بەڕێزیشت خوی چێشتی، تاقە ڕۆژێکیشیانت نەکردووە بۆیە ئەڵێم بەرزی و نەبەزی و بە نرخی یەکەت لە جێی خۆیدا بوو، بەڵام ئێجگار ئا بەو شێوەیە ماتیت بۆ؟ بۆ؟ بۆ؟ .. دواجار مامۆستای بەنرخ لە کۆتایی نامەکەم دا ئەڵێم :

ویستم نامەکەم وەها ڕازابێ
پەیکەری خۆتی، تیا ڕاوەستابێ
بەڵام ئەی کێو من لە چاو تۆ
نەڕەنگم نە دەنگم نە بۆ
نە چڵێك ڕێحانە کێویلەم
نە ئەنوێنم وەك گوڵە هێرۆ
ئاخ ئاواتم ئەهاتە دی
ئەگەیشتمە لوتکەی بەرزی
ئەگەڕام بۆ گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ
شیلەم هەڵئەمژی وەکو هەنگ
جا زۆر بە کوڵ بە تاسە و سۆز
ئەم لاواند بەهرەی تۆی پیرۆز
وەك زەرەنگەر ڕێك زۆر بیر وورد
لە زێڕ چوارچیوەم بۆت ئەکرد
چۆن خۆت ئەتەوێ هەروەها
بۆ مل و بۆ گەردن دەست بدا

خوشکی دڵسۆزت لە هەڵەبجە

خورشیدە بابان

١٩٨٤ /٩/٢٥

# ئەو هۆنراوانەی" ئەخۆل" کە کراون بە گۆرانی

## ئەخۆل و بەهرەی دەنگ خۆشی

ئەخۆل زۆر دڵی بە گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەن دەکرایەوە. هەر لە سەرەتای هەشتاکاندا بوو جارێکیان لێم پرسی : مامۆستا ئەخۆل کە گوێت لە شیعری پەیمان و شیوەن دەبێ بە دەنگی مامۆستا عەلی مەردان هەست بە چی دەکەیت و خەیاڵ بەرەو کوێت دەباتەوە؟ بە شێنەیی جگەرەیەکی داگیرسان و نەفەسێکی قوڵی لێ دا و وتی: "برام ئاشکرایە عەلی مەردان بلیمەتێکی هەڵکەوتوی ئەم گەلەیە بە سۆز و نەوایەکی حەزینانە پەیمان وشیوەن دەڵێت، سوپاسی دەکەم و لەگەڵیشی دانیشتووم. بەڵام لە سەردەمی لاویدا کە خۆم لە کۆڕی تایبەتی دا ئەموت بێ خۆهەڵکێشان لە عەلی مەردان خۆشترم ووتووە. ئەو زەمانە مامۆستایان (م. نوری دەنگ خۆش و بێکەس و سەلام و میرزا مارف) کە بە ڕەحمەت چون لەوانەیش کە ماون "مەبەست لە سەرەتای هەشتاکانە" (مەدهۆش و عەلی عارف ئاغا و .. فلاَن و فلاَن ..) خۆزگە لێتان دەپرسین کە چۆن چریکەیەکم بەلاوە بووە".

"ئەمە جگە لەوەیش کە شەوان لەگەڵ کوڕ و کالأندا باوبوو بە کۆلأناندا پیاسەمان دەکرد ئەم شیعرە و بڕێك لە شیعرەکانی خۆم و شاعیران بە ئاوازێکی سەرنج ڕاکێشەوە دەوت، خوا بەو سەرەوەیە لەو ساتانەدا زووربەی کچان و ئافرەتان دەهاتنە سەر گوێسەبانە و بەردەرگا بەپیر دەنگەکەمەوە. بەڵام بەداخەوە عەقڵی ئەوجام وەك ئێستا نەبوو نەم خستنە سەر قەوان و تۆمارم نەکرد ئێستاکە پیر بووم و نەخۆشی و چاوکزی بەرۆکیان پێگرتووم ئەو یادانەش هەر لە دەمارەکانمدا هاتوچۆ دەکەن".

بڕێك لە شیعرەکانی لە لایەن هونەرمەندان و دەنگ خۆشانی گەلەکەمانەوە کراون بە گۆرانی لەوانە مامۆستایان (عەلی مەردان و ڕەفیق چالاك*، شەهید قادر کابان و ئەحمەد مەحمود* و نەجمەدینی غولاَمی و جەمال حەسەن و فازیل خالید* .... تاد )

**ئەحمەد حسێن**

---

* شایەنی باسە شیعر و گۆرانی ئەم هونەرمەندانەم بۆ ساغ نەبووەوە.

هەروەها مامۆستا "ئەحمەد حسێن" لە نووسینێکیدا بە ناوی (ئاوێتەبوونی بەهرەکان لە نێوان دەنگخۆشیی و شیعر و نووسیندا) لە ژمارە ١٩٠ ی گۆڤاری سلێمانی ساڵی ٢٠١٨، باس لە ئاوێتە بوونی بەهرەکان دەکات، وەکو بەهرەی دەنگخۆشیی چەند شاعیرێك : " وەفایی ، شێخ نووری شێخ ساڵح ، ئەخۆڵ ، دیلان ، خالید دلێر" یان بەرهەمی نووسین و زمانەوانی و شیعر هۆنینەوەی چەند هونەرمەندێکی گۆرانیبێژی وەك : "عەلی مەردان ، ڕەفیق چالاك ، باکوری ، شەماڵ سائیب ، عوسمان شاربازێڕی ، حەمە جەزا ، ناسری ڕەزازی ، میدیا حسێن" ، لەنێوانیاندا بەم شێوەیە باس لە دەنگخۆشیی "ئەخۆڵ"ی شاعیر دەکات:

ئەحمەد دەروێش ( ئەخۆڵ ١٩١١ – ١٩٨٨ سلێمانی )، ناوبراو خاوەن دیوانێکی خنجیلانەیە چەندان غەزەلی لە لایەن دەنگخۆشانەوە کراون بە گۆرانی، لە هەمان کاتدا جگە لە هونەری خۆشنووسیی و تابلۆ دەنگێکی هەرە نامۆی بەلاوەبووە، نەوەکانی و هاوڕێیانی خۆشی دیتەی ئەو هونەرەیین.

جارێکیان لە خزمەتیا لێم پرسی: مامۆستا عەلی مەردانی نەمر ڕۆحی هێناوەتە بەر غەزەلی (پەیمان و شیوەن) ەکەت، مرۆڤ بە تەواوی مەست و حەیران دەکات. کەچی لە وەڵامدا ووتی:

ڕۆڵە خۆم بە دەنگخۆش ناسراوم، لە کۆتایی چلەکاندا پەیمان و شیوەنەکەم زۆر لە مامۆستای هاوڕێم عەلی مەردان خۆشتر وتووە، جگە لە چەندان شیعری خۆم و شاعیرانی دی لە سەیران و دانیشتنەکاندا بە سۆزبەخش و وەستایی ئەحەی ناسر ئاسا تێچریکاندووە، شاهیدی زیندووم ماون وەك مامۆستا برایم ئەحمەد، ئەحمەد هەردی، عەلی عارف ئاغا، حەمە عەلی مەدهۆش و کامەرانی برام و ....تاد. هەروەها لە سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٢٣ لە کاتی حکومڕانی مەلیك مەحمووددا کە سەرکردەی شەهید سمکۆی شکاك بە خۆی و هیزێکییەوە هاتنە سلێمانی و پێشوازییان لێکرا، من مێردمنداڵ بووم لەو خۆش دەربڕینەدا لە ڕیزی شاگرداندا هێنرامە دەرەوە، سرودێکی کوردیم بە دەنگی زوڵاڵی خۆم وت، دەنگەکە ئەوەندە کاریگەربوو فرمێسکی خۆشی خستە چاوانی سمکۆی شکاکەوە، ئافەرینم لێکرا، هەر لەو کاتەدا چاکم لە بیرە عەلی عارف ئاغای شاعیریش کە هاوتەمەنم بوو بە خوێندنەوەی پارچە شیعرێکی نیشتمانی بەشداری کرد، سرودەکەی من و شیعرەکەی عەلی عارف ئاغا هی شاعیرانی تر بوون، لە کۆتاییدا وتی: من زۆر حەزم لە گۆرانی و مەقامی خۆماڵی و ڕەسەن هەیە تیایاندا دەتوێمەوە.

# هۆنـــراوه و ئـــاواز

شــێعرەکانی ئەخــۆل ڕەنگــدانەوەی هەســت و بیــر و بیچمــی جــوانییە، هەر ئەوەشــە شــێعرەکانی زۆر بە ســاکاری داڕشــتووە، لەگەڵ نەوا و مۆســیقای کــوردییدا خــۆی دۆزیوەتەوە و گەلێك لە هونەرمەندانی دەنگ زەنویری کوردستان شێعرەکانی ئەخۆل یان کردووە بە بەشی سەرەکی گۆرانییەکانی خۆیان و چڕیویانە. **سەپــان**

**ئــەخۆل:** **یەکێکــە لــەو شــاعیرانەی "بــەهرەی هونــەری و گــوێی مۆســیقی" کردوویــەتی بــە شــاعیر، هۆنراوەکــانی زۆر ناســکن وئەمــەش بووەتــە هانــدەرێك کــە مۆزیسیــان و گۆرانیبێژان چەندین هۆنراوەی بکەن بە گۆرانی، وەك :**

١. **پەیمان و شیوەن** ( عەلی مەردان ، عەدنان کەریم، بەرهەم حەسەن )
٢. **وڕێنـــە** ( برایمی خەیات ، کیژان ) و ( عەدنان کەریم )
٣. **وەسیەت / عومری شیرین** ( قادر کابـان ) و هونەرمەندانی تر
٤. **نامەیەك بۆ شێردڵ** ( جەمال حەسەن )
٥. **سکالاٚ لەگەڵ بولبول** ( نەجمەدینی غولاٚمی )
٦. **ئەزانی من کێم** ( دانا عەبدولجەبار )
٧. **ئەوا جێت دێڵم ئەی دایە** (حەمە جەزا )
٨. **تەسبیحی عیشق** ( کەمال محەمەد )
٩. **دوا چاوپێکەوتن** ( کەمال محەمەد )



ئەو هونەرمەندانەی شیعری ئەخۆلیان کردووە بە گۆرانی:

١. عەلی مەردان
٢. قادر کابان
٣. نەجمەدینی غولاّمی
٤. برایمی خەیات
٥. کیژان ئیبراهیم
٦. جەمال حەسەن
٧. دانا عەبدولجەبار
٨. عەدنان کەریم "دوو گۆرانی"
٩. بەرهەم حەسەن
١٠. حەمە جەزا
١١. کەمال محەمەد

ئەو هونەرمەندانەی ئاوازیان بۆشیعری ئەخۆل داناوە

١. خالید سەرکار
٢. نەجمەدینی غولاّمی
٣. زەمەند نوری
٤. دانا عەبدولجەبار
٥. عەدنان کەریم

دەوترێت ئەم هونەرمەندانەش شیعری ئەخۆلیان کردووە بە گۆرانی:

١. کالێ (هۆنراوەی شەماڵ)
٢. شکور خەیات
٣. ئەحمەد مەحمود
٤. ڕەفیق چالاك
٥. فازیل خالید

بەلاّم .. .. پاش پرسیارێکی زۆر بۆم ساغ نەبووەوە.

## ١. پەیمان و شیوەن

**هۆنراوەی: ئەخۆڵ**

**ئاواز : مەقامی ( بەیات .. هیجرانی )**

**ووتنی : عەلی مەردان (١٩٠٤ – ١٩٨١)**


**عەدنان کەریم**

**بەرهەم حەسەن**









## ١ . پەیمان و شیوەن

شەرتە تا ڕۆژی حەشر خولیایی من بێ چاوی یار
وێڵی سەحرابم هەمیشە تەرك ئەكەم خوێش و دیار

شەرتە خوێنم یا بە گریان ئەڕژێمە سەفحەی عەدەم
یا بە شمشێری ڕەقیبانا ئەبێ بتكێتە خوار

شەرتە وەك مەجنونی بێ كەس دەشت و كێو بێ مەسكەنم
تا بە داخی لەیلەوە دەمنێنە قەبری تەنگ و تار

شەرتە وەك فەرهاد قوڵنگی یادی شیرین هەڵگرم
تا لە پای كێوی فیراقا جێ دەهێڵم یادگار

شەرتە وەك ئازیز مردە سەر لە ئەژنۆ بەر نەدەم
بۆ دڵەی وێڵ و غەریبم دائیما بگریم بە زار

شەرتە وەك بولبول بە شیوەن قەت لق و چڵ بەرنەدەم
تا دەمی خونچەی ئەمەل نەكرێتەوە صوبحی بەهار

شەرتە وەك دێوانە كەشكوڵ و عەسایەك هەڵگرم
بیخەمە لاوە بە جارێ عیززەتی نەفس و ویقار

شەرتە ڕەنگین كەم لە داخی تۆ بە ئەشكی دیدەكەم
عەرد و بەرد و شاخ و داخ و لالە زار و جۆیبار

شەرتە یا حەسرەت لەگەڵ خۆما ئەنێمە قەبرەوە
یا ئەبێ بمژم لە خونچەی نەوشكۆفەی لێوی یار


---


* ئەم هۆنراوەیە لەلایەن مەقامبێژی گەورەی كورد ( عەلی مەردان )ەوە كراوە بە گۆرانی بە مەقامی ( بەیات ). بەڵام چەند دێڕێكی پەڕاندووە و دێڕێكی پاش و پێش خستووە، هەروەها لە لایەن گۆرانیبێژان ( عەدنان كەریم ) و ( بەرهەم حەسەن ) ووتراوەتەوە.

**ئاواز :   مەقامی ( بەیات .. هیجرانی )**

## ٢. وڕێنــــه

| | | | |
|---|---|---|---|
| وتنی : | برایمی خەیات | ئاواز : | مەقامی نەهاوەند |
| | کیژان ئیبراهیم | ئاواز : | مەقامی نەهاوەند |
| | عەدنان کەریم | ئاوازی : | |





**برایمی خەیات** ( ١٩٣١ - ٢٠٠٥ )　　　**کیژان ئیبراهیم**



**عەدنان کەریم**

## ٢. وڕێنـــه

دڵــم هـــەر ئـــەو دڵـــەی جارانـــە ئیســـتاکەش ئـــەناڵێنێ
هەناســـەی ســـاردی ناکـــامی لەســـینەمدا ئەتاســـێنێ

ئەگـەر جوانیـت سـەرنجم ڕا بکێشـێ مـەگرە لـێم چـونکە
جـەماڵت پەیکـەری ڤینۆسـی خـوای جـوانیش ئـەجوڵێنی

پەچـەت لادە ببیـنم ڕووت ئـەمن خـۆ سـەیری تـۆ ناکـەم
لە ڕووی تۆ تێ دەگەم یەزدان چلۆن نەخشی ئەنەخشێنێ

کـە تیشـکی ڕۆژ ئـەدا زاخـاوی پرچـی زەردی زێڕینـت
لـەلام قـەوس و قـەزەح هـیچ ڕەونـەق و شـەوقێکی نامێنـێ

بـەوەش دڵشـاد و خۆشـحاڵم کـە یـادی نائومێـدیی خـۆم
بـە خـوڕ ئەشـکی لـە چـاوانا قـەتیس مـاوم ئـەبزوێنێ

تەمـەن ڕوو بـۆ خـەزان ئـەڕوا کەچـی گـەردون ئـەوا تـازە
لـــە وێرانـــەی دڵا تـــۆوی گـــوڵی دڵـــداری ئـــەڕوێنێ

بە چەشنێ خۆشەویستی تۆ لـە سینە و کەللەما چەسپە
مەگـەر جـامی ئەجـەل ئـەو تـین و تـاوەی لێ هـەڵێنجێنی



* چەند دێڕێکی ئەم هۆنراوەیە لەلایەن گۆرانیبێژان ( برایمی خەیات و کیژانی کچی ) یەوە کراوە بە گۆرانی بە مەقامی نەهاوەند. هەروەها لە لایەن گۆرانیبێژ ( عەدنان کەریم )ەوە بە ئاوازێکی تر کراوە بە گۆرانی.

گۆرانی یەکە بە دەنگی:

## برایمی خەیات و کیژان ئیبراهیم

## بە مەقامی: نەهــاوەند

**گۆرانی یەکە بە دەنگی: عەدنان کەریم                ئاوازی :**


**نووسینی نۆتـەی موزیـك:**

## ٣. هۆنراوەی وەسیەت ( عومری شیرین )

**هۆنراوەی : ئەخۆڵ**

**مۆسیقا و ئاوازی : خالید سەرکار**


**ووتنی: قادر کابان**



**هونەرمەندی شەهید قادر کابان**

١٩٨١ - ١٩٣٧

## (( قـادر کابـان و گۆرانی عومری شیرین ))



دیارە زۆر لە گۆرانییەکان .. ڕووداو و مێژوویەکی هەیە ..ئەم گۆرانییەش لای من ئەم بەسەرهاتەی هەیە: ساڵی ١٩٦٩ .. تازە تیپی مۆسیقای سلێمانیمان دامەزراندبوو.. زۆرم حەز بە ئاوازدانان و ئامادەکردنی مۆسیقا و گۆرانی و دابەشکردنی مۆسیقا بوو.. لەو ساڵانەدا چەند بەرهەمێکم بۆ تیپی مۆسیقای سلێمانی ئەنجام دا.. و لە تەلەڤزیۆنی کەرکوك بە ڕەش و سپی تۆمارمان کرد.. دانانی ئاوازی ئەم گۆرانیەی " قـادر کابـان" "عومری شیرین" هەر لەو ساڵەدا بوو .. بەلاّم من بە شیعرێکی تر لە شیعرەکانی "گـۆران" ی شاعیر ئاوازم بۆ دانابوو.. زۆرم حەزدەکرد ئەم ئاوازە بدەم بە قادر کابـان.. چونکە زۆر دەنگیم لا پەسەند و بەسۆز بوو..بەلاّم ترسم هەبوو..دوودڵ بووم ئایا سەرکەوتووئەبم؟ ئایا قادر کابـان لای پەسەند ئەبێت ؟.. لەبەرئەوەی منیش سەرەتام بوو لە ئاوازدانان.. چووم بۆ دوکانەکەی کە کاری سەرتاشیی دەکرد.. نزیك مزگەوتی گەورە..خەریکی سەرتاشینی کەسێك بوو..دانیشتم تا تەواوبوو..پاشان پێم ووت کاك قادر ئاوازێکم بۆت داناوە جانازانم بەدڵت ئەبێت یان نا؟.. هاتە لامەوە دانیشت بە ڕوویەکی خۆش ووتی ئادەی با گوێم لێبێت.. منیش بە دەنگی خۆم ئاوازەکەم بە شیعرەکەی گۆرانەوە بۆ ووت.. کە تەواو بووم باش تەماشای ڕوویم کرد تا بزانم کاردانەوەی ئاوازەکە چۆن بوو لەلای.. زۆر دڵخۆش بووم ووتی ئاوازەکەتم زۆر لا جوان و پەسەندە.. بەلاّم!! دەستی کرد بە گیرفانیا پارچەیەك کاغەزی دەرهێنا کە هۆنراوەیەکی شاعیر ( **ئەخۆڵ** ) بوو و کەوتە خوێندنەوەی هەموو شیعرەکە..دوور و درێژ بوو..پڕغەم بوو..هەستێکی غەریبی تێدابوو..وام ئەزانی وەسیەت نامەی کەسێکە کە لە دواساتەکانی ژیانیدایە..و هیچ ئومێدی بەم دنیایە نەماوە..ڕووی تێکردم ووتی کاك خالید(بڕوابکە خۆم و ژیانی خۆم لەم هۆنراوەیەدا ئەبینمەوە).. زۆر حەزدەکەم بەم هۆنراوەیە ئەو ئاوازە بڵێم .. گەرپێت باشە .. منیش لەبەر ڕێزی هەستی قبوڵم کرد .. و بە چەندین پرۆڤەکردن گونجانمان لەگەڵ ئەو هۆنراوەیە کە سەرەتای بەوە دەست پێدەکات **(بەجارێ ماڵی وێرانم بەسەرچوو وادەیی ژینم بەناکامی لە دونیادا بەباچوو عومری شیرینم)** ئیتر زیاتر ئیشم تێدا کرد و پێشەکی مۆسیقـا و دابەشکردنم لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ کرد..وە لە میهرەجانی هونەری کوردی یەکەم لە شاری بەغدا لەسەر شانۆی بەناوبانگی (خولد) ساڵی ١٩٧٤ ڕاستەوخۆ پێشکەش بە جەماوەری هاتوو بۆ هۆڵەکە کرا..هۆڵەکە زۆر قەڵەبالغ بوو..لە ڕیزی پێشەوە هونەرمەند (عەلی مەردان) ئامادەبوو..قادر کابان زۆر بە ئیحساس و ئەدایەکی جوان ئاوازەکەی چڕی و تێکەڵ بەو هۆنراوە بەسۆزە پڕ ئیحساسە گوێگرانی سەرسام کردبوو .. تا تەواوی کرد بە چەپڵەڕێزان ئەو هۆڵە خرۆشا.. عەلی مەردان هاتە سەر شانۆ و پشتی پەردە پیرۆزبایی و دەستخۆشیی لە قادر کابان کرد ووتی "چیت کرد قادر..زۆر بە سۆزێکی سەیر ئەدات کرد ئافەرین" .. بەداخەوە ئەم گۆرانییەی قادر کابان تەنها ئەو تۆمارەی سەر شانۆی هەیە دەرفەت نەڕەخسا لە ناو ستۆدیۆ تۆماری بکەین.

**خالید سەرکـار**

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٨

## ٣. وەسیەت ( عومری شیرین ) *

بە جارێ ماڵی وێرانم بەسەر چوو وەعدەی ژینم
بە ناکامی لە دنیادا بەبا چوو عومری شیرینم

ڕەفیقان توخوا یەك یەك لە دەورم کۆمەڵێ بگرن
بە یادی کەن زەمانی زوو ژیانی ساڵی پێشینم

بە خاکی گۆڕەکەم سوێندتان ئەدەم ئەی هەم نشینانم
لەگەڵ تابوتەکەم صەف صەف بە مەحزونی بتانبینم

بە جارێ ماڵی وێرانم بەسەر چوو وەعدەی ژینم
بە ناکامی لە دنیادا بەبا چوو عومری شیرینم

وەصییەت بێ لە سەیوانا بچن تەسلیم بە خاکم کەن
بە تاوی زوڵفی لەیلابێ بدورن کفنی ڕەنگینم

لە ناو قەبرا دەمم پڕ کەن لە خاکی ڕێگەکەی یارم
نەوەك ئاسمان بسوتێنێ هەناسەی جەرگی خوێنینم

بە جارێ ماڵی وێرانم بەسەر چوو وەعدەی ژینم
بە ناکامی لە دنیادا بەبا چوو عومری شیرینم

* ئەم هۆنراوەیە بەم شێوەیە لەلایەن هونەرمەندی شەهید ( قادر کابان ) ەوە کراوە بە گۆرانی.

## نووسینی نۆتەی موزیك: مامۆستا عادل حەمە کەریم

ئاوازو مۆسیقا خالید سەرکار
وتنی قادر کابان

### بە جاریٚ ماڵی ویٚرانم



## ٤. هـاوڕێ / نامەیەك بۆ شێردڵ

**ووتنی : جەمال حەسەن**

**ئاوازی : زەمەند نوری**

**تیپی مۆسیقای مەولەوی**



**هونەرمەندی گۆرانی بێـژ**

**جەمال حەســەن**

## ٤. هـاوڕێ

## نامەیـەك بۆ شێـردڵ *

هــاوڕێی شــیرینی گیــانی بــە گیــانیم
ســـەرمایەی ژیـــن و هـــۆی کامـــەرانیم

تاســـەی دوریـــتم هێنـــدە لا ســـەختە
گەیانیـــە پـــیری تەمـــەنی جـــوانیم

ســـەرابی دووری تـــۆم هێنـــدە دیـــوە
لێڵایـــی پـــەردەی چـــاومی تـــەنیوە

بـــە بـــیر و هۆشـــا نـــەدەهات هـــەرگیز
بـــــەهاری ژیـــــنم بگاتـــــە پـــــایز

بـــێ تـــۆ لـــە باخـــا لـــە نـــاو گـــوڵزارا
لـــە نـــاو چـــیمەن و لـــە لالـــە زارا

پـــوش و پـــەڵاش هـــەر دڕك و داڵـــە
لـــە دڵـــی تـــەنگی منـــی هـــەژارا

* * * *

**تێبینی :**

---

* شێردڵ برای ئەخۆلە، ناوی «نوری ئەحمەد تەها» یە، کاتێك کە لە بەندیخانەبوو ئەمەی بۆ وتووە.

* ئەم هۆنراوەیە لەلایەن هونەرمەندی گۆرانیبێژ « جەمال حەسەن »ەوە کراوە بە گۆرانی.
بەڵام ووشەی "برای" گۆڕیوە بە "هاوڕێی" و چەند دێڕێکی لێ هەڵبژاردووە.

تیپی مۆسیقای مەولەوی

ئاوازو مۆسیقا زەمەند نوری

وتنی جەمال حەسەن

تۆمارکردنی دەنگ کەمالی حاجی سەعید

# هاوڕێ



## ٥. سکاڵا لەگەڵ بولبول دا بە دڵێکی پڕ لە سەوداوە *

**ووتنی : نەجمەدینی غوڵامی**

**ئاوازی : نەجمەدینی غوڵامی**



**هونەرمەندی گۆرانی بێـژ**

**نەجمی غوڵامی**

**تێبینی:**

* ئەم هۆنراوەیە یەکەم هۆنراوەی ئەخۆلە لە ژێر ناوی ( بێ نەوا ) لە ساڵی ١٩٣٣ لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە ٣٧٥ لە ڕۆژی ١٦ ی مارت دا بڵاوکراوەتەوە.
* چەند دێڕێکی ئەم هۆنراوەیە لەلایەن گۆرانیبێژ « نەجمی غوڵامی » یەوە کراوە بە گۆرانی.

## ٥. سکاڵا لەگەڵ بولبول دا بە دڵێکی پڕ لە سەوداوە

بـــەهارە بولبـــول ، بولبـــول بـــەهارە
ســــەرەتای ناڵـــەی ســــەودایی زارە
وەرە بنــاڵین بــە جــووت لــە شــەودا
ئێمـە شـەو بێـدار بـێ خـەم لـە خـەودا
وا بـــەری بـــەیان ســـفیدەی نوانـــد
تـــەم و تــاریکی لـــە گوڵشـــەن ڕوانـــد
دەشـت و کێـو هـەمووی بە گـوڵ خـەمڵیوە
بـــەرگی بـــوکێنی تـــازەی پۆشـــیوە
هـــەوری بـــەهاری لـــە گـــەرد و خـــول دا
چـیمەن گەردانـــەی شـــەونم لـــە مـــل دا
لاگـــیرەی زێـــڕە قـــەتارەی گـــوڵزار
هەیاســـەی پشـــتە زنجـــیرەی ڕوبـــار
بـــەڕەزا پرچـــی پەخشـــان کـــردووە
شـنەی بـای شـەماڵ شـانەی کـردووە
نێـرگس بـە پەنجـەی یـادی لێلاخـان
ڕووپۆشـی لادا سـەر مەسـت و خەنـدان
پەڕەنـــدەش لەســـەر لقـــی درەختـــان
هـــەر یـــەك ئـاوازێ ئـــەڵێن بـــۆ بـــەیان
پــۆڕ بــە گەناســـە و قـــومری بـــە ئـاواز
بـوون بـە دو یـاری هـاودەم و هـاوڕاز



# نووسینی نۆتەی موزیک: مامۆستا عادل حەمە کەریم

## بـــەهارە بولبـــول

ئـاوازی نەجمـەدینی غولآمـی

مۆسـیقای سـەرباز جـەمال




# ٦. ئەزانی من کێم

ووتنی : دانا عەبدولجەبار

ئاوازی : دانا عەبدولجەبار

مۆزیك : هێمن حسێن



هونەرمەندی گۆرانی بێـژ

دانـا عەبدولجەبـار

## ٦. ئەزانی من کێم #

کـە  چـاوم کـردەوە ڕوانـیم بـە دەوری خـۆم و دنیـادا
چـلۆن خـۆم دی لـە لافـاو و شـەپۆل و گـوژمی دەریـادا؟
چـە لافاوێـك سەراسـەر پـڕ لەناسـۆر و لـە ناکـامی
لە ئەشکەنجە و کلۆلی و نەگبەتی پڕ بوو لە سەرسامی
نـە باوکێـك بـوو دەسـتم بگـرێ بـە ڕێگـەی ڕاسـتیا بمبـا
لـە ژێـر سـایەی جگـەر سـۆزی و حەنانیـدا بـەخێوم کـا
نەکۆشـی گـەرمی دایکێـك وەکـو دایکـی هـەڤالانم
کـە تیایـا بسـرەوم سـاتێك پشـوویەك بێتـە بـەرگیانم
کەسـاس و بێنـەوا هـەردەم لـە مـاڵی خـۆم و خوێشـانم
بـەڵێ ئـەژیام وەکـو ئینسـان بـەلام پـڕ دڵ بـوو گریـانم
لـە ڕوخسـار و لـە سـیماما نیشـانەی نەگبـەتی و ماتـەم*
وەکو ڕۆژ ئاشکرا دیاربوو ئەگەرچی لێوبوو پڕ خەنـدەم*
بـەڵێ ئـەو نوتفەیـەی گیـانی منـی هێناوەتـە بەرهـەم
سەراسەر چین و بن چینە هەمووی دەردەو پەژارە و خـەم
وەهـا بـەم جـۆرە بـوو ژیـنم لـە ئاسـۆیەکی ماتەمـدا
نـەهاتی یـەك بـە دووی یەکدا لـە دنیایـەکی پـڕ خەمـدا
ئەوائێسـتاش کـە ئـەمبینی کـەوا زینـدووم و هـەرماوم
بـەلام مـردم لـە تـاڤی لاوییـاو هێشـتا نەنێـژراوم

---

# ئەم هۆنراوەیە لەلایەن گۆرانیبێژ «دانا عەبدولجەبار» ەوە  کراوە بە گۆرانی.

* بەلام ئەم دوو دێڕەی لابراوە.

# ئەزانی من کێم؟

ئاواز و ووتنی:   دانا عەبدولجەبار                                    موزیک:   هێمن حسێن





music2
solo violin
song2


49
52
55
58
61
64

## ٧. پێ سپیری

ووتنی : حەمە جەزا

ئاواز : مەقام



حەمە جەزا

١٩٤٩ ـ ٢٠١٠

## ٧. پێ سپێری

ئەوا جێت دێڵم ئەی دایە بە عومری بیست و یەك ساڵە
لــە بــێخ و ریشــە دەرهــاتم وەكــو لالــە و گــوڵی ژاڵــە

لەســەر تابوتەكــەم توخــوا بڕێــژە ئەشــكی وەك زمــڕووت
بگاتـــە لای خـــوا ئـــاهو هەناســـە و گریـــەت و ناڵـــە

بە دەنگی بەرز و ناڵەی دڵ تـوێن : بـەم جۆرە بۆم بگـری :
كــوڕم رۆ ، رۆڵەكــەم رۆیــە ، شــەهیدە و كفنەكــەی ئاڵــە

ئەوا من خۆم بە جێم هێشتی بەڵام ئەی دایە گیان توخوا
فیراقـی مـن لـە دڵ دەركـە ، خەفـەت زۆر نـاخۆش و تاڵـە

ئەگەر من خۆشەویستت بووم ، بە یادی مـن هـەموو جارێ
بچـۆ لای دولبـەرم مـاچ كـە لـە جێـی مـن ئـەو دەم و خاڵـە

ئەگەرچی جەور و قەهری ئەو بووە قاتل بـە كوشتی دام
بـــەڵام زینهـــار دەخیلـــت بم دڵـــی مەشـــكێنە منداڵـــە

مەڵێن دێوانە بوو خۆی كوشت لە رێی عەشقا كەوا رۆییم
لەســـەر مـــەیتم بكـــەن شـــینم شـــەهیدم كفنەكـــەم ئاڵـــە

---

*چەند دێڕێكی ئەم هۆنراوەیە لەلایەن گۆرانیبێژ (حەمە جەزا)ەوە كراوە بە گۆرانی بە شێوەی مەقام

## ٨. تەسبیحی عەشق

**فیــــــدای یارێـــــك بم قــــــەدر زانم بێـــــت**
**هــاو خـــەم و هــاودەم هــاو گریــانم بێــت**
**یــــــار ئـــــەو یارەیـــــە بزانێـــــت دەردم**
**لــە ئــێش و نــێش و ، لــە ئــاهی ســەردم**
**نـەك مـن بـە وێنـەی مـەجنون لـە دووی لـەیل**
**ئــەو بــە یــەكێ تــر بــدا خولــق و مــەیل**
**یــا مــن بــە وێنــەی فــەرهادی هــەژار**
**ئــەو لەلایــە تــر بگــرێ دۆســت و یــار**
**یـا مـن وەك بولبـول پـەرۆش بـۆ ڕووی گـوڵ**
**ئــەو هــەر خونچــەبێ نەپشــكوێ بــۆ دڵ**
**مـن دڵتـەنگ و مـات سـەر سـام و حـەیران**
**ئــەو : بێبــاك و خــەم دڵشــاد و خەنــدان**
**دێوانــە ئاســا مــن تــەی كــەم كێــوان**
**ئــەویش بــە وێنــەی ســەوڵی خــەرامان**
**مــن ســەر هــەتا پــا بــەرگی ڕەش و شــین**
**ئـەو سـورمە پـۆش و دەسـت و پـێ ڕەنگـین**
**مــن وەكــو یوســف گــیرۆدەی زینــدان**
**ئـەو وەك ئـاهوی سـووك تـەی كـا نـزاران**
**مـن بـێ خـەو و خـۆر لاواز و ڕەنـگ زەرد**
**ئـەو بـێ خـەم وگـەرد وەك مینـای بـێ گـەرد**
**تا دوایی**.......................................

---

* تەنها یەكەم بەیتی ئەم هۆنراوەیە "فیدای یارێك بم قەدر زانم بێت ...." بەكارهاتووە لە گۆرانییەكی كەمال محەمەدا.

## ٩. دوا چاو پێکەوتن

بـــە دڵ ئـــەو لاوەی جـــارانم دیـــوتم
ئێســـتاش دڵخـــوازی ڕەنگـــی پـــەڕیوتم

ئەو عەشقەی وەك باز نیشتۆتە سەر تۆ
ئێستاش باڵشکاو کەوت لە پەل و پۆ

ئەو چاوەی پڕ بوو لە نیگای جوانی
ئەوچـــاوەی پڕبـــوو لـــە کامـــەرانی

ئـــەبینم کـــەوا ڕۆژگـــاریی ڕەش
کزی کردووە جیلوەیی جوان و گەش

ئەشـــبینم کـــەوا ئـــەو ســـەرکوڵمانەت
ئـــەو بـــەژن و بـــاڵای وەك خەرامانـــەت

ئـــەو زەردەی تێـــزاو ، ئـــەمیان چـــەماوە
بـــەڵام لـــەلای مـــن هـــیچ نـــەگۆڕاوە

* * * *

* یەکەم بەیت و دووەم بەیت و شەشەم بەیتی ئەم هۆنراوەیە بەکارهاتووە لە گۆرانییەکی کەمال محەمەددا.


ئەخۆڵ و ئاواز
(پەیمان و شیوەن)
عەلی مەردان
بەرهەم حەسەن
عەدنان کەریم
(وڕێنـە)
برایمی خەیات
کیژان ئیبراهیم
عەدنان کەریم
(وەسیەت)
قادر کابـان
(هاوڕێ)
جەمال حەسەن
(سکاڵا لەگەڵ بولبول)
نەجمەدینی غوڵامی
(ئەزانی من کێم)
دانا عەبدولجەبار
پرۆژەی قەفتـان

# وێنە و یادگارییەکانی ئەخۆڵ

## نمونەی دەستخەتی ئەخۆڵ

این چرخ چو طاسی است نگون افتاده
در وی همه زیرکان زبون افتاده..

در دوستی شیشه و ساغر نگرید
لب برلب و درمیانه خون افتاده

ئەم چەرخە وەکو کاسەیەکی قاپیە سەرە و خوار
کەوتون لە بنی دا بیەزەبونی هەمو هوشیار

تی فکرە لە خوش دوستی مینا و پیالەش
خوێنیان کە لەسەر لیوی یەکن و خوێنێ لەسەر (زار)

چون مرده شوم بباده شوئید مرا
تلقین ز شراب و جام گوئید مرا

خواهید بروز حشر یابید مرا
از خاک در میکده بوئید مرا

خیام

چەژنی چیم پیرۆز کام چەژنو شادی
بە دڵی پڕ ستو بە نامرادی ؟..

ئەو چەژنەم چەژنە لەژێر آلای کورد
پێکەوە بکەین گەردن ئازادی

ئەحۆل[٧٠]



ئەخۆل ١٩٣٠



ئەخۆل ١٩٣٠



ئەخۆل ١٩٤٠



ئەخۆل ١٩٦٠



ئەخۆل ١٩٧٠



ئەخۆل ١٩٨٧



**محەمەد مەردان و ئەخۆڵ** ١٩٨٦/١١/١



## ئەحۆڵ و چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکەی فەلاح و جەمال غەمبار

له ١٩٨٣/١٠/١٣ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەحۆلـی شاعیر ساز کراوە لەلایەن خوالیخۆشبوو **"کاکەی فەللاح"** و بەڕێز **"جەمال غەمبار"** بە ئامادەبوونی هونەرمەندی شێوەکار بەڕێز "خالید ڕەسول" و چەند کەسێکی تر، پاش هەوڵ و پرسیارێکی زۆر کاسێتی ڤیدیۆیی چاوپێکەوتنەکەم لە ئەرشیفی **(کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد)** دۆزییەوە، لای بەڕێز **"محەمەد مەردان"** سەرۆکی کۆمەڵەکە بەهۆی هونەرمەندی بەڕێز **خالید ڕەسوڵە** وە لەڕێی فەیسبووکەوە، بە سوپاسەوە کاسێتـە ڤیدیۆییەکەیان خستە بەردەستم، چاوپێکەوتنەکە لەلایەن "بـەشارەت جەمال" ەوە تۆمـارکراوە کە ئەمە کورتـەیـەکی چـاوپێکەوتنەکەیـە :

سەرەتـای چـاوپێکەوتنەکە بـە مەقامی **"شەرتـە تـا ڕۆژی حەشر"** بەدەنگی مەقامبێژی گەورەی کورد **"عـەلی مـەردان"** دەستپێدەکات، کە یەکێکە لە هۆنراوە جوانەکانی ئەحۆل بە ناوی **"پەیمان و شیوەن"**، پاشان ئەحۆلی شاعیر کورتەیەك لە ژیانی خۆی باسدەکات، هەریەك لە بەڕێزان جەمال غەمبار و خوالێخۆشبوو کاکەی فەلاح گەلێك پرسیاریان لێکرد لەبارەی چۆنیەتی هاتنەناو مەیدانی شیعر و ئەدەب و سەرەتای دەستپێکردنی شیعر و باسکردن لە ئەزموونی شیعریی و پەیوەندی و یادگاریی شاعیر لەگەڵ شاعیرانی تری سەردەمی خۆی، پاشان خوێندنەوەی شیعری **"پەیمـان و شیوەن"** بەدەنگی جەمال غەمبار و شیعری **"ئەزانی من کێم"** بە دەنگی کاکەی فەلاح و شیعرێکی نوێی ئەو سەردەمە بە دەنگی ئەحۆل.

شاعیر ووتی دەستپێکردنی هۆنراوەم لە سەرەتای ساڵانی سییەکان بووە و یەکەم هۆنراوەی بڵاوکراوەم لە ساڵی ١٩٣٣ بووە لە ڕۆژنامەی ژین، شاعیر دەڵێت شیعر ووتن ئیلهام و بەهرەیە و لای من هەر شیعرێکم چیرۆك و هەقایەتێکی خۆی هەیە و بابەتی دڵداری زیاتر کاری تێکردووم بۆ نموونە لە وەڵامی پرسیارێکدا ووتی هۆنراوەی **"پەیمـان و شیوەن"** چیرۆکێکی دڵداریی ڕاستەقینەی خۆمە. شاعیر ووتی: لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ژین و ژیان و گەلاوێژ و ڕۆژی نوێ و هاوکـاری شیعرم بڵاوکردووەتەوە.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکەی فەلاح و جەمال غەمبار ١٩٨٣





## چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکەی فەلاح و جەمال غەمبار ١٩٨٣







هونەرمەند خالید ڕەسول و ئەخۆڵ ١٩٨٣



ئەخۆڵ ساڵی ١٩٨٣



ئەخۆل  لە شەقامی کاوە / سلێمانی



د. ثابت حسن ثابت        ساڵح سەردار        فوزی ڕەشید نامق        ئەخۆل
هەولێر هاوینە هەواری سەلاحەدین    ساڵی ١٩٥٩



ئەخۆل لە چلەی شاعیر "کامەران موکری" برایدا ١٩٨٧/١/١٦

بە کامێرای مامۆستا عەبدول ڕەقیب یوسف



١ ـ محل وتاريخ ولادة حامل الشهادة

٢ ـ الجنسية السابقة

٣ ـ الديانة

٤ ـ العلامات الفارقة

٥ ـ اسم الاب الكامل

٦ ـ محل ولادته

٧ ـ اسم الام الكامل

٨ ـ محل ولادتها

٩ ـ تبعة الاب الاصلية وجنسيته الحالية

١٠ ـ تبعة الام الاصلية وجنسيتها الحالية

الملاحظات ( تكتب بالحبر الاحمر )

توقيع حامل الشهادة ــــ بصمة ابهام اليد اليسرى

رقم المحفظة /

رقم الشهادة /

التاريخ

شهادة الجنسية العراقية

بناء على تحقق اكتساب

المثبتة صورته الشمسية اعلاه الجنسية العراقية وفق

المادة ( ) من قانون الجنسية العراقية فقد

منحت هذه الشهادة

**ڕەگەزنامەی ئەخۆڵ**




**مەزاری ئەخۆڵ  لە "گردی سەیوان" /  سلێمانی**



**"کامەران ئەخۆڵ"  لەسەر مەزاری باوکی   هاوینی ٢٠١٧**

# دیوانە چاپکراوەکانی ئەخۆڵ

دیوانی ئەخۆڵ چوار جار لەچاپدراوە، یەکەم و دووەم خۆی لەژیاندا بووە، سێیەم خوالێخۆشبوو خاتوو پەری کچی ئەخۆڵ و بەڕێز ئەحمەد حسێن بەچاپیان گەیاندووە، چوارەمیش لە لایەن سەنتەری کلتوری کورد لە نۆرینبێگ لە چاپدراوە لە ئامادە و سەرپەرشتیکردنی مەریوان قەفتان.

١. **پەیمان و شیوەن** ئەحمەد دەروێش (ئەخۆل) چاپخانەی ڕاپەرین سلێمانی ساڵی ١٩٧٠ ، ٧٦ لاپەڕە.

٢. **دیوانی ئەخۆڵ** هۆنراوەی ئەحمەد دەروێش عەبدوڵا چاپی بەغداد ساڵی ١٩٨٤ ، ١٢٨ لاپەڕە.

٣. **دیوانی ئەخۆڵ** سەرجەمی شیعرەکانی چاپخانەی ژیر سلێمانی ساڵی ٢٠٠٠ ، ٢٢٠ لاپەڕە.

٤. **دیوانی ئەخۆڵ** سەرجەمی شیعرەکانی چاپخانەی ڕێ نوێ سلێمانی ساڵی ٢٠١٧ ، ١٩٠ لاپەڕە




**ئەخۆڵ** ١٩٣١/٥/٢٧


## دیوانە چاپکراوەکانی ئەخۆڵ









## دەست و چاوتـان خۆش



ئەوا بەیارمەتی یەزدانی مەزن و دڵسۆزان و خەمخۆرانی ئەخۆل ئەم بەشەیش وەك پاشکۆیەك بۆ چاپی چوارەمی "دیوانی ئەخۆل" ئامادە کرا، کە بیرۆکە و پێشنیاری بەڕێز "مەریوان قەفتان" بوو، ناوەرۆکەکەی بە لێکۆڵینەوە و ناوهێنان و وێنە و دیکۆمێنتەوە لەلایەن ئەهلی قەڵەمەوە، لەبارەی باوکمەوە، کە موڵکی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، خراونەتە دووتوێی ئەم بەشەوە. بەو هیوایەی کەلێنێکی بچووکی لە بارەی ئەخۆلی شاعیرەوە پڕکردبێتەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم دەستخۆشی لەو نووسەرە بەرێزانەش بکەین، کەم و زۆر ئەو شاعیرەیان بەسەر کردووەتەوە.

## سوپـاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەی ئەخۆلی شاعیـرەوە .... زۆر سوپاسی:

**پڕۆژەی قەفتـان** دەکەین کە ئەرکی لەچاپدانی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆ.

هەروەها بە پێویستی دەزانین سوپاس و ڕێز و پێزانین ئاڕاستەی بەڕێز **مەریوان قەفتان** بکەین بۆ پێشنیارکردنی جیاکردنەوەی ئەم نامیلکەیە لە چاپی چوارەمی "دیوانی ئەخۆل" و کۆکردنەوە و ئامادەکردن و سەرپەرشتیکردنی لەچاپدانی.

وە سوپاس و ڕێز و پێزانین ئاڕاستەی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین بۆ هاوکاریکردنیان لە کارەکانی بە چاپگەیاندنی ئەم کتێبە.

**کامەران ئەخـۆل**

لەبری بنەماڵەی ئەخۆل

# خۆزگەیەك

## خۆزگە لایەنی پەیوەندیدار بیریان لە:

- دروستکردنی پەیکەرێك بۆ **"ئەخۆڵ"** دەکردەوە و دەیان کرد بە میوانی پەیکەرەکەی بێکەسی هاوڕێی لە « مەیدانی بەردەرکی سەرای سلێمانی » ، ئەو مەیدانەی کە شیعری بۆ ووتووە لە ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای ساڵی ۱۹۳۰ دا.
- کردنەوەی باخچەیەك، شەقامێك یان قوتابخانەیەك دەکردەوە بە ناوی ئەخۆڵەوە.

## سوپـاس و پیزانین بۆ ئەم بەڕێزانـە :

- ئەحمەد حسێن
- عادل حەمە کەریم
- خالید سەرکار
- دانا عەبدولجەبار
- سەپـان کوردی
- کامەران ئەخۆڵ
- سوارە قەفتـان
- هەموو ئەو نووسەرانەی "لێکۆڵینەوەیان لەبارەی ئەخۆڵەوە نووسیوە"
- کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد و بەڕێز محەمەد مەردان.

## یادت بە خێر و گیانت شادبێت "ئەخـۆڵ" ی نەمر

**مەریـوان قەفتـان**

۱۲ ی کانونی یەکەمی ۲۰۱۸

# سەرچاوەکان


١. **دیوانەکانی ئەخۆڵ**

چاپی ( یەکەم ١٩٧٠ و دووەم ١٩٨٤ و سێیەم ٢٠٠٠ )

٢. **گۆڤاری گەلاوێژ**

٣. **گۆڤاری پەیڤین** / ژمارە ٣ / ساڵی ١٩٩٨

٤. **مێژووی ئەدەبی کوردی** / بەرگی حەوتەم ١٩٤٥ – ١٩٧٥

د. مارف خەزنەدار / ٢٠٠٦ ساڵی

٥. **کەشکۆڵی گیو** / بەرگی یەکەم پیتی ( أ )

پێداچوونەوە و ئامادەکردنی د. کوردستان گیو موکریانی/ ساڵی ١٩٨٦

٦. **مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی** ١٩٠٠–١٩٧٠

مارف نـاسراو / ساڵی ٢٠٠٠

٧. **گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ** / ژمارە ١١٤ ساڵی ١٩٨٧

٨. **گۆڤاری ڕۆژی کوردستان** / ژمارە ٣٣–٣٤ ساڵی ١٩٧٥

٩. **لـە چـاوی شیعرەوە**

حەمە عەزیز / ساڵی ١٩٩٧

١٠. **ڕۆژنامەی کوردستـانی نوێ** / ژمارە ٥٥٣٧ لە ٢٠١١/٧/٢١

١١. **گۆڤاری سلێمـانی** / ژمارە ١٩٠ کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨

١٢. **ڕۆژنامەی ئاوێنـە** / ژمارە ٦٠٢ لە ٢٠١٧/١٢/ ٢١

١٣. **بەرنامەی قەڵەندەر خانە** / تەلەڤزیۆنی **K24** لە ٦/ ٤/ ٢٠١٨

پێشکەشکردنی حەمید بانەیی و خەندە

١٤. **چاوپێکەوتنی ئەخۆڵ** ( لە ئەرشیفی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد )

## ناوەرۆك


- پێشەکی ((مەریوان قەفتان)) ........ ٥
- ووتەیەك ((سەپـان کوردی)) ........ ٧
- ژیـاننـامە ((ئەخۆل)) ........ ٩
- ئەخـۆلـی بـاوك و هـاوڕێ ((پەری ئەخۆل)) ........ ١١
- وتەیەك لەبارەی ئەخۆلەوە ((د. عیزەدین مستەفا ڕەسول)) ........ ١٥
- چەند نووسینێکی مامۆستا ((ئەحمەد حسێن)) لەبارەی ئەخۆلەوە ........ ٢٥
- ئەخۆل لە ((مێژووی ئەدەبی کوردی)) د. مارف خەزنەدار ........ ٨٩
- ئەخۆل لە ((کەشکۆڵی گیو)) ........ ١١٦
- ئەخۆل لە ((گۆڤاری گەلاوێژ)) ........ ١١٩
- ئەخۆل لە مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی ((مارف ناسراو)) ........ ١٢٠
- ئەخۆل لە ((گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ)) ........ ١٢٢
- ئەخۆل لە ((ڕۆژنامەی ئاوێنە)) ........ ١٢٤
- ئەخۆل لە بەرنامەی ((قەلەندەرخانە)) ........ ١٢٨
- پێنـج خشتـەکی یەکـانی ئەخۆل لەسەر شیعری شاعیران:
  - لەسەر غەزەلێکی مستەفا بەگی کوردی ........ ١٣٠
  - لەسەرغەزەلێکی (کوردی) ........ ١٣٢
  - لەسەر غەزەلێکی مەحوی ........ ١٣٤
  - لەسەر غەزەلێکی مامۆستا زێوەر ........ ١٣٧
- پێنج خشتەکی چەند شاعیرێك لەسەر شیعری ئەخۆل :
  - پێنج خشتەکی ( ن – ئاری) لەسەر غەزەلێکی ئەخۆل ........ ١٤١
  - پێنج خشتەکی (أ–ب هەوری ) لەسەر شیعری ئەخۆل ........ ١٤٤
  - پێنج خشتەکی ( ڕازی) – "صابر سعید " لەسەر شیعری ئەخۆل ........ ١٤٧
  - پێنج خشتەکییەکی تری ( ڕازی ) – "صابر سعید" لەسەر شیعری ئەخۆل ........ ١٤٩
  - پێنج خشتەکی مامۆستا ( محمد عزیز ملا رحیم) لەسەر شیعری ئەخۆل ........ ١٥٢
- ئەو شـاعیرانـەی ( ئەخـۆل ) یان بە شیعر بەسەرکردووەتەوە :
  - ڕازی (صابر سەعید) ........ ١٦١
  - ئەحمەد حسێن ........ ١٦٢
  - فەرەیدوون سابیر سالح ........ ١٦٤
  - خورشیدە بابان ........ ١٦٧
- ئەو هۆنراوانەی (ئەخۆل) کە کراون بە گۆرانی:
  - پـەیمـان و شیـوەن — علی مەردان ، عەدنان کەریم ، بەرهەم حەسەن ........ ١٧٣
  - وڕێنــە — برایمی خەیات ، کیژان برایم خەیات ، عەدنان کەریم ........ ١٧٦
  - عومری شیرین — قادر کابان ........ ١٨٠
  - نامەیەك بۆ شێردڵ — جەمال حەسەن ........ ١٨٤
  - سکاڵا لەگەڵ بولبول دا — نەجمەدینی غولامی ........ ١٨٧
  - ئەزانی من کێم — دانا عەبدولجەبار ........ ١٩٠
- وێنە و یادگارییەکانی ئەخۆل ........ ١٩٧

تکایە :

**هەر نووسین و بابەتێك یان یادگارییەك لەسەر" ئەخۆل" هەبوو بینێرە بۆ ئەم ئی مەیڵە**

**بە سوپاسەوە بە ناوی خۆت بڵاو دەکرێتەوە**

**E- mail :    marywan.kaftan@gmail.com**

# بڵاوکراوەکانی پڕۆژەی قەفتان

١. **ڕۆشنبیر دەسەڵات ژینگە**

**نووسینی : ئازاد تۆفیق خەیات** ٢٠١٧

٢. **وەهمی دونیایەکی تر**

**نووسینی : ئارام قەفتان** ٢٠١٨

٣. **لەناو موزیکی کوردیدا**

**نووسینی : د.بەرزان یاسین** ٢٠١٨

٤. **فریودان و ساختەکاریی تۆڕەکانی ئینتەرنێت**

**نووسینی : جەمال عومەر محەمەد** ٢٠١٨

٥. **ئەخۆل لە نێوان ئەدەب و هونەردا**

**ئامادەکردنی : مەریوان قەفتان** ٢٠١٩

**پڕۆژەی قەفتان**

**بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**